# گۆڤاری گیرفان

وەرزە گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتیی سەربەخۆیە
کۆمەڵێک روناکبیر لە گەرمیاندا دەریدەکەن
ژمارە (١)، ساڵی دووەمی ٢٠٠٦

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر:
**مەلا تەحیسن گەرمیانی**
**ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٥٧٥٤٩٢)**

بەرێوبەری نوسین:
**ئومێد بەرزان برزۆ**
**ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٩٠٩٢٢٢)**

دەستەی نوسەران
**ئیبراهیم سدیق**
**سامان کەریم**
**شیلان مەجید رۆژبەیانی**
**کەریم ئەحمەد تایشەیی**

ماڵپەری ئینتەرنێت
**www.dengekan.com**

**E-mil**
**govarigirfan@yahoo.com**

**ناویشان / کەلار - کتێبخانەی بێدار**

**دیزاینی بەرگ: ئارام لوقمان**
**مۆنتاژ: هاوار محەمەد**
**تایپ: رێزان و نازدار**
**چاپ: چاپخانەی رەهەند-سلێمانی**

## پێرست

| | |
|---|---|
| پەیڤی گۆڤار | ٤ |
| گرفی مێژوو و شارستانیەتی جیهانی عەرەبیو.. | ٦ |
| سیاسەتسالاریو زمان بەرهەمی عەقلانییەتێکی.. | ١٥ |
| ئەگەرەکانی وێنەیەیەک.. جیهان لەبەردەم | ٥٢ |
| زانستی حەرام و سزای مزگەوت | ٥٨ |
| بەبۆنەی ٨ مارس.. کچان بەرچاو ناکەون | ٦٣ |
| کۆچکردن و کاریگەریەکانی لەسەر ئابووری | ٧١ |
| مێژووی بیروباوەڕەکانی کورد بەر لەهاتنی ئیسلام | ٨٥ |
| تورکمانەکانی کفری کێن؟ | ٩٤ |
| عێراق تارسناکترین وڵاتی دنیایە بۆ رۆژنامەنوسان | ١٠١ |
| هەژاری دایکی سەرجەم کێشەکانە | ١٠٨ |
| منداڵی بەهرەمەند | ١١٤ |
| ئایا کاتی ئەوە هاتووە واز لەئینتەرنێت بێنین؟ | ١١٩ |
| بۆچی خوا تۆڵە لەلاوازەکان دەکاتەوە | ١٢٢ |
| نوسینێکی تری شەهید محەمەد پەژار وەک.. | ١٣٠ |
| گفتوگۆیەک لەگەڵ د. عبدالله پەشێو | ١٣٧ |
| نامەیەک لەمەحمەدی مەلا عەبدالکەریمی مودەریسەوە | ١٤٧ |
| پرۆسەی بەهاوسەربوون لەرێپۆرتاژێکدا | ١٥٢ |
| مەلەفێک لەسەر سێکس | ١٦٦ |
| کاکەی فەلاح لەماستەرنامەیەکدا | ١٩٠ |

# پەیڤی گۆڤار

**پاش ئەوەی لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٥) دا ژمارە "سفر"ی گۆڤاری گیرفان هاتە ئەفراندن ، ئەوا ژمارە یەکی ساڵی دووەمی (٢٠٠٦) لەگەڵ شنەی بەهار و دەست لەملانی گوڵە نێرگزدا بەبۆن و بەرامی وشەی رەسەنی کوردیەوە کەوتە بەر دیدی خوێنەران ، ئەمەش بێگومان بەپشتگیری نوسەران و رۆژنامەنوسان بەئەنجام گەیەنرا.**

**لێرەدا دەکرێ ئێمەش چەپەکە گوڵی جوانی خۆمان و وشە وردیلەکانی پەیڤی ڕەنگین بکەینە دیاری نوسەران و رۆژنامەنوسەکان بەگشتی و ئەوانەی کە هاوکاریان کردوین بەتەلەفۆن و ئیمەیڵ هانیانداوین تا جەسورانە تر پەیمانی خۆمان بگەیەنین بەخوێنەران ، هەروەها جێگای خۆیەتی سوپاس و ستایشی خۆمان ئاراستەی ئەو کەناڵ و رادیۆ و رۆژنامەو سایتەکانی ئینتەرنێت بکەین ، کە گرنگیان دا بەگۆڤارەکەمان و ئەرکیان کێش لە نمایشکردنی "عەرز" واتە زیاتر گورڕوتینیان بەئێمە بەخشی تا هەوڵی زیاتر بدەین ، بۆ ئەوەی لە کات و ساتی خۆیدا گۆڤارەکە دەربچێنین.**

**خاڵێکی تر مەبەستمانە قسەی لەسەر بکەین و لەسەری راوەستین ، ئەویش هەوڵێکی جوانی رابوردوی رۆژە سەختەکانی سەردەمی شاخی بەرێز (دکتۆر مارف عمر گول)ە ، کە لەساڵانی هەشتاکاندا توانیویەتی**

**چوار ژمارەی گۆڤاری قەبارە بچوك دەربكات بەناوی (قەندیل) ، كە ئەمەش لەدیدی ئێمەوە بەهەند وەردەگیرێ و جێگای وەبیرهێنانەوەیە بۆ خوێنەرانی كورد ، بەڵام ئەوەی ئەم گۆڤارەی ئێمە جیا دەكاتەوە لەوەی بەڕێز (دكتۆر مارف) ، ئەوەیە كە گۆڤاری گیرفان بە قەبارە گیرفانییە و بەناویش هەر گیرفانیە ، جارێكی تر سوپاس بۆ هەموو لایەك كەهاوكار و هاندەرمان بوون و لەدوا پەیڤیشدا جەخت دەكەینەوە لە سووربوون و بەردەوامبوون لەگەیاندنی پەیامەكەمان لە دوو توێی لاپەڕەكانی گۆڤاری گیرفاندا و هیوای ساخ و سەلامەتی بۆ خوێنەران بەگشتی.**

**سەرنوسەر**



# گرفتی مێژوو و شارستانییەتی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و تەڵەزگەی پرۆژە ڕەخنەییەكانی



**عەدالەت عەبدوڵڵا**

بەشی دووەم و كۆتایی

## نائومێدی و دابەشبوون

لێرەدا پێش ئەوەی بچینە سەر ئەنجامگیریمان بۆ دۆخ و ئاكامی پرۆژە ڕەخنەییەكانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لە بەرامبەر خۆیدا، پێویستە بە شێوەیەكی ڕاگوزاریش بێت ئاماژە بۆ



كێشەیەكی هاوچەرخ و گەورەی ئەم جیهانە بكەین كە پاشخانێكی مێژوویی خۆی هەیە و درێژكراوەی ڕابردوویەتی لەگەڵ ئەو قەیران و هەرەشە و كێشانەی كە لە سەردەمی ئیبن روشد-ەوە یان هاوزەمان لەگەڵ سەرهەڵدانی مۆدێرنە و گەشەكردنی شارستانییەتی ئەوروپادا، بۆی دروست كردووە، كێشەیەك كە دەكرێ بڵێین بۆتە مایەی شێواندن و تێكدانی وێنەی ئەو لە ناو گەلانی دنیادا و ئەوەندەی تر هەیبەتی شارستانییانەی ئەوی پاشەكشە پێكردووە. مەبەستیشمان لێرەدا كێشەی نائومێدیی و ڕەشبینیی قووڵی ئەم جیهانەیە بەرامبەر بە ئاست و كارایی ئامادەبوونی خۆی لە ناو مێژوودا ، بە تایبەتیش دەرهاویشتە و ئەنجامەكانی ئەم كێشەیە و كاریگەرێتییەكانی لەسەر هەڵویست و ڕەفتار و پەرچەكردارەكانی ئەم جیهانە و هۆشیاریی كۆمەڵایەتیی بەشێكی زۆری دانیشتووانەكەی.

لەم ئاستەدا دەكرێ ئێمە كێشەكە هەر زوو دابەش بكەین بەسەر دوو قۆناغدا ، قۆناغێكیان بریتییە لە قۆناغی تێگەیشتن و ئاشنابوونی تیۆری بە كێشەكە و، قۆناغەكەی تریان قۆناغی هەڵوێست وەرگرتن لە كێشەكە و پەرچەكرداری پراكتیكی لە ئاستیدا . بێگومان كێشەكە لە قۆناغی یەكەمدا دوو ڕووی هەیە، ڕوویەكی ئەوەیە: مەرجەكانی كاراكردن و زیاتر ئامادەبوون ( حچور )و قوورسایی شارستانیی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لە مێژووی ئێستادا، وا لێك دەدرێتەوە كە بەبێ كرانەوە بەسەر



مۆدێرنەو دەسكەوت و بەرهەمەكانی: لە هەردوو ئاستە ڕەمزی و ماتەرییەكانیدا، بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێت دابین و مسۆگەر بكرێت ، گەوهەری ئەم ڕووەی كێشەكەش لەوەدایە مەسەلەی كرانەوە بە ڕووی ڕۆژئاوادا بۆخۆی لە مێژە بۆتە هۆی بەرپاكردنی جەنگێكی فكری و دیالیكتیكی گەورە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا كە دەتوانین بڵێین لە ئاكامدا و بە درێژایی بەرپابوونی ئەو جەنگە دوو بەرەی سەرەكی لێكەوتۆتەوە و نوێنەرایەتیان كردووە و دەیكەن، بەرەیەك كە بیرۆكەی كرانەوە بە پاشەكشە و دەستبەرداربوون لە ڕەسەنایەتی و شوناسی جیاواز و جیاوازیی كولتوور و تایبەتمەندێتیی شارستانی لەقەڵەم دەدات و لێرەوە پێی وایە بیرۆكەی كرانەوە شتێكی تر نییە جگە لە وونبوونی زیاتر یان بەپاشكۆبوون و وابەستەیی بە دنیای ( ڕۆژئاوای سەرمایەداری و كافر و ئیمپریالی )ەوە و توانەوەی كولتوور و شارستانییەتی عەرەبی و ئیسلامی لە ناویدا، لەگەڵ بەرەیەكی تردا كە پێی وایە كۆی ئەو ئایدیۆلۆژیا و ڕاڤەكردن و لۆژیكە، لەئاست مەسەلەی كرانەوە بەڕووی مۆدێرنەی ڕۆژئاوا و دەسكەوتەكانیدا ، لە بنەڕەتدا دژ بە روحی مۆدێرنە و ستراتیژی پرۆژەكانی نوێبوونەوە و گۆڕانكارییە و بگرە باعیسی چەقبەستن و دۆگمایی و دەمارگیرییە.

ڕووەكەی تری كێشەش لەوەدایە: گەڕانەوەی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بۆ ڕەسەنایەتی و پاراستنی خودكولتووری و خود

شارستانی و پێداگرتن لەسەر گوتاری تایبەتمەندێتی، وەك کۆمەڵە میکانیزم و ڕێوشوێن و سیاسەتێکی بەرگری لەبەرامبەر گرفتی توانەوە لە ناو ئەو شارستانییەتە باڵادەستەی ئەمڕۆی جیهاندا کە ڕۆژئاوا لە هەموو ئاستەکاندا سەرکردایەتیی دەکات، لە دید و تێگەیشتنی بەرەی بەرامبەردا شتێکی تری لێ ناکەوێتەوە جگە لە بەسەر خۆدا داخران و ڕێگەگرتن لە ڕێنسانس و دابڕانی کوشندە لە ڕەوتی مێژوو و ڕووداو و پەرەسەندنەکانی.

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین ئەم دوو گوتارە جیاوازە لە ناو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، لە سەردەمی ئیبن روشد-ەوە (سەدەی شەشەمی کۆچی / دوانزەی زاینی )ەوە تا ئەمڕۆ ، لە فۆرم و ئاست و بواری جیاجیای فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەشریعیدا تەعبیر لە خۆیان دەکەن و تا ڕادەیەکی زۆر دابەشبوونێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی قووڵیان لە ناو ئەو جیهانەدا دروست کردووە، ئەم دابەشبوونەش وەك دابەشبوونی دوالیزمییانەی نێوان حیکمەت و شەریعەت یان عەقڵ و نەقڵ یان مۆدێرن و سوونەتی یان دنیاخوازی و ئاینخوازی یان عەلمانییەت و دەسەڵاتی دینی، یان هاوچەرخبوون و ڕەسەنایەتی یان زانست و لاهوت یان ماتەریالیزم و ئایدیالیزم و وەك زۆر ناو و ناونیشانی تری گەورە رۆچووەتە جیهانی عەرەبی و ئیسلامییەوە و لە ناوەوەڕا هەڵیکرۆژییوە، ئەمە بەبێ ئەوەی لە دواجاردا بە



هیچ شێوەیەك ببێتە هۆی چارەسەرکردنی گرفتە شارستانییە ڕاستەقینەکانی ئەم جیهانە. نەك هەر نەشبۆتە هۆی چارەسەرکردنی، بگرە وەك ئەمڕۆ بەشێك لە سۆسیۆلۆژ و بیرمەندانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی پێی گەیشتوون، ئەو دابەشبوونە ئایدیۆلۆژی وسیاسییە و ئەو دوو گوتارییە پێك ناکۆك و دژ بەیەکەی ناو جیهانەکەیان، هەر خۆی لە پشت تیرۆرکردنی عەقڵ و فکری عەرەبی و ئیسلامییەوەیە.

قۆناغی دووەمی کێشەکە ، وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، قۆناغی وەرچەرخانی نائومێدی و ڕەشبینیی ئەم جیهانەیە، بەرامبەر بە قەدەر و توانا و هێزی خۆی لە مێژوودا، بۆ هەڵوێست وەرگرتنی پراکتیکییانە لە ئاست ڕۆژئاوا و نواندنی پەرچەکردار لە بەرامبەریدا . ئەم قۆناغەش دروست ئەو قۆناغەیە لە کێشەکە کە تیایدا بەشی زۆری هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی پشت گوتارە ئایدیۆلۆژی و فکری و سیاسییە ناکۆك و دژبەیەکانی ناو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، لە ئەنجامی نائومێدبوونیان لە سوود و کەڵکی هەر تێز و گوتار و نەخشە و هەڵوێست وەرگرتنێکی تیۆری و پراکتیکیان لەو هەڕەشەو قەیران و کێشانەی کە، لەگەڵ دەستپێکردنی مۆدێرنەی ڕۆژئاوا و پێشکەوتنی شارستانییەتەکەیدا، ڕووبەڕووی جیهانەکەیان بۆتەوە، پێکەوە دەکەونە هەڵوێستی دژایەتی کردنی جۆراوجۆری ڕۆژئاوا ، ترسناکترین دەرکەوتەکانی ئەم دژایەتیکردنەش ئەو



دەرکەوتەیە کە خۆی لە دیاردەی پەنابردن بۆ تیرۆر و کردەوەی تیرۆریستتیانە لە دژی رۆژئاوا و لە سەرروویانەوە ئەمریکا، دەبینێتەوە ، ئەمە جگە لە دەرکەوتەکانی تری دژایەتیکردنەکە کە لە زۆر ئاستدا خۆی مانفێست دەکات و دەنوێنێت ، هەر لەو لێشاوە لە کتێب و بڵاوکراوانەی کە لە چەند دەهەی ڕابردوودا و لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، بۆ وێناکردنێکی شەیتانییانەی رۆژئاوا و تەکفیرکردن و ناشیرینکردنی بەها و بیروباوەڕ و شارستانییەتەکەی، بڵاو کراونەتەوە، تا دەگاتە سەر ئەو کەناڵە میدیاییە جیاجیایانەی کە بە نیگا و نرخاندنی عەرەبگەرایانە و ئسولێیانە دەڕواننە هەموو دەسکەوت و پێشکەوتنێکی ڕۆژئاوا و، هۆشیاریی هاووڵاتییانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لە بەرامبەر دیوەکانی تری حەقیقەت نامۆ و نائاگا دەکەن. هەڵوێستێك کە لەگەڵ ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەردا ئیدی بە تەواوی دەگاتە ترۆپکی خۆی و هەر بە بۆنەی ئەو ڕووداوەشەوە ئەوەندەی تر کولتوور و شارستانییەتی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی ناشیرین دەبێت و وێنەی عەرەب و ئیسلامیش لای بەشێکی زۆری هاووڵاتییە رۆژئاواییەکان دەبێتە وێنەی ئەو جیهانەی کە ترس و تۆقاندن و تیرۆر و هەمەجییەت بڵاو دەکاتەوە .



## گرفتی پرۆژە ڕەخنەییەکان

لێرەدا ئێمە دوای ئەوەی لەم ووتارەدا گرفتی دواکەوتنی شارستانیی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیمان گرێدایەوە بەو جیاوازییە مێژووییەی کە لە نێوان ئەزموونی رۆژئاوا و ئەزموونی جیهانی ناوبراودا هەیە و ، دوای ئەوەی کە نهێنی ئەو جیاوازییەشمان بردەوە سەر خەسڵەتی دینامیکیانەی ئەزموونی رۆژئاوا لە نوێبوونەوە و گەشەکردن و گۆڕانکاری و داهێنان دەستپێشخەری ، جارێکی تر بۆمان دەردەکەوێت بۆچی پرۆژە ڕەخنەییەکانی رۆشنبیران و بیرمەندان و توێژەرە گەورەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی-یش لە ئاستی خۆیاندا دەکەونە ناو ئیشکالییەت و تەڵەزگەو قەیرانی گەورە و سەختەوە و، لە کۆمەڵە پرۆژەیەکی مەعریفی و فکری و ڕەخنەییەوە وەردەچەرخێن بۆ پرۆژەگەلێکی ئایدیۆلۆژی کە ناتوانن بە هیچ شێوەیەك واقعی قەیراناوی جیهانەکەیان و هۆکارەکانی ئەو قەیران و کێشانەی رووبەڕووی بۆتەوە دەست نیشان بکەن . بە مانایەکی تر ، بۆمان ساغ دەبێتەوە کە تێگەیشتن لە دینامییەتی شارستانییەتی رۆژئاوا و خەسڵەتی نوێبوونەوە و گۆڕانکاری، مەرجی سەرەکی تێگەیشتنە لە ستراکتۆری ئەو قەیران و تەڵەزگە و ئیشکالیاتانەش کە ڕووبەڕووی پرۆژە رەخنەیییە

فکری و مەعریفییەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی دەبنەوەو ناهێڵن ببنە پرۆژەگەلێکی ڕێنمایکەر و ڕۆشنگەر و نوێکەرەوە.

بە کورتی ، لەبەر ئەوەی پرۆسەی نوێبوونەوەی بەردەوامی ڕۆژئاوا، پرۆسەیەکە، پێش هەر شتێك، دەگاتە سەر ئاستی تیۆرە مەعریفییەکان و دۆزینەوە زانستییەکان و ئاراستە میتۆدییەکان و کەرەستە تەفسیرییەکان و ئامرازە چەمکییەکان ، لێرەوە کەمترین دەرفەت دەمێنێتەوە بۆ ئاشنابوونی ڕۆشنبیر و بیرمەند و توێژەرەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بەو گۆڕانکاری و نوێبوونەوانەی کە لە کایە مەعریفییەکاندا ڕوودەدەن یان ئەو کایە و بوارە زانستییە تازانەی کە دادەهێنرێن لە پێناوی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی زانستییانە تر و بە دیققەتری ئەو قەیران و کێشەو دیاردە و بابەتانەی لە جیهانی واقعدا ڕوودەدەن . بێگومان دواکەوتوویی کەرەستە مەعریفییەکانی لێکۆڵینەوەش بە تەنها بەسە بۆ ئەوەی پرۆژە ڕەخنەییە مەعریفی و فکرییەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی شتێکی تر بەهەم نەهێنن جگە لە خودی کێشەی تری تیۆری و مەعریفی و هەڵەی فکری و مەنهەجی کە لە دواجاردا دەبنە هەوێنی دروست کردنی کێشەی عەمەلی و هەڵوێست وەرگرتنی هەڵە و چەوتیش لە جیهان و ئەو کێشەو هەڕەشە و قەیرانانەی کە دەیانخاتەوە و مەحکوممان دەکات ڕەفتار و سەودایان لەگەڵدا بکەین ..



**پەراوێزەکان :**

١- برهان غليون – حوارات من عصر الحرب الأهلية

٢-هاشم سالح ، سایتی ڕۆژنامەی ( الشرق الأوسط ) ..

٣- هـ . س . پ ..



## سیاسەتسالاری و زمان بەرهەمی عەقڵانییەتێکی سیاسی یان ناعەقڵانییەت لە سیاسەتدا

# سەرنجێك لەسیاسەتسالاری و زمان لای بەختیار عەلی

نوسینی بەکر ئەحمەد

بەشی یەکەم

یەکێك لەو ئامانجە سەرەکییانەی دامەزراندنی ئەوروپای یەکگرتوی لە پشت خۆیەوە ڕاگرتوە:"هاتوچۆی ئازادانەی سەرمایە ، کاڵا ، خەدەماتەکان و ئینسانەکان"ە . سەرنجێ لە جۆری ڕیزکردنی یەکبەیەکی وشەکان بدەن. ئەوەی نوسەری ئەم وشانەیە بە تواناترین محامییەکانی ئەوروپان. تەفسیری عەمەلی ئەم دێڕە سادەیە لە واقیعدا ، پرۆسەی هەمان ئەو ئازادییەیە کە سەرمایە و کاڵا و خەدەماتەکان لە پێش هەمو شتێکی ترەوە بێت و دواتریش "ڕێککەوتننامەی شەنگ" بە هەمو ڕێگرییەکانەوە دەکاتە چوارچێوەی هاتوچۆی ئازادانەی ئینسانەکان. ئەوەی کە ئینسان خوڵقێنەری کاڵا و سەرمایە و خەدەماتەکانە و هیچ



یەکێك لەوانە بەبێ بونی ئینسان و پراکتیکی ڕۆژانەی ئەو لە کاردا ئیمکانی نابێت ، لە پرۆسەی بەهرەمەند بونی مافی " ئازادی هاتووچۆ"دا ، ئەو دەکاتە ئاخرین کەسی ئەم سەفەرە "ئازاد" انەیە. بەڵام پرسیار لە خودی وشەکان نین ، هێندەی پرسیار لەو سیستەمی بیرکردنەوەیە کە لە دیاریکردنی مافەکاندا کام لەو کاتیگۆریانەی بەلاوە لەوی تر پێ گرنگترە.

جەلال تاڵەبانی لەکۆبونەوەیەکدا لەگەڵ پسپۆڕ و شارەزایانی بواری ئابوری کۆدەبێتەوە ، بەمەبەستی تاوتوێکردنی پرسیاری بەرزبونەوەی دراوی عێراقی و ئەو وەزعیەتە تازەیەی بەهۆی ئەم کێشەیەوە ڕوبەڕوی خەڵکی کوردستان بۆتەوە. پەیامی تاڵەبانی بۆ خەڵکی کوردستان بریتییە لە:"ئەوانەی خەڵکیان چەواشەکردوە گوایە دیناری ناوبراو بە چاپی سویسری دەچێتەوە دۆخی جاران ، تەنیا نیازیان فریودانی خەڵك و لەناوبردنی پاشەکەوتەکانی خەڵکی کاسبکار و جوتیار و چینە مامناوەندیەکانە"(١)

سەرنج لەوشەکانی "خەڵکی کاسب" ، "جوتیار" و "چینە مامناوەندییەکان" دەدەم. بۆچی وشەی کرێکار کە ناکرێ لە ژێر چەتری "چینە مامناوەندییەکان"دا جێبێتەوە و یەکێك لە بێدەرامەتترین کەسەکانی کوردستانە لەم دەربڕینەدا شوێنی نابێتەوە؟ ئەوە لەوەی گەڕێ کە ئەم ئەزمە تازەیە ، نەك بەمانای لەناوبردنی "پاشەکەوتەکان"ی ئەم گروپە کۆتایی پێدێت ، بەڵکو

بۆ هەزاران کەس لە ئینسانەکانی کۆمەڵگا پەیداکردنی نانی ڕۆژ پرسیاری سەرەکییە.

"دیاری قەرەداغی" لە یەکێك لە گۆرانییەکانیدا کە بۆ شەڕی ناوخۆ وتراوە ، لە چیرۆکی :"دیسان شەڕی دەست و دەستەمەوە دەستپێدەکات". ئەو شەڕەی کە :"گۆرانیان تیا باڵبەستەدەکرد و هەتاویان تیا لە هەتاو دەکرد" و بانگەوازی مناڵانی کوردستان دەکات ، کە ببنە گمەی کۆترێك و سرودەکەی جاران :" خوایە وەتەن ئاوا کەیت!" بڵێنەوە.

بەڵام مەگەر بەرێزانی شەڕی ناوخۆ پەروەردەی هەر هەمان ئەو گۆرانییانە نین ، کە ڕۆژگارێك ساحەی قوتابخانەیان پێدەهەژان؟ تۆ بڵێی ئەوان لە "خوایە وەتەن ئاواکەیت"یان کەمبێت؟ جەنگ بە نیازی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی خۆ لەگەڵ هەر دژایەتییەکدا کە لە نێوان جەنگ و ئاوەدانکردنەوەدا هەیە ، مێژوویەکی درێژی هەیە.

سەدام حوسێن بە مەبەستی"ئاوەدانکرنەوە"ی زیاتری عێراق کوێت دەگرێت. ئاخر کوێت خستنە سەر عێراق بەمانای ئابورییەکی گەورەتر بۆ وڵاتێك کە شەڕی هەشت ساڵەی عێراق تەپاندبوی تەواو دەبێت. هیتلەریش بەمەبەستی ئاوادانکردنەوە و گەورەکردنی سنورەکانی وەتەن ئەوروپای گرت. قسە لەسەر موتیڤە سیاسییە جۆراوجۆرەکان نین ، قسە لەسەر ئەوەیە کە ئەگەر گرتنی عێراق بۆ کوێت بەو شەرە کۆتایی نەهاتایە ،



سەدام قارەمانی پلەیەکی وەتەنپەرست نەدەبو بۆ خێڵی وەتەنپەرستان؟ ئەگەر هیتلەر بەو چارەنوسە نەگەیشتایە بۆ فراوانکردنەوە و گەورەکردنی سنورەکانی وەتەن ، بۆ ئەو کەسانەی کە شەڕکردن بۆ بەدەستهێنانی خاك و ئاو و سەروەتی زیاتر وەك گەورەترین خزمەتکردن بە وەتەن سەرنجیدەدرێتێ ، هیتلەری نەدەکردە گەورەترین قارەمانی نەتەوەیی ئەڵمان. شکستی بەدیهێنانی ئەم خەونە ، لەوەتەنپەرستی قارەمانانی شەڕکەر کەمناکاتەوە ، بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی هاوبەشی ئەم خەونی وەتەنپەرستییەن. "ئەگەر ئیبراهیم خەلیل بەدەست ئێمەوە بوایە ، پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی وەتەن لە شوێنێکی تردا دەبو." بەڵام باسی سەرەکی خودی ئاوەدانکردنەوە و شەڕ نییە ، بەڵکو ئامادەیی بەرزکردنەوەی چەمکی " خوایە وەتەن ئاواکەیت"ە بۆ جەنگی وەتەنپارێزانێك کە سەرجەمی تەمەنی مناڵییان پڕ لەو سرودانەیە.

لە ونبونی ناوی کرێکارەوە لەزاری جەلال تاڵەبانییەوە بۆ مافی ئازادانەی کالا و سەرمایە و خەدەمات و ئینسانەکان ، تا دەگاتە وتنەوەی سرودی "خوایە وەتەن ئاواکەیت" ی دیاری قەرەداغی ، ئێمە خۆمان لەبەرانبەر چەندین وشە و چەمکی جۆراوجۆردا دەبینینەوە کە زمان و بەکارهێنانی ئەو بەخشینی مانایەکی دی بە وشەکان و چەمکەکان ، بە چەندین ئاراستەی جیاوازدا دەبات. گۆڕینی مانای ئەو دەربڕینانەی سەرەوە لە گۆڕینی دەلالەتە



قاموسییەکانی وشەکانەوە نییە ، بەڵکو لەو سیستەمی بیرکردنەوەوەیە کە وشەکان بارگاویدەکات و مانایەکی تری تەواو پێچەوانەیان پێدەبەخشێت.

لە زمانی چینۆکدا یەکێك لە زمانەکانی باکوری خۆرئاوای باکوری ئەمریکادا دەربڕینێکی لە چەشنی :" ئەو پیاوە هارە مناڵە فەقیرەکەی کوشت."دەبێتە :" هارێتی پیاوەکە فەقیری مناڵەی کوشت"(٢). لێرەدا وشەی فەقیر ئاماژە نییە بە دوخێکی ئابوری ، کە نەبونی ئیمکاناتە مادیی و مەعنەوییەکان دروستی دەکات. بەڵکو فەقیری بەمانای ئەو دەربڕینەی کە لە زمانی کوردیدا بۆ وەسفکردنی کەسێك کە سالارە و بێدەنگە و تەواو بارگاوییە بە هەمو مانا پۆزەتیڤەکان. "بە ڕاستی باوکی فلانە کەس پیاوێکی فەقیرە". ئەوەی کە وشەگەلێکی وەك " هار ، هارێتی ، فەقیر و فەقیری" مانا و دەلالەتی جیاواز لەم دو دەستەواژەیەدا دەداتەدەست ، لە جیاوازبونی ماناکانی هارو هارێتی ، فەقیر و فەقیریدا نییە لە پلەی یەکەمدا ، بەڵکو لە بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی ئەو وشانەدا هەیە لە ناو کەش و هەوای ئەو کولتورە جیاوازانەدا کە بەهای کۆمەڵایەتی جیاواز لەسەر هار ، هارێتی ، فەقیر و فەقیریدا دادەنێت. "کە درەختی ناو شیعر و چیرۆکەکان بەرناگرن ، ئەوە ئیحای وشکبونێکی سیاسییە ، کە کانی ئاوی پیانایەت ئیحای سەردەمێکی سیاسی بەدفەڕە ، کە بولبول ناخوێنێت بەپێچەوانەی سەردەمی کلاسیکییەوە ،



دەلالەت نییە بۆ زیزبونی مەحبوبە ، بەڵکو ئاماژەیە بۆ دۆخێکی سیاسی خەمگین و شکستخواردو ، کە درەخت دەقیژێنێت ، لەبەرئەوەیە ترسی سیاسییانەی هەیە. کە عیشق شکستەدخوات لەبەر جیاوازی سیاسی و ئابورییە ، کە باڵندەکان لە قەفەزدا خەمگینن ، ئەو خەمە هیچ نییە لە خەمی سیاسیانەی خەڵکێکی دیل کە لە باڵندەدا ڕەمزی خۆیان دۆزیوەتەوە."( ٣)

ئەوەی لەم ڕستانەدا دەدوێ"بەختیار عەلی"ە لە وتاری سیاسەتسالاری و زماندا لە پەیوەند بەو دەسەڵاتەی سیاسەت بەسەر زماندا سەپاندویەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا. بۆ بەختیار عەلی قسە لەسەر دەسەڵاتی سیاسەت بە پلەی یەکەم:"قسە نییە لە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ئەم چالاکییە بەسەر ژیانەوە ، بەڵکو قسەیە لەسەر دەسەڵاتە ناڕاستەوخۆکانی سیاسەت لە بوارێکی گرنگی ژیاندا کە زمانە." بە مانایەکی دی بە ختیار عەلی قسە لەسەر ئەو ساتە دەکات:"کە سیاسییەکان تیایدا دەبنە سیستەمێکی زمانەوانی ، واتا مانای سیاسی وشەکان دەبنە ئابلۆقەدەری ئەگەری هەمو مانایەکی دیکە. باس لەو ساتە دەکات کە تیایدا سیاسەت بە شێوەیەك لە شێوەکان ، ڕەمزییەتی زمان دەکوژێت و دەیگۆڕێتە کەرەستەیەکی وەزیفەکاری موتڵەق کە لە دەرەوەی دەلالەتی سیاسییە ، دەلالەتە خەوتوەکانی دی ڕێگایەك نادۆزنەوە بۆ لەدایکبون."

بۆ بەختیار عەلی بەر لە سیاسەت ، دین ئەم وەزیفەیەی

هەبوە کە لەڕێگەی وشەوە ، لە ڕێگەی "ئەو سیستەمە مەجازییەوە کە بەلاغەتی داڕشتوە ، بالآتر لە هەر نیازێکی خراپی شاعیر مانای وشەکان و مەبەستی وەسفەکانی گێڕاوەتەوە بۆ ئامێزی تەفسیری لاهوتیانە."

بەختیار دەنوسیٚ:"لە کولتوری کلاسیکدا وشە بە جۆرێك بە مانا دینییەکەی بەستراوە ، دەکریٚ لە پشت مانای ڕاستەوخۆی هەر وشەیەکەوە ، ڕەهەندە دینییەکەی بدۆزیتەوە."

بەلاّم لەمرِۆدا دین کۆنترۆل و دەسەلاّتی بەسەر زماندا لاوازبوە. چیتر وشەکان بە مەدلولاتی ئاینی بارناکرێن. هەر بۆیەش:"دین لە دوای خۆی دەسەلاّت دەداتە مەرجەعییەتێکی ڕەمزی دیکە کە سیاسەتە. لە دوای دین سیاسەت دەبێتە ئەو هێزەی زمان لەناوەوە ڕا پڕدەکات لە مەدلولاتی ڕەمزی و زمان ناچاردەکات تەنها یەك شێوە بنوسێت و لە یەك کایە ماناکانی خۆی وەربگرێت."هەر بۆیەش لە ولاّتی ئێمەدا سیاسەت دەبێتە:" ئەو حەوزەی وشەکانی تیا هەڵدەکێشین و لەو سەرەوە بەیەك بەرگ و ماناوە دەریاندەهێنین و دەیانخەینە ناو فەرهەنگی بەکارهێنانی فیکری و ئەدەبییەوە."

ئەم دۆخە واتا ئەمجۆرە کۆنترۆڵکردنە ناوەکییە وادەکات : " وشەکان بە ئەستەم بخرێنەوە سەر دۆخی سروشتی خۆیان ، بە زەحمەت بگەڕێنەوە سەر ساتی پێش بارکردنی ئایدیۆلۆژی ، بە گرانییەکی بیٚ سنور لەو سیاقە دەرچن ، کە تیایاندا مانایەکی



سیاسی دەسەپێنرێت بەسەر وشە و ئەگەرەکانی مانادا."هەر بۆیەش بەختیار دەنوسێت:" کولتوری ئێمە دەبێتە باغێك ، چەند درەختی جۆراوجۆری تیاسەوز بێت ، لە کۆتاییدا درەختە جیاوازەکان هەمو یەك میوە دەگرن ، چەند جۆر باڵندەی تیا بخوێنێت ، دواتر هەمو یەك ئاواز دەخوێنن.

بەختیار لە درێژەی وتارەکەدا دەنوسێت:"لە هەمو حزبە کوردییەکاندا لەیەکدەچێت ، لەبەرئەوەی حیزب خۆی ئەم زمانەی دروستنەکردوە ، بەڵکو بەلاغەتێکە بەر لەوەی بگاتە ناو گوتاری حیزبی وەك گوناریٚکی زمانەوانی گشتی بووە و مەیدانی گرتوە ، هێندە هەیە حیزب دواتر لە ناویدا دەوەستێت و بەکاریدەبات و بەرهەمیدێنێتەوە ، کەناڵی سەپاندن و بلاّوبوونەوەی بۆ دابیندەکات ، لە دەرەوەی ئەو زمانەش شوێنی دیکە نییە تیا بوەستێت". هەر بۆیەش بەڵگەی گەورەی بەختیار عەلی بۆ گشتیبون و مەیدانگرتنی ئەم زمانە ئەوەیە کە:"فرە حیزبی لە کوردستاندا بە واتای فرە ڕەنگی زمان نەبووە. زۆری ژمارەی حیزبەکان و ئایدیۆلۆژییەکان ئەو یەکێتییەی نەشاردۆتەوە ، کە لە بنەڕەتەوە ڕا سیستەمی مەعریفی ئەم حزبە بەناو جیاوازانەی ڕاگرتوە". بەلاّم دەرئەنجامێك کە بەختیار عەلی بەشوێنیەوەیەتی لە سیاسەتسالاری و زماندا :"تەنیا ڕزگارکردنی بوارەکانی تری ژیان نییە لە سیاسەت ، بەڵکو ڕزگارکردنی سیاسەتیشە لە کۆتە تەقلیدییەکانی سیاسەت خۆی."



**پێشەکییەکی پێویست :**

هەتا ئێرە من لە نوسینەوەی گرنگترین پەیامی ناو وتارەکەی بەختیاردا دەسوڕێمەوە. ئەگەرچی بەختیار لە زۆر شوێنی وتارەکەدا لەبەرانبەر پرسیاری گەورەتردا سەرپێییانە بازدەدات. ڕەنگە هۆی سەرەکی ئەم بازدانە لەوەدا بێت ، کە "سیاسەتسالاری و زمان" وتارێکی کورتە و کارکردن لەسەری لە چوارچێوەی دولاّپەڕەی هاولاّتی بخوازێت. بەلاّم ناوەڕۆکی ئەم سیاسەتسالاییەی زمان لەو بەشانەی وتەکانی بەختیاردا چڕدەبێتەوە ، کە من ئامانجدارانە نوسیمەوە.

بەلاّم ئەوەی کە سیاسەتسالاری زمان دەبێتە ئەو دۆخەی ئینسان بە ئاسانی نەدەتوانیٚ دەست بۆ هیچ وشەیەك بەریٚ و بیخاتەوە سەر ساتی پێش بارکردنی "ئایدیۆلۆژی"، هیچ شتێکمان پێنالێت. ئاخر سیاسەت تەنها یەك مانای نییە و هەڵگری هەر هەمان پەیام نییە ، ئەگەر دەستنیشانی پێگە ئایدیۆلۆژییەکەی سیاسەت نەکریٚ. کاتێك درەخت و کانی و بولبول و قەفەز دەبنە سیمبولەکانی دۆخێکی سیاسی، تەنها لەپشت وشەکانەوە سیاسەتێکی ڕوت ڕانەوەستاوە ، بەڵکو سیاسەتێکە کە سەرچاوەی ئیلهام و بونی خاك و نەتەوەیە. بە کورتییەکەی بریتییە لە ڕەوتێکی سیاسی کە لە زمانی زانستەکانی سیاسەتدا بە ناسیۆنالیزم دەناسرێت.



من لەیەکچونی خیتابە سیاسییەکانی ئەحزابی کوردی لەگەڵ"هەمەڕەنگییە ئایدیۆلۆژییەکانی"دا لە بالاّدەستی سیاسەتسالاریدا نابینم بەسەر زمانەوە لە پلەی یەکەمدا، بەڵکو هۆکارەکەی لە شوێنێکی تردا دەبینمەوە ، کە ناچارم لەم نوسینەدا بێمەوە سەری . ئەم خاڵە یەکێك لە کلیلە گرنگەکانی تێڕوانینی من دەبێت بۆ لێکۆڵینەوە لە "سیاسەتسالاری زمان"ی بەختیار عەلی . هاوکاتیش پێموانییە ، کە سیاسەت ئەو سیاسەتە ڕوتەی بەختیار عەلی لێیدەدوێت ، وەك "ئەو حەوزەیە وشەکانی تیا هەڵدەکێشین و لەوسەرەوە بەیەك بەرگ و ماناوە دەریاندەهێنین و دەیانخەینە ناو فەرهەنگی بەکارهێنانی فیکری و ئەدەبییەوە."

ئاخر کاتێك بەختیار دەنوسێت:"بە سیاسیکردنی ماناکان گەیشتۆتە ئەو ئاستە کۆمیدییەی یەکێك لە ڕۆشنبیرە ئیسلامییەکان وا رأبگەیێنێت ، کە کورد تا لە سایەی ئیسلامدا بووە ، شەهامەتی هەبووە و ئێستا شەهامەت و پیاوەتی نەماوە." ئەم دەربڕینە خۆی لە خۆیدا نە شایەنی پێکەنینە و نە سەر سوڕمان. ئەم وتانە بەوەی من و بەختیار عەلی وهەزارانی تر پێیان دروست نییە خیتابی "دەلاّلانی فەلسەفە" نییە. ئەگەرچی بەکارهێنانی وشەی دەلاّل لە خۆیدا سوکایەتیکردنە بە کەسێك کە کاری دەلاّلییە. کاری ئینسانەکان شایەنی سوکایەتیپێکردن نییە. ئەم خیتابە خیتابی هێزێکی سیاسییە ،

که به ئیسلامی سیاسی دەناسرێت. ئەم خیتابە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو خیتابەدا نییە ، کە پێی وایە:"لە پێکدادانی بازارِییانەی سیاسەتدا ، دوژمنەکان تەنیا خیانەتکار نین ، بەڵکو بێئەخلاقیشن. هەر سیاسەتەکایان ناتەواو نییە ، بەڵکو ژن و کچەکانیان ناتەواون. "

ئەوەی کە جیاوازییە لە بەینی ئەم دو گوتارەدا ، ئەو جێگۆڕکێ گرنگەیە بە ئەخلاق دەکرێت لە پەیوەند بە شتێکەوە کە نەتەوەیە. لە دۆخی یەکەمیاندا کە شەهامەت و پیاوەتی بونی ئینسانی کورد بە موسوڵمان بونیەوە گرێدەدات بۆ "ڕزگارکردن"ی نەتەوەی موسوڵمانی کورد. ئەوەی دووەمیان ئەخلاق هەر لە پەیوەند بەنەتەوەوە و نیشتیمانەوە گرێدەدات و پێی وایە خیانەتکردن لە دایکی نیشتیمان ، خیانەتکردنە لە دایکی بایۆلۆژی خۆ. ئاخر دایك بۆ ئەم سیستەمی بیرکردنەوەیە درێژەپێدەری بایۆلۆژی و کولتوری نەتەوەیە. بۆ ئەوەی لوتی دوژمنەکان بشکێنرێت دەبێ خوشك و دایکەکانیان لاقەبکرێت. ئەمە خۆی لە خۆیدا هێمای ئەوە نییە کە :" بەلاغەتی سیاسی ئێمە ، سیاقێکی تایبەتی بۆ مانا ئەخلاقییەکان دەکاتەوە" وەك بەختیار دەنوسێت.

بەڵکو چەمکی ئەخلاق لەم دەربڕینەدا تەواو پەیوەستە بە و سیستەمە فیکرییەوەی کە ناسیۆنالیزم لەسەر دایکی نیشتیمانی دروستکردوە. ئەمە نە دیاردەیەکی کوردییە و نە بەلاغەتی



سیاسی حزبی کوردییە ، کە سیاقێکی تایبەتی بۆ مانا ئەخلاقییەکان دەکاتەوە.

قبوڵنەکردنی کەسێکی هۆمۆسێکسوێل لە ڕابەرایەتی حزبی دیموکراتی مەسیحی سویدیدا پەیوەستدەبێتەوە بۆ ئەو سیستەمی ئەخلاقییەی کە مەسیحییەت دایڕشتوە ، کە کەسی هۆمۆ شایەنی ڕێز نییە و نەشازە بە پەیوەندییە سروشتییەکانی ئینسانەوە کە مەسیحییەت بانگەوازکەرێتی. ئەمە بە مانای نەبونی پێناسەیەکی سەر و سیاسەت نییە بۆ ئەخلاق ، بەڵکو ڕێك بەشێك لەو تێڕوانینە فەلسەفییەیە ، کە دین و ناسیونالیزم بۆ ئەخلاقیان داڕشتوە.

بەڵام بەوەی کە هێشتا لە تێڕوانینی ئەخلاقییانەی دو هێزی سەرەکی ناو سیاسەتی کوردیدا دەسوڕێینەوە ، باشترە ئەم وێنەیە بە کودێکی تری ئەخلاقی تەواو بکەین ، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بزوتنەوە سیاسییە جیاوازەکانی کوردستانەوە هەیە. بونی ئەم نەخشە سیاسییە لەبەر دەستدا کۆمەککەرە بە لێدوان لە سیاسەتسالاری زمانێك کە من نیازمە سەرنجی بدەمێ.

ڕەشە کوژی ژنان لە کوردستاندا هاومێژووە لەگەڵ لەدایکبونی چەمکێکدا کە لە بادینانەوە تا سلێمانی پێیدەوترێت چەمکی :"لە قائیمەکەدا بون". سەرگوزشتەی لە قایمەکەدا بون ، حەکایەتی لیستێکی لە پێشەوە ئامادەکراوی هێزێکی سیاسییە بۆ ئەو ژنانەی کە ناتوانن درێژەپێدەری بەها کولتوری و



بایۆلۆژییەکانی نەتەوە بن. ئەوان ئەو ژنانەن کە شەرەڤی خۆیان لەدەستداوە و لەگەڵ پیاوانی ڕژێمدا دەستتێکەڵی سێکسییان بووە. لەگەڵ دەستپێکردنی ئەم کوشتنە کوێرانەیەی ژنانی کوردستاندا ، هێزێك بەهەمو کەموکوڕییەکانی سازماندەیی و فیکرییەوە وتی:"کوشتنی ژنان لەژێر بەهانەکانی ناموسپەرەستیدا قەدەغەیە. دەبێ ناموسپەرەستان لێیان بپرسرێتەوە." لەگەڵ بلاوکردنەوەی ئەم بەیاننامە سیاسیەدا ، ئاسایشی سلێمانی چەند کەسێك لە پەخشکەرەوانی ئەم بەیاننامەیە دەستگیردەکەن و لە ئاسایشی سلێمانی پێیاندەڵێن:"ئەو کەسەی دیفاع لە قەحبەکانی کوردستان دەکات ، دایك و خوشکی خۆی قەحبەیە."

ئەگەر ناموسپەرەستی هەتا بەرلەساتی لەدایکبونی هێزێکی تری سیاسی لە کوردستاندا چەمکێکە و زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان پرسیارێکی جەرگبڕی لێناکەن ، نەك بەمانای نەبونی هەڵوێستوەرگرتنێکی فەردی تاکەکانی کۆمەڵ و ڕۆشنبیران لە ناموسپەرەستی ، ئەوا ناموسپەرەستی ئیتر هەر چەمکێك نییە ، کە بە ماناکانی دوێنێی بەکاردەبرێت ، بەڵکو ناموسپەرەستی دەبێتە هەڵگری مانایەکی دی و تەوەری کێشمەکێشێکی سیاسی لە مێژوی نوێی کوردستاندا . ئەوەی ئەم هێزە سیاسییە تازەیە لەباری ڕێکخراوەییەوە چەندە ، بۆچی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی سونەتی و ئیسلامی سەنگەری بەرانبەردەگرن ، ناتوانێ



پەردەپۆشکەری ئەو ڕاستییە مەوزوعییە بێت ، کە دروستکردنی یەکەمین "سەنتەری پارێزگاری لە ژنان" لە کوردستاندا دەبێتە پراکتیکی ئەم هێزە سیاسییە . ئیتر فیدراڵی تاکە ئەڵتەرناتیڤی چارەسەری مەسەلەی میللی نییە ، ڕیفراندۆم و گەڕاندنەوە بۆ ڕەئی خەڵکی کوردستان دەبێتە چەمکێکی تری تازە لە زمانی کوردیدا.

لە نیشاندانی خیتابی:" کورد تا لە سایەی ئیسلامدا بووە شەهامەتی هەبووە و ئێستا شەهامەت و پیاوەتی نەماوە" بۆ خیتابی" دوژمنەکان تەنیا خیانەتکار نین ، بەڵکو بێئەخلاقیشن ، هەر سیاسەتەکەیان ناتەواو نییە ، بەڵکو ژن و کچەکانیشیان ناتەواون"تا دەگاتە خیتابی:" کوشتنی ژنان لە ژێر بەهانەکانی ناموسپەرەستیدا قەدەغەیە. دەبێ ناموسپەرەستان لێیان بپرسرێتەوە! "ئێمە لەبەرانبەر نەخشەیەکی سیاسیدان بۆ ئەو هێزە دەرگیرانەی لەسەر شانۆی ململانێی سیاسی کوردستاندا ئامادەییان هەیە.

بەڵام هێشتا وەڵامی ئەوەمان نەداوەتەوە ، کە بۆچی سیاسەتێك کە بەختیار عەلی لێیدەدوێت بووە بەو :" حەوزەی وشەکانی تیا هەڵدەکێشین و لەوسەر بە یەك بەرگ و ماناوە دەریاندەهێنین و دەیانخەینە ناو فەرهەنگی بەکارهێنانی فیکری و ئەدەبییەوە." یاخود بە زمانێکی تری بەختیار:" کولتوری ئێمە دەبێتە باغێك چەند درەختی جۆراوجۆری تیا سەوزبێت ،

لەکۆتاییدا درەختە جیاوازەکان یەك جۆر میوە دەگرن و چەند جۆر باڵندەی تیابەخێوکەیت ، دواتر هەمو یەك ئاواز دەخوێنن". یاخود وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئەم بەڵاغەتە سیاسییە لە کوێوە هاتووە؟چونکە بەختیار تەنها پێماندەڵێت: "لەبەر ئەوەی حیزب خۆی ئەم زمانەی دروستنەکردوە ، بەڵکو بەلاغەتێکە بەرلەوەی بگاتە ناو گوتاری حیزبی وەك گوتارێکی زمانەوانی گشتی بووە و مەیدانی گرتووە." چۆن گشتی بووە و مەیدانی گرتووە؟ کێن ئەوانەی لە پشت ئەم پرۆسەی بەگشتیکردن و مەیدانگرتنەی بەلاغەتی سیاسییەوە ڕاوەستاون؟ شتێك هەیە لە نەبونەوە بوبێ؟ ئەم کرداری بەبونکردنەی نەبو چۆن مەیدانی گرتووە؟ ئەمانە ئەو پرسیارە سەرەکییانەن ، کە من خوازیارم وەڵامییان پێبدەمەوە.

## گوتاری مانەوە وەك سەرەتایەك :

بەر لەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بدەمەوە ، باشترە سەرنجێك لە گوتاری مانەوەی بەختیار عەلی بدەین . بە بۆچونی بەختیار عەلی گوتاری مانەوە ئەو گوتارەیە کە :"سادەترین هاوکێشەکانی وجود (مان و نەمان) دەگۆڕێتە سەر هاوکێشەیەکی سیاسی و گوتاری مانەوە لە جەوهەریدا ئەو گوتارەیە دینەمۆی بە سیاسیکردنی هەمو گوتارەکانی دیکەیە"هەر بۆیەش کاتێك کێشەیەکی وەکو ژیان و مردن :" لە



پرسێکی وجودییەوە بووە پرسێکی سیاسی ، کە لە ژێریدا ژیان و مردن دەبنە دو زاراوەی سیاسی ڕوت." قبوڵکردنی گوتاری مانەوە وەك ئەوەی داڕێژەرانی پێناسەی دەکەن ، بەمانای تەواوی ئەو دەربڕینەی سەرەوەی بەختیار عەلی . بەڵام خودی گوتاری مانەوە تەنها گوتارێك نییە ، کە تەنها ژێردەستی نەتەوە بەرهەمی هێنابێت . ئەگەر ئەمە هۆکاری سەرەکی داڕشتنی گوتاری مانەوەیە ، ئەوە ئەو بەرژەوەندییەی کە گوتاری مانەوە لە بناغەدا بە شوێنیەوەیەتی بەتەواوەتی شتێکی ترە. تا ناسیۆنالیزم بمێنێت ، گوتاری مانەوە بەجۆرێك درێژە بە ژیانی خۆیدەدات. ئەگەر نەمان و تواندنەوەی نەتەوە ئەو بناغەیەیە کە گوتاری مانەوەی لەسەر رادەگیرێت ، ئەوە لە قۆناغێکی تردا پاراستن و بەهێزکردنی نەتەوە لەبەرانبەر پەلاماری "دوژمنان"ی تردا ، دەکرێ ببێتە زەمینەیەکی تر بۆ دوبارە سازدانەوەی گوتاری مانەوە. بەڵام بناغەی سەرەکی گوتاری مانەوە ، تەنها ژێردەستەیی نەتەوە نییە ، بەڵکو بۆ داڕێژەرانی ئەم گوتارە دەیەها ئامانجی تری لە پشت خۆیەوە ڕاگرتوە. هەر بۆیەش ئەم گوتارە ئامانجدارانە لەلایەن هێزێکی سیاسییەوە دەبێ شوێنی پلەیەکی لەبەرانبەر پرسیارەکانی دیدا پێبدرێت. گوتاری مانەوە لە مانا شاراوە نەبینراوەکانیدا ، پرۆژەی نابیناکردنی ئینسانی ئێمەی لەبەرانبەر تەواوی پرسیارەکانی تردا لە ناو خۆیدا هەڵگرتوە . ئەمە ئیتر دەرئەنجامی فشارێکی



دەرەکیی نییە ، کە فەرزکراوە بەسەرمانا ، ئەوەی کە سەرنجمان لە هەمو جومگەکانی ژیان لیدەدزێت و چاومان ئاڕاستەی شوێنێکی تایبەتی پێدەکات کە نیشتیمان و نەتەوەیە ، ئەو فشارە گەورەیەیە کە گوتاری مانەوە فەرزیدەکات ، بۆ بە پلەیەککردنی پرسیارە سیاسییەکانی ئەو هێزەی کە دروستکەری گوتاری مانەوەیە .

بەرزڕاگرتنی گوتاری مانەوە و کردنی بە یەکەمین پرسیاری سەر ئەجێندای ژیانی ئێمە ، ئامانجی ستراتیژی هێزێکە کە ژیان بە هەمو ماناکانیەوە لە نیشتیمان و سەروەری نەتەوەدا دەبینێتەوە. پرۆژەی دروستکردنی ئینسانی کۆیلەیە کە تاکە سەرچاوەی کۆیلەیەتییەکەی لە ژێردەستەیی نەتەوە و نیشتیماندا دەبینێتەوە. بەڵگەی ڕۆشنی ئەو کۆیلانەی کە بالأدەستی گوتاری مانەوە دروستی کردون ، بانگەوازی ئەو ژنانەیە کە دەڵێن: "تا کوردستان ڕزگاری نەبوبێ ، ڕزگاری ژنی کورد مەحاڵە."یان لە باشترین حاڵەتێکی تردا دەربڕینی سەربەرزانەی ئەو مامۆستایەیە کە لە پاش وەرنەگرتنی موچەی کارەکەی لە بەرانبەر کامێراکانی تەلەفیزیۆندا ڕادەوەستێت و دەڵێ: "سەری بەرز بۆ موچە نەوی ناکەین." قبوڵکردنی گوتاری مانەوە بەو مانایەی کە مۆتۆری بە سیاسیکردنی هەمو شتێکە ، واتا قبوڵکردنی گوتاری "ساوابونی حوکمەتەکەمانە پێنەگرتنیەتی". بەرزڕاگرتنی گوتاری مانەوە بە مانای دزینی



نیگای ئێمە لەو کێشە و جەنگە ڕۆژانەیەی ژیان بەسەرماندا فەرزی کردوە و کردنی ئەو پرسیارانە بە پاشکۆی گوتاری مانەوە. بەڵام ئینسانی کورد ڕۆژانە گوتاری مانەوە ژێر پێدەنێت. لە گەرمەی کیمیاباران و ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستاندا ژیان بۆ ساتێك سەرنجی ئینسانەکانی کوردستان دەبات و لە تەعزییەیەکی گەورەی نەتەوەیدا چاوەکانی ئینسانی کورد پڕ لە فرمێسك دەکات. هەر پاش تەواوبونی ئەم تەعزییە گەورەیە ، تازییەباران دەچنەوە ماڵەکانی خۆیان و بۆ ڕۆژی دوایی شاری چاوتەڕی دوێنێ بێداردەبێت. مەیدانی کرێکارەکان پڕدەبێتەوە لەو ئینسانانەی کە ئەگەر ژیانی ئەمڕۆیان نەفرۆشن ، بۆکڕینی نانی سبەی پارەیان لە گیرفاندا نییە. مامۆستایان ڕو لە قوتابخانەکان دەکەن. کوڕانی گەڕەگ ژندەهێنن و کچانی گەڕەك تەڵاقدەدرێن. هەندێکیان خۆیاندەسوتێنن و هەندێکیان دەبنە سۆزانی. بەشێك لە کرێچییەکانی گەڕەك بەهۆی نەتوانینی دانی کرێی مانگانەوە ، دەگوێزنەوە بۆ ماڵێکی هەرزانتر. کۆمەڵگا لەگەڵ فشارەکانی گوتاری مانەوەشدا پڕ لە جوڵەیە. ئەوەی گوتاری مانەوە پێماندەکات ، بەستنی هەمو دیاردەکانی گەڕەکی ئێمەیە بە ڕزگاری نەتەوەوە. کوێرکردنی ئێمەیە لەبەرانبەر پرسیاری پەیوەندی نێوان نیشتیمانی خۆ و کرێچێتیدا. لە بەینی پرسیاری بێکاری شەقام و نیشتیماندا. کوێرکردنی چاوانی ئێمەیە لەو هەمەڕەنگییەی پرسیارەکانی کۆمەڵگا و کردنی

هەمویان بە پاشکۆی گوتاری مانەوە . کردنی گوتاری مانەوە بە جەوهەر و دینەمۆی بە سیاسیکردنی هەمو گوتارەکانی دیکە ، وە نەبینینی ئەو میکانیزمانەی کە لە پشت بەرهەمهێنانەوەی بالادەستکردنی گوتاری مانەوەن ، لە بوارەکانی بەکارهێنانی زمان و دەلالەتە جیاوازەکاندا هیچی لێناکەوێتەوە ، جگەلە وشەگەلێکی وەك کانی ، بولبول ، درەختی قیژەکەر ، باڵندە ، خاك ، شاخ ، هەڵۆ. ئەوەی کە زمان پڕدەکات لە مەدلولاتی ڕەمزی کە تەنها خاك و باڵندە و شاخ و کانییە ، بە مانای قبوڵکردنی گوتاری مانەوەی نەتەوە وەك ئەوەی کە داڕێژەرانی ئەم گوتارە مەبەستیانە ، نەك وەك ئەوەی کە تۆ چۆن دەیبینیت. بەڵام ئایا ئەگەر ئەم ڕەهەندە شاراوانەی گوتاری مانەوە ، بووەوە بەو ڕوبەرە زانراوە بۆ ڕۆشنبیر ، وەك چۆن خەڵکی گەڕەکی ئێمە هەستیان پێکردوە ، دەکرێ لە جەبرەکانی گوتاری مانەوە ڕزگاربین؟ بە بڕوای من: بەڵێ . ئەمە ئیتر پێویستی بە تواناییەکانی ڕۆشنبیرێکی سۆپەرمان نییە ، بۆ ئەوەی لە ڕێگای سیستەمێکی فیکرییەوە دەروازە لەسەر زمانێکی دی بکاتەوە . بەڵام گوتاری مانەوە ئەنجامی بالادەستی سیاسەتە ، واتا پرۆژەیەکی داڕێژراوی سیاسییە لەلایەن هێزێکەوە. بەڵام کامە سیاسەت؟ بۆچی ڕوناکبیری تازەگەری کورد هێشتاکە لەدوای کوڕان و کچەکانی گەڕەکی ئێمەوەن؟

**سیاسەت: حزبی سیاسی و بزوتنەوە کۆمەلایەتییەکان** :



بۆ ئەوەی ئەم بالادەستییەی سیاسەتسالاری زمانمان بۆ ڕۆشنتر بێتەوە ، پێویستمان بە سەرنجدانێکی ئەو نەخشە سیاسییە هەیە لە کوردستاندا بونی هەیە. بۆ ئەم مەبەستە من ناچارم سەرنجێك لە بزوتنەوە کۆمەلایەتییەکانی کوردستان بدەم و ئامادەیی ئەحزابی سیاسی ناو ئەم بزوتنەوە کۆمەلایەتییانە لە کاریگەرییدانان لەسەر زمان ڕۆشنبکەمەوە.

لە یادی تێپەڕینی ١٥٠ ساڵ بەسەر چاپکردن و بلاوبونەوەی مانیفێستی کۆمۆنیستدا لە ئایاری (١٩٩٨)دا ، سیمینارێکی چوار ڕۆژە بۆ ئەم مەبەستە و پرسیارەکانی گلۆبالیزەیشن لە پاریس گیرا. لە وەلامی هۆکاری ئەم سیمینارە چوار ڕۆژییەدا ، "دانیال بینساید"دەڵێ:" ئێمە لەمڕۆدا ناچارین لەگەڵ مارکسدا بیرکەینەوە ، بە دژی ئەو بیرکەینەوە ، بەلام ناتوانین بەبێ مارکس بین." (٤) ، من خۆم کەسێکم ناتوانم بەبێ مارکس بم. هەر بۆیەش بۆ سەرنجدان لەو نەخشە سیاسییەی کە لە کوردستاندا بونی هەیە ، دەکرێ مارکس کۆمەککەر بێت. بۆیە سەرنجدانێك لە خودی مانیفێست و وردبونەوە لەوەی کە بۆچی ناوی مانیفێستی کۆمۆنیستە نەك سۆسیالیست دەکرێ هەنگاوی یەکەم بێت.

لە بەشی سێی مانیفێستدا ئەم ناونیشانە دەخوێندرێتەوە (ئەدەبی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی) . مارکس بە وردبونەوە لە تەواوی ئەو ڕەوتە سۆسیالیستانەی کە لەسەردەمی نوسینی



مانیفێستدا هەبون ، یەك بە یەکی ئەو ڕەوتانە لە شوێنگەی بزوتنەوەی کۆمەلایەتی جۆراوجۆردا دادەنێت و ئاسۆ و ئامانجی ئەم حزبە جۆراوجۆرانە لە ئاسۆی بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی تردا دەبینێت ، کە لە کۆمەڵگادا بونی هەیە . بۆ مارکس سۆسیالیزمی کۆنەپەرست تەیفێکی جۆراوجۆر لە ئەحزابی ناو بزوتنەوەیەکن ، کە لە سۆسیالیزمی دەرەبەگایەتی ، سۆسیالیزمی وردەبۆرژوا و سۆسیالیزمی ئەڵمانی یان بە زمانی مارکس سۆسیالیزمی ڕاستەقینەدا خۆیاندەبیننەوە . هاوکات سەرنجێك لەو بزوتنەوە جۆراوجۆرە بۆرژوازیانە دەدات ، کە بە پێی دیدی مارکس ناوی سۆشیالیزمی کۆنەخواز و بۆرژوازییە.

ئەنگلز لە چاپی ئەڵمانی مایفێستدا کە لە ئایاری (١٨٩٠)دا بلاودەکرێتەوە ، بەڕۆشنی لە هەڵبژاردنی ناوی کۆمۆنیست بۆ مانیفێست دەنوسێ:" لە ساڵی (١٨٤٧) دا وشەی سۆشیالیزم بریتیبو لە بزوتنەوەیەکی بۆرجوازی و کۆمۆنیزمیش ناو بو بۆ بزوتنەوەیەکی کرێکاری". (٥) ، مارکس لە مانیفێستدا ئەم ڕەوتە جۆراوجۆرانە وادەناسێنی کە بریتین لە:"بزوتنەوەی چینایەتی دیاریکراو کە بەرهەمی هەلومەرجێکی دیاریکراون ، کە بەرژەوەندییەکی دیاریکراوی چینایەتی لە پشتیانەوە ڕاوەستاوە. ئەو ئەم بزوتنەوانە وەك قوتابخانەی فیکری ناناسێنێت." (٦)



هەر بۆیەش پێناسەی مارکس بۆ کۆمۆنیزم:"بۆچونە تیۆرییەکانی کۆمۆنیستەکان لەسەر ئەفکار و پرەنسیپەکان دانەمەزراوە ، ئەو ئەفکار و پرەنسیپانەی کە ئەم یان ئەو (موسڵحی کۆمەلایەتی) دایهێنابێ یاخود پەیپێبردبێت. بەڵکو ئەوانە تەنها دەربڕی هەمەلایەنەی ئەو پەیوەندییە واقعییەی خەباتی چینایەتی و ئەو بزوتنەوە مێژوییە زیندوەیە ، کە بەرچاوی ئێمەوە لە گەشەکردندایە." (٥)

بۆ مارکس کۆمۆنیزم زادەی ئەو بزوتنەوە بەرینە کۆمەلایەتییەیە ، کە بەرچاوی ئێمەوە وەك مێژویەکی زیندو ئامادەیی هەیە. نەك ئایدیایەکی داهێنراوی فەلسەفییانە ، بەڵکو ناڕەزایەتییەکی زیندوی ناو کۆمەڵگا. ڕەخنەیەکی زیندوی بەشێکی کۆمەڵگا کرێکاری کرێگرتە لە گشتییەتی سیستەمێك کە سەرمایەدارییە بە مەبەستی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی. لە ڕۆشنگەری و شۆڕشی پیشەسازییەوە ئینسانەکان بزوتنەوەی جۆراوجۆری کۆمەلایەتییان ڕێکخستوە ، کە هەریەکەیان بە جۆرێك بە شوێن مەبەستێکی سیاسییەوە بون. کاریگەری ئەم بزوتنەوە زیندوە واقعییانە لە کۆمەڵگادا وایکردوە ، کە ڕابەرانی عەمەلی و سیاسی و فەلسەفی خۆیانی هێناوەتە بەرهەم. بۆچون و تێڕوانینەکانیان بە جۆرێك وەك ترادیسیۆنێکی جێکەوتو لە کۆمەڵگادا هەستی پێدەکرێ . بزوتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان و ناسیۆنالیزم و سۆشیالیزمی کرێکاری و لیبرالیزم بەشێکی کەمی

ئەو بزوتنەوە بەرینە کۆمەڵایەتییانەن. بەڵام مەنسوری حیکمەت چەمکی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی مارکس وەردەگرێت و وەك مێتۆدێکی شیکردنەوە لە بزوتنەوە جۆراوجۆرەکانی سەردەمی نوێ وردەبێتەوە.

"بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە وەڵامدانەوە بە پرسیارە گرنگە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان ، کە بە شێوەی بەشێك لە خەباتی چینەکان لە سەردەمانی درێژتردا پەیدا دەبن:" (٧) ، کەمێك وردبونەوە لەم دەستەواژەیە ، بە مانای ئەوەی کە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان چوارچێوەی دەرکەوتنی ئەو کێشمەکێشە چینایەتییانەن ، کە لە دەرونی کۆمەڵگادا بونی هەیە و لە ئاستی سەرەوەدا و لە نێوان ئینسانەکاندا بەپێی بەرژەوەندییە جیاوازە چینایەتییەکانیان ڕیزبەستنی جۆراوجۆر بە شوێن ئامانج و ئاسۆی ئەم بەرژەوەندیانەوە پێکدەهێنێت. لیبرالیزم و سۆشیالیزم و ناسیۆنالیزم هەریەکەیان بە پێی خۆی بزوتنەوەی چینایەتی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆکەن. بزوتنەوەی سۆشیالیزم لەگەڵ گەشەی کرێکاری کرێگرتەی پیشەسازیدا دێتە مەیدان.

مەنسور دەنوسێ: " لیبرالیزم وەك ترادیسیۆنێکی سیاسی کە ئەحزابی جۆراوجۆری لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا بەرهەمهێناوە ، لەگەڵ ترادیسیۆنی ناسیۆنالیزم کە بەهەمان شێوە خاوەنی ئەحزابی جۆراوجۆر بووە و هەیە ، دو ڕەوت و دو ترادیسیۆنی



سیاسی یەك چینن ، بەڵام یەك نین. چەندین جار لە مێژودا لەبەرانبەر یەکیشدا دەبینرێن."(٨) ، مەنسوور حیکمەت ئەم هەمە ڕەنگییەی ڕەوتە سیاسییەکانی بۆرجوازی لە وەدا دەبینێ ، کە: "ئەم ڕەوتانە لە بناغەدا نیشانەدەری خودی دابەشبونی چینایەتی کۆمەڵگا نین. بەڵکو نیشانەدەری دابەشبونێکی مەوزوعییانەیە لە ناو خودی بۆرجوازیدا." (٩) ، پاشان دێتە سەر ئەحزابی سیاسی و دەنوسێت: "ئەحزابی سیاسی لە دڵی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا پەیدادەبن و بۆ سازماندانی هێزی ئەم بزوتنەوانە و هیدایەتکردنی لەسەر کۆمەڵێك سیاسەتی تایبەتی کاردەکەن. بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت دەیەها حزبی جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگ لە خۆیدا دەداتەدەر. ئەحزابی سیاسی بەیانکەری کاروکاردانەوەی خەباتکارانە و ڕێکخراوەیی کۆنکرێت تر و تا ڕادەیەك قۆناغدارانەتر و تەنانەت ناپایەدارتری ناو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانن".

ئەحزابی سیاسی دروستکەری بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان نین ، ئەگەرچی لە برەوپێدان و بەهێزڕاگرتنەوەی پایە سیاسی و کولتوری و ئایدیۆلۆژیەکانیدا کاریگەری دادەنێن.

ئەو دواتر لە پەیوەندی ئەحزابی سیاسیدا دەنوسێت :"ئەحزابی سیاسی شێوازی خۆ ڕێکخستنی ئینسانەکان و هاوبەشیکردنیانە لەو جەدەلە جیاواز و هەمەڕەنگەی کە لەسەرخانی کۆمەڵگادا بونی هەیە. هەمە ڕەنگی ئەحزابی



سیاسی نیشانەدەری ئەوەیە ، کە ئینسانەکان لە ناو کۆمەڵگادا لە پێگەی بەرژەوەندی ئابوری و حقوقی و فیکری جۆراوجۆردا قەراریان گرتوە و بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشمەکێشانە دوچاری پێکدادان و جەدەلێکی سیاسی دەبن." (١٠) ، هەر بۆیەش بۆ داوەریکردن لە ئەحزابی سیاسی :"بەدەر لەوەی ئەحزابی سیاسی دەربارەی خۆیان چیدەڵێن ، بە تەماشاکردنی ئەو مێژوە واقعییەی کە ئەوانی بەرهەمهێناوە و وردبونەوە لەوەی کە لە دنیای مادیدا لە باری پراکتیکەوە چ جوڵانەوەیەکی مێژوی لە خۆیاندا نیشاندەدەنەوە و دەبەنە پێش ، دەکرێ داوەری بکرێت. "(١١ )

ئەحزابی سیاسی دەکری بمرێ و ناوی نەمێنێ ، بەڵام بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان نافەوتێن. ئەوەی لە ڕاپەڕیندا یەکێتی و پارتی دەبنە باڵادەست و دواتریش سوکانی فەرمانڕەوایەتی لە کوردستاندا دەگرنەدەست لەگەڵ قەوارەی بچوکی ڕێکخراوەیی و سازماندەیی ئەم دو هێزەدا لەو ڕۆژانەدا ، بەرینی ئاستەکانی بزوتنەوی ناسیۆنالیزمە. ئەوە بزوتنەوە بەرینە کۆمەڵایەتییەکەی ناسیۆنالیزمە ، کە دەبێتە زەخیرەی ئینسانی ئەم دو هێزەی کە لە پێش ڕاپەڕینەوە لە چەند چەکدارێکی دانیشتوی ئەودیو سنورەکانەوە تێناپەڕن. بە بڕوای من ناسیۆنالیزمی کورد وەك بزوتنەوەیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی دەیەها ئەحزابی جۆراوجۆری لە پارچەکانی کوردستاندا



داوەتەدەر. سەرنجدانێك لەم ئەحزابە جۆراوجۆرانە نیشانەدەری ئەوەیە ، کە لە چوارپارچەخوازی کوردستانەوە تا ئۆتۆنۆمیخواز و فیدراڵیچییەکانی تیادا جێدەبێتەوە . چوارپارچەخوازەکانیان ناسیۆنالیستتر نین لە فیدراڵیخوازەکانیان . ئەم هەمەڕەنگییەی لە بۆچوندا بۆ "چارەسەری" ستەمی میللی و زادەی کەمی تیۆری و لاوازی ناسیۆنالیزمی کورد نییە ، بەڵکو لە جەوهەردا زادەی تەفسیری باڵە جۆراوجۆرەکانی بۆرجوازییە بە پێی بەرژەوەندییە جیاوازەکانیان. من گومانم لەوە نییە ، کە چ بارزانی و چ تاڵەبانی خوازیاری جیابونەوەی کوردستانن. بەڵام بەرژەوەندییە جیاوازەکانی ئەوان بۆ بەدەستهێنانی ئەم خواستە ، دورەدەستتر دێتە پێش چاو لە چاو ئەو بەرژەوەندییەی کە لە فیدرالیزم یان خودموختاریخوازیی ، بۆ نمونە حزبی دیموکرات دەکرێ پێشکەشییان کات. خودموختاری و فیدرالیزم و زادەی ناکامڵی و پێنەگەیشتنی خواستی جیاکردنەوەی کوردستان نین ، کە دەبوایە ناسیۆنالیزمی کورد وەك خواستی سەرەکی هەڵگری بوایە . ئەمە خەونی زیندوی ئینسانەکانی کوردستانە. بەڵکو زادەی باڵادەستکردنی سیاسییانەی خواستی فیدراڵیچییەکانە کە گوتاری دڵخوازی بۆرجوازییەتی کوردە.

لە ناو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ناسیۆنالیزمی عەرەبیشدا ئەم هەمە ڕەنگییە دەبینرێت. دابەشبونی ناسیۆنالیزمی عەرەب بەسەر سەدان حزبی جۆراوجۆردا و زیاتر لە هەژدە دەوڵەتدا

گێڕەرەوەی ئەوە نییە ، کە ناسیۆنالیزمی عەرەب لە میسردا نەتەوەپەرەستر نییە لە بەرانبەر ناسیۆنالیزمی پانعەرەبیزمی بەعسدا. بەڵکو گێڕەرەوەی ئەوەیە کە بۆرجوازییەتی میسر بە شوێن بەرژەوەندیەکانی خۆیەوەیەتی. ئەمە تەفسیری باڵێکی بۆرجوازیەتی عەرەبییە لە ناسیۆنالیزم. ناسیۆنالیزم تیۆری ڕزگاری ئینسانەکان نییە لە ستەمی میللی و ناسیۆنالیزم خۆی دروستکەری نەتەوەکانە. هەر بەوەی ناسیۆنالیزم دەستکەوتێکی مۆدێرنێتەیە ، پەیامەکەی ناکرێ مۆدێرن بێت. دواتر پێویستە ئەوە بوترێت ، کە ناسیۆنالیزمی سەردەم ناسیۆنالیزمی سەدەی شۆڕشی پیشەسازی نییە ، کە دروستکردنی دەوڵەتە قەومییەکان وەك پێداویستییەکی یەکبازاڕی ئامانجی سەرەکی بێت. کاتێك سۆسیال لیبرالیزم لە سویدا مۆدێلی دەوڵەتی ڕیفاە قبوڵدەکات و دابەشکردنەوەیەکی "عادیلانە"ی باجەکان دەبێتە شادەماری ئابوری دەوڵەتی ڕیفاە لە ڕێگەی مۆنۆپۆلیزەکردنێکی گەورەی دەوڵەتەوە بۆ ڕێکخستنی ئابوری لەبری "دەستەشاراوە و نەبینراوەکانی بازاڕ" ، ئەمە خۆی لە خۆیدا بۆ لیبراڵەکانی سوید پاشگەزبونەوەیەکی فیکری نییە لە بنەماکانی لیبرالیزم ، بەڵکو زادەی فشارێکی سیاسییە کە بزوتنەوەیەکی تری کۆمەڵایەتی ، سۆشیال دیموکراسی بەسەریدا فەرزیکردوە. بەڵام کاتێك سۆشیال دیموکراتی و مۆدێلی ئەو بۆ ڕێکخستنی ئابوری دەکەوێتە بەر پەلاماری لیبرالیزمی نوێ ، ئیتر ملنەدان بە



چەمکی" پەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی" دەوڵەت لە بەرانبەر هاوڵاتیاندا دەبێتە وێردی سەرزار. بەڵام سۆشیال لیبرالیزم تەفسیرێکی بڕگەییانەی بەرژەوەندییەکانی بۆرجوازییە کە لە قۆناغێکی بەرابەرکێی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و حزبە سیاسییەکانیدا کە ناچارە قبوڵیکات.

سەرنجێکی وردتر لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی عێرا ق و کوردستان :

کۆمەڵگای عێراق بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستان بە تایبەتی توشی ڕاچڵەکاندنی فیکری سیاسی گەورە نەبووە. ئەمە نەك بە پێواندنی قەوارەی تراژیدیا ئینسانییەکانی ئەم کۆمەڵگایە. بەڵکو بەسەرنجدان لەو ئاڵوگۆڕە فیکرییەی کە بەرابەرکێی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەیخولقێنێت. من بەبێ هیچ دودڵییەکەوە دەتوانم بڵێم ، کە مێژوی عێراق بەگشتی و کوردستانیش بەتایبەتی مێژوی باڵادەستی یەك بزوتنەوەی بەرینی کۆمەڵایەتییە ، کە ناسیۆنالیزمی عەرەب و کورد ئەندازیاری ئەم ساختتمانە سیاسییە بون.

لە عێراقدا و بە هۆی داگیرکردنی ئەم وڵاتەوە لەلایەن بەریتانیاوە وە بە هۆی گەشەی ناسیۆنالیزمەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا ، تاکە بزوتنەوەیەك کە پەرچەمی ئەم نارەزایەتییەی دژی ئیستیعماری لەدەستدایە ناسیۆنالیزمی عەرەب و کوردە. لەگەڵ هەر دژایەتیکردنێکی



نێوان ناسیۆنالیزمی عەرەب و کوردا خەباتی دژی ئیستیعمار دەبێتە ئەڵقەی هاوبەشی کارپێکەوە کردنی ئەم دو هێزە. لە عێراقی بیست و سییەکاندا دەیەها ناوی جۆراوجۆری حزبی دێنە سەر شانۆی سیاسی عێراق و هەندێکیان وندەبن و هەندێکیان دەبنە زەخیرەی دوبارە خۆسازدانەوەی ناسیۆنالیزم لە ژێر پەرچەمێکی تردا.

ناکرێ باسی مێژوی ناسیۆنالیزم لە عێراقدا بکرێت ، ئەگەر ناوی دو ئەکتەری سەرەکی سەر ئەم شانۆیە نەبرێت. حزبی شیوعی عێراق و حزبی بەعس. بە رابەرکێی ئەم دو هێزە بۆ ئارایشدان بە ئایندەی وڵاتێك کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیستیعماردایە و دروستکردنی وڵاتێکی سەربەخۆی بێ ، دەسەڵاتی ئیستیعمار و پلاتفۆرمی هاوبەش و ئیمزانەکراوی نێوان باڵە جۆراوجۆرەکانی بۆرجوازی عێراقە ، کە لە دو حزبی جیاوازدا خۆی ڕێکخستوە و ئیدیعای دو ئایدیۆلۆژی جیاواز بەیەکدەکەن. بۆ هەردولایان هەم قودس کەعبەیە و هەم وەتەنییەت و نیشتیماپەرستی زاراوەی هاوبەشە.

کۆدەتای قاسم و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی پاشایەتی ، ئاسۆیەکی فراوانتر لەبەردەم باڵی چەپی بۆرجوازی عێراقدا دەکاتەوە . پرۆژەی چاککردنی کشتوکاڵی دەبێتە پلاتفۆرمی یەکەمی ئەم دەسەڵاتە سەربازییەی عێراق ، کە لە سەرەوە و لە ڕێگەی کۆمەڵێك ڕیفۆرمەوە خوازیاری لابردنی کۆسپەکانی



بەردەمی گەشەی سەرمایەداری عێراقە ، عبدولکەریم قاسم بەهۆی نزیکایەتییەکانیەوە لەگەڵ سۆڤیەتی ئەوسادا لەگەڵ ئەوەشدا ئیدیعای کۆمۆنیست بون ناکات ، دەبێتە قارەمانی نیشتیمانی حزبی شیوعی . حزبی شیوعی عێراق لەسەردەمی قاسم و تەنانەت پێش ئەویشدا ئەو هێزەیە کە چاوەڕوانی ئەوەی لێبکرێت ئایندەی گەشەی سەرمایەداری لە عێراقدا بەو ڕێگایەدا بەرێت ، کە پلاتفۆرمە ئابورییەکەی سەرمایەداری دەوڵەتی شورەوییە. هاوکاتیش باڵی ڕاستی بۆرجوازی لە عێراقدا خاوەنی هەر هەمان خەونی مۆدێرنیزەکردنی عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتێکی قەومییە ، کە لە ڕێگەی دیکتاتۆرییەتێکی بێ پەردەوە ئەم پرۆژەیە بە ئەنجام بگەێنێت. بەڵام بەدیهێنانی ئەم خەونە لە وڵاتێکدا کە بە" قەڵای کۆمۆنیزم" دەناسرێت ، کار و کردەوەکانی ئەم هێزە و دورە دەستی لە بەدیهێنانی ئەم خەونەدا ئەم هێزەی باڵی ڕاستی بۆرجوازی پاڵپێوەدەنێت بۆ خۆبەستنەوە بە غەربەوە. بەعس پرۆژەی موخابەراتی ئەمریکی و کۆششی باڵی ڕاستی بۆرجوازی ناسیۆنالیزمی عەرەبە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا.

بە کۆدەتای ساڵی ٦٨ و هاتنە سەر کاری بەعس"خۆماڵیکردن"ی نەوت و دامەزراندنی دەوڵەتێکی قەومی عەرەبی لە عێراقدا و پرۆژەی سەرمایەداریکردن و لابردنی ڕێگرییەکانی بەردەم گەشەی سەرمایەداری ، یەکێك لە خاڵە

بنەڕەتی و جەوهەرییەکانی بۆرجوازی لە عێراقدا عەمەلی دەکرێت. ئیتر پرۆژەی " نیشتیمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار" بە عەمەلی لەلایەن باڵی ڕاستی بۆرجوازییەوە لە واقیعدایە. پرۆژەی سەرمایەداریکردنی عێراق لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەرتێکی گەورەی ئابوری کە دەوڵەت ڕاستەوخۆ سەرپەرەشتیدەکات و دەبێتە جێگری سەرمایەی تایبەتی لە عێراقی حەفتاکاندا ، بەرنامەی ئابوری حزبی شیوعی عێراق دەکاتە کای بەر با. ئیتر سۆسیالیزمێك كە بەعس لە ڕێگەی بە گشتیکردنی تەواوی خەدەماتە ئابورییەکانەوە بەرابەر دەبێتەوە بە سۆسیالیزمێك کە لە شۆرەویدایە. هەر بۆیەش جێگای سەرسوڕمان نییە ، کاتێك یەکێك لە ڕۆژنامەنوسانی بولگاری لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا و لە جەرگەی فرۆشتنی کەرتە گشتییەکانی ئابوری عێراقدا بە کەرتی تایبەتی بە سەدام دەڵێت:" ئێمە عێراق وەك وڵاتێکی سۆسیالیستی دەناسین ، ئایا فرۆشتنی ئەم بەشانەی کەرتی گشتی بە سەرمایەی تایبەتی زادەی پەشیمانبونەوەی ئێوەیە لە سۆشیالیزم ؟"، سەدام لە وەڵامدا دەڵێت: "ئەگەر دەوڵەت هەتا ئێستا خەریکی بەخێوکردنی (الابقار)ە لە عێراقدا ، ئەوە بە هۆی نەبونی ئامادەییەکانی سەرمایەی تایبەتییەوە بووە. بەڵام لە ئێستادا سەرمایەی تایبەتی عێراق لە ئاستێکدایە ، کە ئیتر پێویستنەکات دەوڵەت بە بەخێوکردنی الابقارەوە خەریك بێت."



بەرەکردنەوەی حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ بەعسدا زادەی"خیانەتی چینایەتی"حزبی شیوعی نییە لە ئایدیۆلۆژییەکەی ، بەڵکو زادەی جوتبونەوەی ئەو ئاسۆ و ئامانجە سیاسییەیە ، کە حزبی شیوعی لە بنەمادا هەڵگری بو کە هێزێکی بەرینی ناو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکەی ناسیۆنالیزمی عەرەبە لە عێراقدا . ئابوری خۆ و کولتوری خۆ و ئاینی خۆ لە ناو حزبی شیوعیدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هەمان چەمکە بەکارهاتووەکانی بەعسدا نییە. بونی هەزاران ئینسانی شەریف لەناو حزبی شیوعیدا ، ناتوانێت پەردەپۆشکەری ئەو ڕاستییە سادەیە بێت ، کە ئاسۆ و ئامانجی نیهائی ئەم حیزبە هەر ئەوەیە کە بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەب ئامانجییەتی. بە پێی وتەکانی "حەمیدی تەقوایی" لە پەیوەند بە چەپی ناسیۆنالیستی ئێرانەوە : "ئێوە ئەگەر بیروبۆچونەکانی چەپی ئێرانتان وەربگێرایەتە سەر ئیتاڵی ، دەیانبینی کاتێك باس لە کولتوری خۆمان و نەژادی پاکی خۆمان و ئاسنی خۆمان و مەسینەیی مسی خۆمان و سەیارەی پەیکانی خۆمان دەکات ، وەك مۆسۆلینی قسەدەکات."پاشان دەنوسێت:"کرێکارانیان لەبەردەم کارگەکان دەگێڕایە دواوە و دەیانگوت مانەگرن . دەیانوت خومەینی پێشکەوتوخوازە . بزوتنەوەی خۆمانە ، دەیەوێت مەسینەی مسی بێنێت ، بڕیارە پارەی نەوت بەشبکات ، خانمەکەی پیانۆ لێدەدات ، لە ستراتیج و تاکتیکی ئەو بزوتنەوە



چەپەدا خومەینی جێگای هەبو . ئیسلام ڕزگاریبەخش بو. ئەو بزوتنەوەیە باڵی ڕاستی خومەینی و باڵە چەپەکەی چریکی فیدایی بو."(١٢)

بەڵام ئێمە لە کوردستاندا لەگەڵ مێژویەکی تری چەپ و ڕاستبونی هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا ڕوبەڕوین . لە شێخ مەحمودەوە بۆ بارزانی ئێمە شاهیدی ڕێکخراو و ئەحزابی جۆراوجۆری سیاسین. بەڵام مێژوی حزبایەتی و خۆڕێکخستنی ناسیۆنالیزمی کورد لە عێراقدا هاوکاتە بە مێژوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. ئەم هێزە لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆنسێرڤاتیڤە و عەشیرەتییە دەبێتە شوێنی کۆبونەوەی ئەو ڕوناکبیرە ناسیۆنالیستەیشی کە ئیدیعای چەپگەرایی دەکات. کێشەکانی نێوان باڵی ڕاست و باڵی چەپی ئەم حزبە بە کۆمەڵێك جیابونەوە و فراکسیۆنسازی کۆتاییدێت ، کە جیابونەوەی شەست و شەش بەرچاوترین نمونەکانیەتی. ڕەخنەی باڵی چەپی ئەم هێزە دابڕانێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی نییە لە ئاسۆ و ئامانجەکانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد. بەڵکو کێشەیە لەسەر جێگاوڕێگایەکی شیاوتر بۆ ئەم نوخبە سیاسییەی کە دەسەڵاتی ڕەهاو بێ ئەملاولای باڵی ڕاستی ناو حزب وەك منداڵە وردکەی سیاسی چاویان لێدەکات. بۆیەش کە ڕێککەوتننامەی ئازار شکستدەهێنێت و شەڕ دەستپێدەکاتەوە ، ئەوەی شەست و شەش ئاسانتر دەچێتەوە ژێر ڕکێفی باڵی ڕاستی بۆرجوازی کورد.



شکستی ڕاپەڕینی چەکدارانەی پارتی لە ساڵی (١٩٧٥) دا و تراژیدیایەك کە بەهۆی ئەم ڕابەرایەتییەوە ڕوبەڕوی خەڵکی کوردستان دەبێتەوە ، ئاسۆ و دەرفەتێکی دی لەبەرانبەر باڵی چەپی ناسیۆنالیزمی کورددا دەکاتەوە . کۆمەڵەی ڕەنجدەران زادەی ڕادیکالیزەبونەوەی سوشیالیزمی مارکس نییە لە کوردستاندا ، بەڵکو زادەی ناڕەزایەتی ئەوەیەکە کە بەدەست باوکی حزبی ناو بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی سونەتی کوردییەوە دەناڵێنێت و بە شوێن سنورجیاکردنەوەیەکی تری ئایدیۆلۆژییەوەیە کە ماویزم و گیڤاریزم پێشکەشی دەکات. ئەویش هەر وەك باوکی کۆنسێرڤاتیزمی ناو بزوتنەوەی ناسیۆنالیزم خاوەنی بەرنامەیەکی تری ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی نییە ، کێشەی ئەم دو هێزە هێندەی کێشەیە لەسەر دەسەڵات بۆ ڕابەرایەتیکردنی ناسیۆنالیزمی کورد ، هێندە پرسیار نییە لەسەر ئاسۆ ئامانجە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان. جیابونەوەی حسك لە یەکێتی ، جیابوونەوەی پارتی گەل لە پارتی دیموکراتی کوردستان ، هێندەی لەسەر بەرژەوەندی حزبی و شەخسییە ، هێندە لەسەر چونەدەرەوە نییە لە ناو سنورەکانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستیدا . هەربۆیەش ئەم هێزانە زۆر ئاسان دەچنەوە ناو یەکتری و کێشەیەکیشیان لەگەڵ ئەو هەمو خوێنەدا نییە کە پرۆسەی جیابونەوەکانیان خوڵقاندی.

ئەم هەمو حزبە جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگە لە کوردستاندا بە حزبی شیوعی کوردستانەوە کە زادەی بەهێزبونەوەی بزوتنەوە بەرینەکەی ناسیۆنالیزمە لە کوردستاندا و لەناو حزبی شیوعیدا کاریگەریدادەنێت ، ئەحزابی ناو یەك بزوتنەوەی بەرینی کۆمەڵایەتیین کە ناسیۆنالیزمە . فرە ڕەنگی و فرە ناوی ڕێکخراوەیی حزبەکانی ناو ئەم بزوتنەوەیە ، ئەو ڕاستییە سادەیە ناشارێتەوە ، کە ئەمانە هەمویان یەك تایەفە و یەك قەبیلەی سیاسی گەورە لە مەرکەزی سیاسەت لە کوردستاندا پێکدەهێنن . ئاسۆی کۆمەڵایەتی و بەرنامەی ئابوریان (ئەگەر هەبێت) یەکێکە. ڕەخنەیان بە مێژوی هەتا ئێستای کوردستان یەکە . ئەفسانە و پاڵەوان و دێوە سیاسییەکانیان هەر هەمان شتە. فەرهەنگیان یەکە . ئەخلاقیان یەکە . جەژن و ساڵگردی سیاسی پێکەوەییان هەیە . خاوەنی یەك گەنجینەی ئەدەبین . شاعیران و ئەدیبان و فیلمسازەکانیان یەکە . موقەدەساتی سیاسی و کۆمەڵایەتییان یەکە . سیاسەتی خاریجییان وەك یەکە . هێز بەیەکدەدەن و هێز لەیەکتری دەگرن . دۆست و دوژمنە هەمیشەییەکانیان یەکە . چەمك و فەرهەنگی سیاسییان یەکە . چەپەکانیان بەیەکدەنگ هاواردەکەن ، کە کەس سوکایەتی بە ئایینی خەڵکی کوردستان و ئیسلامی پێشکەوتو نەکات . ئەمانە لەگەڵ هەر جیاوازییەکی ڕێکخراوەیی و حزبییاندا لەگەڵ یەکدا بەرانبەر بەیەکتری خۆیین.



بەڵام لەناو شارەکانی کوردستاندا بزوتنەوەیەکی ژێرزەمینی چەپ دەستپێدەکات بۆ خۆجیاکردنەوە لە چەپی ناو ناسیۆنالیزمی سونەتی . بەرزە ، کار ، کارگەران ، دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا ، ڕەوتی کۆمۆنیست ، یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری ، سەرنجی کرێکار و دەیەها ئەڵقەی کرێکاری تر ، دیاردەی چەپگەراییەکی تری ژێرزەمینی شارەکانی کوردستانە . شوراکان بەرئەنجامی کاریگەری و پراکتیزەکردنی سیاسی ئەم ڕەوتە سیاسییە تازەیە .



**سەرچاوە و پەراوێزەکان :**


١- جەلال تاڵەبانی ، کوردستانی نوێ ، ژ (٢٩٦٢) ، ٢٠٠٣/١٤/١.

٣- بەختیار عەلی ، ڕۆژنامەی هاوڵاتی ، ژ( ١٠٤ و ١٠٥) ، ٢٠٠٢/١٢/٣٠ و ٢٠٠٣/١/٦ .

لەبەر زۆر دوبارەبونەوەی ئەم سەرچاوەیەی سەرەوە ناچارم تەنها یەککەڕەت ناوی بێنم.

٥- مارکس انجلس ، البیان الشیوعی ، دار التقدم ، ص (١٠ ).

٦- منصور حکمت ، اختلافاتنا ، حوار حول الشیوعیه العمالیه ، ص ( ٥٣).

٧- منصور حکمت ، سه جنبش ، سه ایندە ، انترناسیول هفتگی ، شمارە(٧ ) ، ٢٠٠٠/٧/١٦.

٨- سەرچاوەی پیشو.

٩- سەرچاوەی شەشەم ، ل(٧٣).

١٠- منصور حکمت ، دربارە فعالیت حزب در کردستان ، ص (٩).

١١- سەرچاوەی پیشو ل (٨).

١٢- حەمیدی تەقوایی ، ئەو پێویستی سەردەم بوو ، ڕۆژنامەی ئۆکتۆبەر ، ژ(٤٨) ، ل (٥).

2-Claude Le`vi-StraussK, 1987 , Det vilda tänkandet , sid 13.

4- Jonass J Magnusson, Med Marx, mot Marx, men inte utan , Göteborgs-Posten 21-07/2000.

5- Karl Marx, Fredrich Engels, Kommunistiska manifestet, 2000, sid 39.




## ئەگەرەکانی وێنەیەك

# جیهان لەبەردەم بەیەکدادان یاخود دایالۆگی شارستانیەتەکاندا



**عەدنان سەید حسێن**

لەدوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (الایات الشیطانیة)ی سلمان رشدی کەئەوکات مقۆ مقۆیەکی گەورەی نایەوە ولەلایەن خودی رابەری کۆماری ئیسلامی ئیرانەوە فەتوای کوشتنی بۆ درا ئەووێنە کاریکاریتێریانەی لەرۆژنامەی (یۆلاند پۆستن jyalland_posten ) ی دانیمارکی دا بڵاوکرایەوە

دەکرێت بەدووەم گەورەترین وروژانی جیهانی ئیسلامی دابنرێت بەرووی خۆرئاوادا لەبەرامبەر هەوڵدان بۆ قسە کردن لەو بابەتانەی کەلە ئاینی ئیسلامدا هێڵی سورن و بەزاندیان بقەیە وقسەکردن لێیان بەپێی پێوەرە ئیسلامیەکان شکاندنی بەهاپیرۆزەکانە وساناترین سزایەك بۆی فەتوای کوشتنە.

لەدەمی بلاوبوونەوەی کتێبەکەی رشدیەوە تائەمڕۆ لەسەر رووپەری سەدان کتێب و لەنێو پەرەکانی چەندین گۆڤارورۆژنامەوەو لەسەدان سایتی ئەلیکترۆنیەوە سوکایەتی بەئاینی ئیسلام کراوە و وێنای پێغەمبەری ئیسلام وەکو مرۆڤێکی خێڵەکی وشەهوانی وخەلیفەکانی ئیسلام بە سکسواڵ و خوێنرێژ کراوە و کەس لێیان نەهاتووەتە دەنگ لەمانە هەمووی سەیرتر بەشێکی فراوان لەو رۆژنامەو گۆڤارو کتێبانەی کە تیایدا سوکایەتی بە ئیسلام وخودی پێغەمبەری ئیسلام کراوە لەو وولاتانەدا بلاودەبێتەوە کەئەمرۆبایکۆتی رۆژاوا دەکەن بەهۆی وێنەیەکەوە کەرای تایبەتی رۆژنامەیەکەوگوزارشت تەنها لەبیرورای ئەو کەسانەدەکات کەلەو رۆژنامەداکاردەکەن ، لەمانەش هەمووی سەیرتربەشێکی ئەو کتێبانە بەپارەی باجی ئەو موسڵمانانە بلاو دەکرێیەوە کەبەدڵنیاییەوە ئێستا لە سەرچەند وێنەیەکی کاریکاتیری پایتەختەکانی سعودیەو سوریاو میسروباقی وولاتانی ئیسلام خوێنیان لێدەبارێت لەکاتێکدا بەدڵنیاییەوە لە (٨٠ ٪) ی ئەوانەی کەلەسەر شەقامەکان الله اکبر



دەکەن و داوای بەپەتا کردنی رۆژنامەنووسان دەکەن هیچ یەکێکیان ئەو وێنە کاریکاتێریانەیان نەبینیوە تەنانەت رۆژنامەیەکی لای خۆشمان بەر لەو هەراو هوریایە بێ ئاگا لە ئینتەرنێتەوە و بەهەندێك دەستکاریەوە یەکێك لەو وێنانەی بلاو کردبووە بەبێ ئەوەی کەبزانێت ئەمانە وێنەگەلێکن لەسەر خودی پێغەمبەری ئیسلام .

لێرەوە دەکرێت لە خۆمان بپرسین ئایا مەبەست لەبە کاریکاتێریکردن و شێواندنی وێنەی پێغەمبەر لەلای خوێنەری رۆژاوا چی یە؟ گۆچانی سیحری هەڵسانی جەماوەری ئیسلامی بەیەك دەنگ و لەیە ك ساتەتەوەختدا چی بوو؟ بێدەنگی دەوڵەت لەمەرهێرش کردنە سەر کونسوڵخانەی وولاتە ئەسکندەنافیەکان چی یە لەوولاتگەلێکی چوون ئیران وسوریادا کەیاسا تیایدا رێگە بەهیچ کۆبوونەوەیەکی جەماوەری نادات نەخوازەلا خوپیشاندان و سوتاندنی کونسولخانەی وولاتان ؟

دەکرێت ئەو هەنگاوەی رۆژنامەی یۆلاند پۆستن بەچەند ئەگەرێك لێك بدەینەوە لەوانە

ئەگەری یەکەم :بەهۆی کاریگەری نازیە نوێیەکان و حیزبە راستڕەوەکانەوە کاردانەوەیەکی رەگەزپەرستانە لای رای گشتی ئەوروپیەکان بەرامبەر پەنابەرە رۆژهەلاتیەکان دروست بووە کەزۆرینەیان ئیسلامن .

ئەگەریدووەم:گەشەی دیموکراتی لەوولاتە ئەوروپیەکان وەك



بەرزترین نمونەی ئازادی لەم چەرخەدا و دەرکەوتنی کۆمەلگەیەکی مۆدێرن وەك چۆن تارادەیەکی باش پارێزەری مافیکەمایەتیە ئاینیەکانە لەهەمان کاتدا دیاردەی پەرستن وئایینداری کالکردۆتەوەو بووەتە هۆی بەئازادی وێناکردن وقسە کردن لەمەرپیرۆزیەکان وبەها ئاینیە بالاکان کەلەرۆژهەلاتدا قسەکردن لەسەریان بقەیە .

ئەگەری سێ یەم : کەپەیوەستە بەخودی رۆژنامەکەوە کەبەرای من بچوکی رۆژنامەکەو کەمی خوێنەرو فەرامۆش بوونی بەنیسبەت رۆژنامەکانی ترەوە وای لێکرد کەهەستێت بەم کارەی بەمەبەستی خودنمایی وخۆپێناسکردنەوە لەبەرامبەر ئەوانی تردا .

ئەگەری چوارەم :زەمەنی بلاوبوونەوەی وێنەکانە کەدەکاتە سەردەمی هێرشی چرو پری ئەمریکا لە دژی جیهانی ئیسلامی و وێناکردنی کەسایەتی موسڵمانە لەمیدیاکانی رۆژئاواوە وەك کەسێکی نامۆ بەژیاری رۆژاوایی وهەمیشە لەبۆسە و پیلان دانان دایە لەدژی رۆژئاوا .

ئەگەر ئەمانە ئەگەرەکانی پشت بلاوکردنەوەی وێنەکان بێت ئەوا بێگومان فاکتەرگەلێکی بەهێزیش دەستیان هەبووە لەوروژانی موسڵمانانی جیهان وبەئەگاهاتنەوەی شەقامی خەوتووی وولاتانی ئیسلامی لەناوچەکە کەناکرێت پشت گوێ بخرێن لەگرنگترین ئەو هۆکارانەش بەرای من سروشتی شەقامی



ئیسلامیە کەتینوی دەنگ هەڵبرین وتەقاندنەوەی تورەیی نێوناخیانە کە دەسەلاتی سیاسی لەناوچەکە هەمیشە رێگربووە لەبەردەم هەموو خوپیشاندانێك و دەربرینی بیرورراکان بووە بەئازادی ،دواتر بەشێکی تر لەم وروژانە جەماوەریەدا بۆخۆی دەکرێت بە تەسفیەی حیسابات وخودنمایی ئەژماری بکەین چی لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئیرانەوە کەدۆسیە ئەتۆمیەکەی رەوانەی ئەنجومەنی ئاسایش کراوەو دەیەوێت ئەوەمان پێ بلێت کەجەماوەری ئێران بەگشتی هاودەنگن دژ بە هەموو هەوڵێکی رۆژاوا بەرامبەر بە ئێران وئێستاش ئێرانیەکان گوێرایەڵی فەرمودەکانی مەرجەعیەتن ،چی حکومەتی سوریا کە دەیەوێت بەهەمان شێوە یەکدەنگی حکومەت و گەلی سوریا نیشان بدات بەرامبەر بەرۆژاوا دوای ئەو تەنگەژە سیاسیەی کەدەسەلاتدارانی ئێستای سوریا تێکەوتوون وتێوە گلانی خودی بەشا ر ئەسەدی سەرۆکی سوریا لەکوشتنی رەفیق حەریری سەرۆك وەزیرانی پێشووی لوبنان ودەرکەوتنی دیاروبەهێزی ئۆپۆزسیونی سوریا کەئەمەش بۆخۆی وەك فشارێك لەلایەن حکومەتی سوریاو کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەرامبەر رۆژاوا بەکارهات ،دواتر ئەوەیکەگەورەترین هەڵەتی دژ بەدانیمارك ئەنجامدا خودی وولاتانی کەنداو بوون بەتایبەت سعودیە کەگەورەترین پروپاگەندەی دژ بەرۆژنامەی یۆلاندپۆستن وحکومەتی دانیمارك ئەنجامدا تەنانەت لەوولاتانی کەنداوەوە مامەڵەکردنی بازرگانی

لەگەڵ وولآتی  دانیمارك دا ڕاگیرا كەئەمەش زیانێكی ئابوری گەورەی بەحكومەتی دانیمارك گەیاند كەئەم هەوڵەی سعودیەو ولآتانی هاوشێوەی بەئامانجی ئاشتبونەوەو ڕاكێشانی دڵی جەماوەری موسڵمانی ئەو وولآتانەیە لەبەرامبەر ئەو هەموو فەسادە مالی وئیداریانەی كەلەو وولآتەو ولآتانی دراوسێیداهەیە .

دەرئەنجامەكانی ئەم ڕووداوانە هەرچیەك بێت بەڕای من دەرخەری یەك ڕاستیە ئەویش جیاوازیەكانی نێوان ڕۆژهەلآت وڕۆژاوایە وهەوڵەدان بۆنەكرانەوەو نزیك بوونەوە لەیەكتری وێنەكاریكاتۆریەكانی ڕۆژنامەی یۆلاندپۆستن تاچەند هۆگری وگیانی ئاینی و ڕوحیەتی نالێبوردەیی ڕۆژهەلآتیەكان نیشان بدات لەبەرامبەریدا حالی نەبوون ونەكرانەوەو هەوڵنەدانی ڕۆژئاوایە بەرامبەربەخوێندنەوەی ڕۆژهەلآت بۆیە ناكرێت چیدی تێزەكەی هانتیگۆن بەیەكدادانی شارستانیەتەكان بەهەندوەرنەگرین لەدووشارستانیەتی جیاوازدا كە لەپاش چەندین سالْ تێكەلاْوبوون  شەڕی وێنەكان بەلگەی حا لی نەبوون و نەگەیشتە لەیەكتر بۆیەناكرێت چیتر گۆرانی بۆ دیالۆگی شارستانیەكان بلێین تاوەكو ئامادەیی گوێ گرتن ولێبوردنمان نەبێت.

Adnansaedhusen@yahoo.com



# زانستی حەرام و سزای مزگەوت



**محەمەد حسێن**
MUHEMED-HUSEN@YAHOO.COM

شەڕی نێوان زانست و ئاین شەڕێكی كۆن و تازەیشە ، كۆنە بەو مانایەی كە لەپێش سوتاندنی جۆردانۆ برۆنۆوە دەستی پێكردوە ، تازەیشە بەو شێوازەی كە ئەمڕۆ بلندگۆی مزگەوتەكان لە كتێبەكەی (مەریوان هەڵەبجەیی) كراوەتە سەنگەری فتوای خوێن حەلآڵ كردنی . بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی ئەو كتێبە چی ئەلێت یان چەند زانستییانە سەرچاوە و داتاكانی بەكارهێناوە  و چەند بێلایەنی زانستییانە زاڵبووە بەسەر بیروڕا ئایدۆلۆجیەكانی نوسەردا ، ناكرێت بەم جۆرە هەڵوێست لە كتێبێك وەرگیرێت ، كە ئەمڕۆ لە دژی ئەم كتێبە شەڕێكی ترسناكی تاریك بەرپا ئەكرێت ، كە من بێگومانم بەشی



هەرە زۆری ئەوانەی ئەو شەڕەیان ڕاگەیاندوە ، هێشتا كتێبەكەیان نەخوێندۆتەوە . پرسیاری بنەڕەتی ئەم نوسینە ئەوەیە ، ئایا دەشێت بە بیانوی پاراستنی هەستی ئایینی و دەست نەبردن بۆ پیرۆزیەكان ڕێگە لە ئازادی لێكۆڵینەوەی زانستی بگرین ؟ ئەمە سەرچاوەی كێشەكەیە ، تائێستایش بەڕەوا نابینرێت هەندێك بابەت ملكەچی توێكاری زانستی بكرێت ، بەو لۆژیكەی كە زانست كۆمەڵێك حەرامی خۆی هەیە و نابێت كەس بتوانێت دەستی بۆ ببات . گەر نوسەر و شارەزا و ئیسلام ناسەكانی كۆمەڵگای خۆمان گفتوگۆیەكی زانستی ئەم كتێبەیان بكردایە و هەڵە زانستییەكانیان بۆ دەست نیشان كردینایە ، ئەوا ئەوكات ئەكەوتینە بەردەم ئەو دیالۆكە زانستییەی كە هەم زانا ئایینییەكان و هەم بۆ ئەوانەیش ئەیانەوێت بە میتۆدە زانستییەكان ئایین و دیاردە پەیوەندیدارەكان بە ئایینەوە شیكار بكەن ، كەڵكێكی زۆری ئەبو .

ئەم دەستتێوەردانەی زانا ئایینییەكان بۆ كایەی زانست دو ئەنجامی كوتوپڕی هەیە ، جگە لەدەرەنجامە دور مەداكانی :

یەكەم : ڕەوتی گەشەكردنی زانست و بە تایبەتی بواری زانستە مرۆییەكان گۆج ئەكات و كەشێكی تیرۆركارانە زاڵ ئەكاتە سەر ناوەندە ڕۆشنبیرییەكەدا . هیچ بوارێكی تر هێندەی زانست و ڕەوتی زانست بە داخستنی فەزا ئازادەكەی گۆج نابێت ، ئەنجامێكی سروشتی ئەمەیش زاڵبونی ئەو عەقڵیەتانەیە ، كە



هەمیشە خەریكی زەمینە خۆشكردنن بۆ دانانی وەزارەتی ( أمر بالمعروف و نهی عن منكر ) .

دووەم : ئەم ئالۆزیە ئەكرێتە بابەتی مزایەدەی هێزە توندڕەو و تەكفیرییەكان و بازاڕێكی گەرمی مشتومڕی ڕۆژانەیان بۆدروست ئەكات ، ئەزمونی ئەزهەر و تەكفیركردنی ڕوناكبیرانی مسر نمونەیەكی باشی ئەم واقعە تالەن .

زانست كایەیەكی سەربەخۆیە و هەر خۆی پێداویستی و هەلومەرج و بابەتی لێكۆڵینەوەی خۆی دیاری ئەكات ، هەر خۆی جۆری پەیوەندی و كارلێكردنی لەگەڵ كایەكانی تردا دەستنیشان ئەكات . ناكرێت جەماوەر و خەڵكی شەقام و لایەنگرانی فتوا ئایینییەكان ئەوەمان بۆ دیاری بكەن ، كە زانست كار لەسەر چی بكات و چیشی لێ قەدەغەیە ، ئەمە دەچێتە سنوری كاری ئەو پسپۆڕانەوە لە بوارە زانستییەكاندا  سەرقاڵن ، گەر هەر هاوڵاتیەكیش بۆچونێكی جیاوازی هەیە لە بۆچونی هەر نوسەرێك یان كتێبێك ، ئەوا دەبێت هەر بە لۆژیك و كەرەستە زانستییەكانی نوسین  پراكتیكی جیاوازی بونی خۆی بكات ،  بە پێنوس وەڵامی هەر كتێبێك بداتەوە ، كە ناكۆكە لەگەڵ بیروباوەڕیدا نەك بە فتوای ئاگرین .. ئەوەی ئەمڕۆ مەلاكانی لای خۆمان ئەیكەن ، نەریتی سەدەناوەندییەكانە نەك سەردەمی كۆمەڵگای نیتۆرك و شۆڕشی زانیارییەكان . گەر زانا ئایینییە بەڕێزەكان هێندە بە گەرمیەوە بایەخ بە كێشەكانی كۆمەڵگا

ئـەدەن ، بەرامبـەر ئـەو هـەمو مزگەوتـەی کـە بەعـسییەکان ڕوخاندیان ، بێ ئەوەی بهێڵن کەسێك قورئانەکانی ناوی دەربکات یان ئەو هەمو پێشمەرگەی لە شەڕی ناوخۆدا بە دیلی ئەکوژران ، بۆ ئەم هەڵوێستەی ئێستایان نەبوو ؟

لە کۆمەڵگایەکدا کە بە ڕاستی پەرلـەمان و حکومـەتی یاسا و مافی هاولاٚتیبونی تیا بێت ، هـەم ئایین و هـەم زانـستیش تیایـدا وەکو یەك دەرفەت و ڕۆڵی خۆیان هەیـە ، وەك دو کایـەی جیـاواز هیچ کامیان سنوری ئـەوی تریـان نابـەزێنێت . ئـەو پێداویـستییە ڕۆحیانەی ئایین بۆ کۆمەڵگای دابین ئەکات ، نە بەزانست و نە بە هیچ شتێکی تریش قەرەبو ناکرێتەوە ، لە بەرامبەریشدا ئـەوەی زانـست لـە ژیـانی هاوچـەرخدا بـە مـرۆڤ و شارسـتانیەتی ئەبەخشێت مەحاڵە بکرێـت لـە قبوڵکردن و بەشداری کردنـی زیاتر هیچ هەڵوێستێکی ترمان هەبێت بەرامبەری . ئـەمڕۆ ژیـان بە جۆرێك گۆڕاوە ، ناکرێت زانا ئایینییەکان هەر فتوایان هەبێت بەرامبەر ئەو بۆچونانەی پێیان ناکۆکە ، پێویـستە ئـەوانیش بیر لـە دیـالۆك و گفتوگـۆی ئـەو جیاوازیانـە بکەنـەوە ، کـە تێگەیشتنێکی تریان بۆ دنیا هەیـە . دەشێت کـەڵك لـەو بەشـەی کولتوری ئیسلام وەرگرن ،کە لـە ( ئیـبن الڕوشـد و واسـڵی کوڕی عەتا و موعتەزیلەکانەوە ) دێت و بنەمایەکی باشیان بـۆ دروست ئەکات ، تا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە گرفت ئامێزانە بکەن . ئـاڵۆزکردنی پەیوەنـدی نێـوان مزگـەوت و ئـەو لێکۆڵینـەوە



زانـستییانەی کارلەسـەر دیـاردە ئایینییـەکان ئەکـەن ، وەك چۆن ڕەوتـی زانـست لێـی زەرەرمەنـد ئەبێـت ، ئـەوا لایەنـە لێبوردە و کراوەکـەی ئـایینیش لێـی زەرەرمەنـد ئەبێـت . کـە گوتـاری مزگەوتـەکان کرایـە شوێنی تـەکفیرکردن ، ئیـتر نابێـت دیـاردەی وەك ئەیمـەن زەوا هـیری بەحالـەتی شـاز نـاو ببـەین ، چـونکە گەمەیـەکی وا مزگەوتـەکان ئەکاتـە مەکینـەی بەرهەمهێنـانی توندڕەوی و قوتابخانەی ئەو عەقڵیەتانەی پسپۆری دروسـتکردنی کارەساتن . مەلاکانی ئێمە لەجیاتی ئەوەی بە زمانی ڕەتکردنـەوە و فتوا هاتونەتە گۆ ، ئەبوایە بەلۆژیکی نوسین و بەڵگە هێنانـەوە ئەو هەڵە و کەموکوڕیانەیان بۆ دیاری کردایەین ، کە لەم کتێبەدا ئەوانی قەڵس کردوە .



## بەبۆنەی (٨) مارس

# کچان بەرچاو ناکەون

**وەرگێڕانی بۆ فارسی/ کبوترا رشدی**

**وەرگێڕانی بۆ کوردی/ عمر عەبدول کەریم**

بۆ یەکەمین جار کە تامی تاڵی (کچ بـون)م چێشت ، کاتێـك بـو کە تەمـەنم یـازدە سـالاٚن بـو وە تـازە بـرا بـچوکەکەم لـەدایکبوبو. لـەدایکبونی منـداڵی کـوڕ لـەناو خێزانێکـی چێـشتکەری هنـدییـا شـتێکی زۆر بەنرخـە . بـە لـەدایکبونی براکـەم ئەندامانـی خێزانەکەم بەخۆشحاڵییەوە ڕویان کردە من و وتیـان" هـەی بـەد بەخت ، بێ چارە ، ئێمـە ئێستا ئـەو شتەمان هەیـە ، کـە ئـەمان ویـست ، کوڕێـك ، میراتگرێـك" ، بـەڵێ ئـەو رۆژە بـەو هەواڵـە ناخۆشە هەمو خەیاڵەکانی من تێکشکان.

لـە دونیـای ئـەمرۆدا بـۆ نمونـە هـەبونی سێ کـچ تێکچونێکی هۆشی گەورەیە ، کە ئـەم مەسـەلە خـۆی لەخۆیـدا هیـچ ڕوداوێـك نییـە ، بـەڵکو ئێمـە دەبێـت لـەو بـاوەڕەدا بـین ، کـە کـچ ئـەمڕۆ ئـافرەتی دوارۆژە ، ئەگەرچـی پـلان داڕێـژەران و پەرەپێدەرانـی



فیمینیزمیەکان (هەوادارانی یەکسانی مـافی ژنو پیـاو) بـەم بـارە کۆکن ، بەلاٚم وادیارە کـە گرنگـی تـەواو بـەم پەیوەندییـە نـادەن ، چونکە ئەمڕۆ کچان بەو ئەندازەیە لە پرۆگرامەکانی پەرەپێداندا بەرچـاو ناکـەون ، وەك ئـەبێ ئاگـاداری ئـەوە بـین ، کـە ئێـستاش کچانن نەك ژنان. ئەمە بەهۆی بونـی جیـاوازی ڕەگـەزی و کەمـی تەمەنی خۆیان . لەپرۆگرامی نابەرانبـەری ئێـستادا ئـازاری زیـادە ئەچـێژن ، ئاشکراشـە کـە ئـەم بارودۆخـە خـۆی لەبەرگریـەك لەبەرانبەر پەرەپێدانی واقعی جیهاندا ئەژمێردرێت.

لـە کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتیـدا دەوڵەمەنـد و هـەژار ئەوانـەش لـەکاتی پەرەپێـدانن . سیـستەمی پیاوسـالاری بەسـەر چارەنوسـی کچدا سێبەری هەڵداوە ، منداڵی کچ هەر لەو کاتـەی دێتـە دنیـاوە بە ناونیشانی رەگەزی بێ قابیـل (پەسـت) بەسوك سـەیردەکرێ . لەسەرانـسەری دنیـادا زۆربـەی خێزانـەکان هەوڵئـەدەن ، کـە کـچەکانیان ئافرەتانـە پـەروەردە بکـەن . ئافرەتانـە بـە مانـای کائینێکی گوێرایەڵ کە تایبەتە بەماڵەوە وە هاوسـەری و دایکبـون ئەوپـەری ئارەزویـەتی . ئـەم پەروەردەیـەش بەشـێوەی ئاسـایی لەخێزانـەوە دەسـت پێـدەکات و لـە قوتابخانـە و ژینگـەی کـاردا بەردەوام دەبێ و بەپێی یاسا و سونەت و ڕاگەیاندنـە گروپیـەکان و سیاسـەت بـەتین ئـەکرێت . ئـەمجۆرە پەروەردەیـە کـە تیـشکدانەوەی دەمـارگیری کۆمەڵگەیـە ، نـەك تـەنها کـچان لـە ژیـانێکی تۆکمـە بـێ بـەری ئـەکات ، بـەڵکو لەهـەمان کاتیـشدا

کۆمەڵگە لە هێزی کاری ئافرەتان مەحروم دەکات.

ئەو ئیمتیازانەی کە بەهۆی پیاوبونەوە ئەدرێتە بەشێك لەکۆمەڵگە ، هۆی پێشکەوتنی ئەوانە بەنسیبەت ئافرەتانەوە ، هەر ئەمەشە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا خێزانەکان کوڕیان زیاتر دەوێ وەك لە (کچ).

لە کۆمەڵگەی سونەتیدا بۆئەوەی گریمانەی لەدایکبونی منداڵی کوڕ زیاتر بێت ، خێزانەکان ئاسایی لەیەك بەرنامەی خۆراکی تایبەت وە راسپاردەکان لەبارەی چۆنیەتی فێرکردنەوە پەیڕەوی دەکەن . هەتا لە وڵاتە گەشەکردوەکاندا چەند ریوایەتێك دەنگۆی هەیە ، کە گوایە ئەگەر دایك خوێی پاك ، جۆری سرکە یان پیکینگ پاوەر بەکاربهێنێت ، منداڵەکەی کوڕ دەردەچێت.

لە دەیەکانی کۆتایدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی پرۆگرامی زانستی دەرمانی و بەکارهێنانی وەسیلەی بەرگری لە سکپڕی یارمەتی ئافرەتانی داوە ، کە زیاتر لەوەی کە ئایانەوێ منداڵ نەهێننە دنیاوە . لێکۆڵینەوەکان کە لەم دوایەدا لەلایەن دو لێکۆڵەری هندییەوە ئەنجام دراوە بە ناوەکانی (بامباوال) و (راماناما) کە لەسەر (٧٠٠) ئافرەتی سکپڕ ئەنجامیاندا ، ڕونی ئەکاتەوە کە (٤٪) دایکانێك کە بەئاگا نەبن لە کچ بونی منداڵی داهاتویان ماوەی سکپڕیەکەیان تا کۆتایی درێژە پێ ئەدەن ، (٩٦٪)ەکەی تری بەشێوەی گشتی بیر لەباربردنی کۆرپەکە (جنین)یان ئەکەنەوە ، بەپێچەوانەوە (١٠٠٪) دایکانێك



کە لە کوڕ بونی کۆرپەکەیان دڵنیا ئەبن ، بەپێچەوانەوەی گریمانەی دەرکەوتنی خراپی خرۆکەی ماوەی سکپڕیەکەیان بەچاوەڕوانی لەدایکبونی (کوڕ) کۆتایی پێدەهێنن.

هەڵبەت لە ئەمریکاشدا خێزانەکان بونی منداڵی کوڕ لە کچ بە باشتر ئەزانن ، بەتایبەت ئەگەر منداڵی یەکەم تا منداڵی خێزان بێت . وەکاتێ لەپاڵەوانی بۆکسێنی جیهانی لە (محمد عەلی کەلای) پرسیار ئەکرێ ، کە چەند منداڵی هەیە؟ بەبێ شەرمکردن وەڵام ئەداتەوە:"یەك کوڕ حەوت هەڵە".

جیاکردنەوەی رەگەزی لەبۆنە پرسە دارەکانیشدا (تەعزیە) بەدی ئەکرێت ، بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە لەسەر (٢٣٦) خێزانی ئەمریکی ئەنجامدرا ، گەشتینە ئەوەی کە غەمی لەدەستدانی منداڵی کوڕ زیاتربووە وەك لە منداڵی کچ.

بناغەی جیاوازی رەگەزی بەدرێژایی مێژو بەشێوەی پەندی گشتی لەبارەی ژیانی میللەتەکان بەرگوێ ئەکەوێ:

لە یۆنانو (رۆم)ی کۆندا بە دایکان راسپێری دەکرێ ، کە منداڵە کچەکانیان بدەنە دەستی هۆکارە سروشتییەکان تا بپروکێن ، چونکە بونی کچ بۆ ئەمانە ئابڕوبەر بو ، هەتا لەنێوان هەندێ لە یەهودییەکاندا ، جاری وا هەبو کە باوکی منداڵ لەکچەکەی ئەدا.

لە بەریتانیادا لەکاتی لەدایکبونی کوڕ ، بۆ رێزلێنانی شازادە ( ٢١) گولە تۆپ دەتەقێنرێ ، لەکاتێکدا لەدایکبونی شازادەی کچ تەنها (١٠) گولە دەتەقێنرا و ڕادەگەیەنرا یان لە پەندێکی



ئەڵمانیدا کە (ماڵێکی پڕ لەکچ بەژێر زەمینێکی پڕ لەئاو و جۆی ترشاو نەچوێنرێ) ، لەنێوان قەبیلەی زولوەکانی ئەفریقای باشوریدا کچ بە "عەلەنی بێ کارە" دائەنرێ ، هەڵبەت بەگرنگی پێدان بە بەها کۆمەڵایەتییە پێویستییەکان ، بابەتە نوسراوەکان ، ناتوانن بەهای راستەقینەی کچان لەخێزان و کۆمەڵگادا دیاری بکەن.

لە وڵاتە تازە پێگەیشتوەکاندا منداڵان (چ گەورەکان چ نەوجوانان) بە نان پەیداکەری خێزان دەژمێردرێن ، کەوابو لە دابەشکردنی خۆراك لەناو خێزانەکاندا بە بەرژەوەندی ئەوان تەواو دەبێ ، هەڵبەت لە وڵاتە پێگەیشتوەکاندا "پارچە گۆشت" لە قاپی کوڕاندا زیاترە وەك لە هی کچان وە هەر کچانن کە لە پێشهاتەکانی وەك (بێ موشتەهابی تورەیی) کە ئەنجامی باوەڕ بەخۆنەبونی هۆشی بە ئازار ئەکێشن.

بەپێی ئامارێك کە تۆمارکراوە لەلایەن رێکخراوی (UN) وە ( ٦٠) ملیون لەکچان لەپێشبڕکێیەکدا لەگەڵ (٤٠) ملیۆن کوڕدا لەئاستی جیهانیدا ناگەن بە قوتابخانە سەرەتاییەکان.

لێکۆڵینەوەیەك کە لەئەفریقا و ئاسیا و هەروەها ئوستراليا و کانەدا و ئیتاڵیادا ئەنجامدراوە ڕونی دەکاتەوە ، کە منداڵانی کچ ئەرکێکی قورسی کاری بێ پاداشت یان پاداشتێکی کەم ماڵییان لە دەرەوەی ماڵ قەبوڵ ئەکەن ، لەکاتێکدا کوڕان شوێنێکی تەواو جیاوازیان هەیە لە ئەمریکادا ، کە کوڕان بەسودتر لە کچان



ئەژمێردرێن . هەر لەبەر ئەمەشە کە کوڕان زوتر ئەگەن بە بەهای کار و پەیوەندییەکاریەکان بۆ پاداشت ، هاوکات کچان بەهەستکردنی مافی نەناسراوی کارکردن بەبێ پاداشت دوچاری نائارامی ئەوەی کە ئەمڕۆ لەژێر جیاوازی رەگەزی کچاندا تێئەپەڕێ ، سبەی کاریگەری ئەبێ لەسەر ژیانی ژنان و دایکانی ئایندە.

ئەمڕۆ کچان لەژێر پەروەردەیەکی رەگەز گەراییدان ، چۆن ئەتوانرێ ئەم ماوە هیچە بوەسێنرێ ؟ یەکەمیان هەنگاوێك بۆ ئەم کارە بکرێت ئەبێ ئەم دیدگایانە لە"منشور جنسیت" بڵاوکراوەی تاکگەرایی تێ بپەڕێنین ، واتە هەمو داڕێژراوانی هۆشی و بەرنامە رێژیەکان و ئامێرەکانی چالاکی پەرەپێدانی منداڵەکان لە ڕوی جنسیەتەوە جیابکەینەوە و شی بکەینەوە و بەرنامەیەکی قەرەبویی سەخت بۆ چاکسازی کاریگەرییەکانی دەمارگیری پیاوگەرایی پێشین ئامادەبکەین ، بەهەرحاڵ گرنگترین مەسەلە ئەوەیە ، کە بناغە رەچەڵەکیەکانی دادپەروەری (عەدالەتی) سەردەمی منداڵی و پاراستنی شوناسنامەیی و مافی مرۆڤایەتی کچان بایەخی پێ بدرێ و هۆکارەکانی جیاوازی رەگەزی لە پەروەردەکردنیاندا بەتوندی ئیدانە بکرێت.

لەساڵی (١٩٨٩)دا لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە یەکەمین بەڵگەی جیهانی دەربارەی پێویستی دادپەروەری رەگەزی سەردەمی منداڵی تۆمارکراوە ، ئەم بەڵگەیە لەلایەن (١٥٠) وڵاتی

جیهانەوە پەسەند کرا ، کە بەبێ (مافەکانی ئازادی)[1] منداڵان بو . بەشێوەی گشتی ئەم بەڵگەیە دیاریکەری مافی مانەوە و پاراستنی و پەرەپێدانی گۆڕاندنی منداڵانە بێ گوێدانە ڕەگەزەکانیان ، تەنها خاڵی لاوازی ئەم بەیاننامەیە لەوەدایە ، کە جیاوازی کردنی ڕەگەزیی دایکان و باوکانی بەرامبەر منداڵەکانیان بەناونیشانی شکاندنی مافی منداڵان بە ڕەسمی نەناساندوە ، بەڵام بڵاوکراوەی مافی مرۆڤ بەدەرکردنی مافی کچان بەپلەدان و جیانەکردنەوە بێ جیاوازی و پێویستی مافی ژنان هەنگاوێکی بڵندتری نا ، ئەگەرچی لەم بەیاننامەیەشدا کەمتر مافی کچان لەخێزانەکان و پاراستنیانی تێدا هاتووە ، لەوێ کە بەزۆری دایك‌وباوك لەبەردەوامبونی خوێندنی کچان مەحروم دەکەن یان پێش گەیشتن بەتەمەنی یاسایی ئەنێردرێنە ژینگەی کارەوە وە هیچ پاراستنێکی یاسایی بۆ ئەوان بەرامبەر بەخێزان بونی نییە . ئەگەرچی هەوڵدان بۆ دابینکردنی بودجەی تەندروستی و فێرکاری بۆ کچان بەمەبەستی نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی سەختە ، بەڵام گۆڕانکاریەك کە لەم ڕێگەیەدا بەدەست دێت زیاتر وێنەییە و باوەڕپێکراو نییە ، ئەوەی کە دەبێت بگۆڕدرێ و تێکۆشانی دەوێت ، بەها پیاو سالاریەکانە ، کە ریشەی لە سونەتی و فەرهەنگ و هۆکاری ئابوری - کۆمەڵایەتی داکوتاوە و ژیانی تایبەتی مرۆڤەکانی دروستکردوە دوای دەکەوێت.

ئەو لایەنانەی کە خرانەڕو لەراستیدا گیروگرفتێکن لەسەر



ڕێگای کۆششەکانی نەتەوە یەکگرتوەکاندا ، بۆ دابینکردنی دادپەروەری ڕەگەزی سەردەمی منداڵی وە ئەوەی کە لەکۆنفرانسی (پەکیندا) ئەبێ بەتوندی بخرێتەڕو ڕەخنەگرتن و تاوانبارکردنی ئیمپریالیزمی ئایدیۆلۆژیای زانستە.

ئەبێ بوترێ کە ریشەکێشکردنی بەها پیاو سالارییەکان تەنها بەشێوەی کۆمەڵ و هاوئاهەنگی و بەردەوامی ئەنجام بەخشە ، تەنها لەم ژینگە دایە کە کچان ئەتوانن دادپەروەری ڕەگەزی سەردەمی منداڵی بەرجەستە بکەن (دەستی پێوە بدەن).

تائێستاش فیمیزمەکان و پلان داڕێژرانی پەرەپێدان بە ئەنجامێك پشتیان ئەبەست ، کە پێشکەوتنی ژنان لەکۆمەڵگادا بەشێوەی (ئۆتۆماتیکی) پێشکەوتنی کچانیشی لەگەڵدا دەبێت ، لەراستیدا بێ ئامانجی ئەم بیردۆزەیە لە پەرەپێدانی ژنان و پەرەپێدانی ئابوریدا تاقیکراوە ، لەوڵاتە گەشەکردوەکان و ئەوانەش لەگەشەکردنداد ڕون بوەتەوە ، کە ئەگەر نان لە شوێنێکی باشدابن لەکۆمەڵگادا ، ئەوا کچان لەم ئەزمونە چێژبەخشەدا پشکێکیان نابێت ، بەشێوەی وردتر ئەبێ بیر بخرێتە لای ئەمە کە ستراتیژی لێهاتویی کچان بەواتای هەبونی ژنانی لێهاتوە.

**(1)** (Neer-sononi) **لێکۆڵەری هندییە، کەلەبارەی بێ ئامانجی هەوڵەکان و بەرنامەکانی پەرەپێدان، کاتی لەبەرچاونەگرتنی کچاندا ئەکۆڵێتەوە و لەلایەنەکانی تری لێکۆڵینەوەکەی و فراوانکردنی ئارەزوی ژنانە بەکارکردنەوە.**



# کۆچکردن و
# کاریگەرییەکانی لەسەر ئابوری

**نوسینی:** Alisdair Royers
**وەرگێڕانی بۆ فارسی: مەهدی دهقان**
**وەرگێڕانی بۆ کوردی: کنعان نوری**

دۆزینەوەی تۆقێنەری تەرمی (٥٨) کەسی چینی لە کانتینەری گەلا بەیەکدا لە بارگەکانی (Dover) لەژوئەنی ساڵی (٢٠٠٠) دا، خەڵکی بەریتانیای بەئاگاهێنایەوە ، کە کۆچی نێو دەوڵەتی تا چەند مەترسیدارە ، ئەم ڕوداوە نمونەیەکی شاز نەبو ، ڕوداوی مەرگباری لێکچوی ئەمە لە وڵاتە یەکگرتوەکان ، کەنەدا ، ئیتاڵیا و ئوستڕالیادا ڕوی داوە ، ئەم ڕوداوە دەربارەی زیادبونی کۆچکردنە جیهانییەکان تەنها وەکو مشتێکی نمونەی خەروارە ، گۆڕانکاری لە کۆچکردنەکان ئەوەندە خێرا و بەربلاوە ، کە زۆربەی دەوڵەتان و خەڵك بێ ئاگان لەوەی کەچی لە حاڵەتی ڕوداندایە ، ئێمە لێرەدا دەتوانین بەلایەنی کەم ئاماژە بەپێنج ناونیشانی گرنگ دەربارەی کۆچکردنەکان بکەین.



**١. ژمارە :**

کۆچی نێو دەوڵەتی بەماوەی دوری زۆر هەمو ڕۆژێك باوتر دەبێت ، هەرچەند هێشتا لە پەنجا کەسدا لە کەسێك کەمتر لەخۆ دەگرێ ، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار (ilo) دەریخستوە ، کە ئێستا زیاتر لە ١٢٠ ملیۆن کەس لەخەڵکان لەدەرەوەی وڵاتی نیشتمانی خۆیاندا ژیان دەبەنە سەر ، کە ئەم ژمارەیە لە زیاد بوندایە ، ئەم ژمارەیە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی (١٩٦٥)دا ، کە ٧٥ ملیۆن کۆچبەری نێو دەوڵەتی بو زۆر زیاترە ، بەڵام لەسەدەی نۆزدەدا کۆچبەرە نێو دەوڵەتیەکان بە بەراورد لەگەڵ دانیشتوانی جیهاندا زیاتر بونە و ژمارەیەکی زۆر لەخێزانە کۆچبەرە نیشتەجێکان و کرێکارانی هەرزەکار لەم سەردەمە لە ئەوروپا و چین بۆ وڵاتانی ئەمریکا و ئوسترالیا و ئەفریقا سەفەریان کرد. لەنێوان ساڵانی (١٨٤٦) و (١٩٣٩) نزیکەی ٥٩ ملیۆن کەس تەنها لە ئەوروپاوە دەرچون.

**٢. جوگرافیا :**

چۆن ڕێژەی کۆچکردن زیادی کردوە ، ژمارەی وڵاتە گرنگەکانی نێرەر و وەرگری کۆچبەریش گەشەی هەبووە و نمونەی جوگرافیای کۆچی نێو دەوڵەتی جۆراوجۆرتر بووە ، لەئەنجامی گۆڕانکارییەکانی ئابوری جیهان و بەهۆی ڕوداوە ڕامیارییەکان وەکو کۆتایی هاتنی جەنگی سارد ، کە هاوڵاتیانی سۆڤیەتی پێشوی ئازادتر کرد لەبواری سەفەرەکانیان بۆ دەرەوەی وڵات ،

هەر بۆیە کۆچکردن لەڕوی بەربڵاوییەوە جیهانی تر بووە.

بەپێی هەژماردنەکانی ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی کار لەنێوان ساڵانی (١٩٧٠) تا (١٩٩٠) ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە بەشی سەرەکی وەرگری کۆچبەریان پێکدەهێنا لە ٣٩ بۆ ٦٧ وڵات زیادی کردوە ، هەر لەم کاتەدا ژمارەی وڵاتانی سەرەکی نێرەری کۆچبەر لە ٢٩ گەیشتە ٥٥ وڵات.

دەتوانین لە وڵاتانی نوێی وەرگری کۆچبەر، کە وڵاتانی حەوزی کەنداوی فارسی - عەرەبی (کە پاش قەیرانی نەوت لەساڵی ١٩٧٣ دەوڵەمەند بون) وە هەروەها وڵاتانی نوێی پیشەسازی وەك مالیزیا ، هۆنگ‌کۆنگ و سەنگافورا ناو ببەین . نێرەرانی نوێی کۆچبەریش روسیا و چین لەخۆ دەگرێ ، کە ئەو دەوڵەتانە لە دەیەی (١٩٨٠) قەدەغە بونی سەفەرەکانی دەرەوەی وڵاتیان لابرد ، هەرچەند هەمو جوڵەکە کۆچکردووەکان لەو وڵاتانەی کە ئابوریان کەمتر پێشکەوتوە بەرەو وڵاتانی زیاتر پێشکەوتو ڕوودەدات ، بەڵام لەژمارەی ئەو وڵاتانەی کە هەم وەرگر وە هەم نێرەری کۆچبەریشن زیادبون دەبینرێت. بۆ نمونە مەکسیك ، هەمو ساڵێك دەها هەزار کەس لە دانیشتوانەکەی بۆ وڵاتە یەکگرتوەکان دەنێرێ ، بەڵام لەبەرانبەردا کۆمەڵە کۆچبەرێکی زۆر لەوڵاتە هەژارەکانی ئەمریکای ناوەڕاست وەردەگرێ ، هەندێ لەوڵاتان وەکو ئیتاڵیا و پورتوگال و ئیسپانیا هەڵوێستی خۆیان لەناردنی کۆچبەرەوە بۆ وەرگرتنی کۆچبەر گۆڕیوە ، چونکە



لەدەیەی (١٩٦٠) بەدواوە ئابوریان گەشەی کردوە و ئیتر کرێکارە لاوەکانیان ناچار نەبون بۆ دۆزینەوەی پیشەیەکی باشتر بۆ دەرەوەی وڵات سەفەر بکەن ، لەدەیەی (١٩٨٠) کۆچبەرێکی زۆر لە وڵاتانی باکوری ئەفریقیا و حەوزی بەلقان بۆ گەڕان بەدوای چارەنوسی خۆیان بۆ ئیسپانیا و ئیتاڵیا ڕۆشتن.

**٣. جۆری کۆچبەرەکان :**

لایەنێکی جیاکەرەوەی تەواو لەنێوان کۆچبەرە ناچارییەکان (اجباری) و کۆچبەرە خۆویستەکان (اختیاری) هاتۆتە ئاراوە ، کۆچبەرە ناچارییەکان ئەو پەناهەندانەن کە بۆ پاراستنی ئاسایشیان لە بەربەرەکانێ و ئازار و زەحمەت بۆ وڵاتێکی تر هەڵدێن . ئەمرۆکە نزیکەی ١٤ ملیۆن کەس لەم پەناهەندانە لەسەرانسەر جیهاندا هەن ، لەم دواییانەدا قەیرانە ژینگەییەکان وەك وشکە ساڵییەکان یان لافاوە بەهێزەکان لە هۆکارە سەرەکییەکانی کۆچکردنە ناچارییەکان بەژماردێن ، کۆچبەرە خۆویستەکان کەسانێکن ، کە هۆکاری ئابوری دەکەنە بیانویەك تا لەوڵاتانی تر نیشتەجێ ببن ، کاتێ کە تێکرای موچەی کرێکارێکی پیشەسازی لە وڵاتە یەکگرتوەکان نزیکەی ٨٠ جار زیاتر بێ لەم موچەیە ، لەوڵاتی چین دەتوانین تێبگەین بۆچی کۆچکردن ڕوودەدات ، نایەکسانی ئابوریش بەدوای ئەم جیاوازییە دەرامەتیە لەزیاد بوندایە.

لەڕاستیدا هیچ کاتێك ناکرێت ، کە کۆچبەرە ناچارییەکان و



خۆویستەکان لەیەك جیا بکەینەوە ، زۆرجار کەسەکان بەهۆکاری جۆراوجۆر بەرێ دەکەون وە کۆچبەرەکان زۆربەی کات لەو شوێن و کۆمەڵگایانە نیشتەجێ دەبن ، کە پێشتر کۆچبەرە خۆویستەکانی ئەو وڵاتەی تێدا بووە ، بۆ نمونە نزیکەی ١٠ هەزار ئەلبانیایی لە لەندەن نیشتەجێ بونە ، کە دوای جەنگی کۆسۆفۆ لەساڵی (١٩٩٩) کۆمەڵە پەناهەندەیەکی زیاتر گەیشتە لایان.

**٤. ڕەگەز :**

لەرابردودا بیرۆکەیەکی وا هەبو ، کە نەك تەنها ژمارەی پیاوانی کۆچبەر بەرانبەر ژنان زیاترە ، بگرە پیاوان زیاتر بۆ سەفەرکردنی دور و درێژ هەڵدەستن . ئەم بیرۆکەیە یەکێکە لەبنەما بەناوبانگەکانی راڤن ستین (Raven Stein) لەدەیەی (١٨٨٠)دا بووە ، ئەوەی کەلەدەیەی (١٩٨٠) گۆڕاوە ، کە سەفەرکردنی ژنان چ بەشێوەی تاك یان بەشێوەی ئەندامی خێزانێك لەزیادبوندایە ، لەبارەی وڵاتە نێرەرەکانی کۆچبەر لەئاسیا وەك ئەندەنوسیا و فیلیپین ئەم راستیە هەیە ، کە ژمارەی کۆچبەرە ژنەکان لەژمارەی کۆچبەرە پیاوەکان زیاتر بووە ، نیوەیەك لەو کۆچبەرانەی کە بەم دواییانە بەشێوەیەکی یاسایی چونەتە ئەمریکا و ژنان پێکیدەهێنن . لەم بارەیەوە دو هۆی سەرەکی هەیە: ئەو وڵاتانەی کە ئابوریان کەمتر پێشکەوتوە ، ئەوا ژنان تیایدا خاوەنی ئازادی یەکسانین و لەوەی کە توانایەکی زیاتریان بۆ بەدەستهێنانی داهات بۆ ژیان و بڕیار دەرکردن بۆ



خۆیان هەیە ، هەروەها لەوڵاتانی زیاتر پێشکەوتو داواکارییەکی زیاتر بۆ کرێکاران بەمەبەستی سود وەرگرتن لە پیشەسازیو هەروەها ئەو پیشانەی کە زۆرجار پێویستیان بە ژنان هەیە دەبینرێت: خزمەتگوزاری ماڵان ، پەرستاری ، کار لە هۆتێل و ریستورانتەکان ، گەشتوگوزارو بابەتی سێکسی ، هەروەها کارخانە ئەلیکترۆنییەکان لەئاسیاش لەهێڵی وەبەرهێنانیانەوە پێویستیان بەژنانی کرێکاری گەنج هەیە.

**٥. ئەودیوی ناسیۆنالیزم (فراملی گرایی) :**

جگە لەئینتەرنێت و ڤیدیۆ و تەکنەلۆژیای تری راگەیاندن و شۆڕشی پەیوەندییەکان ، ئێمە لەسەردەمی فڕۆکە کەم مەسرەفەکان و گفتوگۆ تەلەفۆنییەکان بەدوری زۆر ، بەڵام هەرزان ژیان بەسەر دەبەین . ئەمڕۆکە گەشتیارانی فڕۆکەکان لەهەر میلێکدا تەنها ١/٥ ئەو تێچونە خەرج دەکەن کە لەدەیەی ( ١٩٣٠) خەرج دەکرا ، لەئەنجامی ئەم پێشکەوتنانە تا رادەیەك ئیتر پێویست ناکات ، کە جوڵەی کۆچبەرەکان هەمیشەیی بێت ، ئەوان دەتوانن بەئاسانی بڕیاری خۆیان بگۆڕن ، دەتوانن لەماوەی هەفتەیەکدا گەشتی ڕۆشتن و هاتنەوەشیان هەبێت ، ئەوان دەتوانن پەیوەندییان لەگەڵ بنەماڵە و برادەرانیان لە نیشتمانەکەی خۆیاندا هەبێت ، بە مانایەکی تر بۆ ژمارەیەکی کەمی خەڵك کە هەمیشەش لەزیادبوندان ، ئەو بوارە هەیە کە لەیەك کاتدا لە دو شوێن ژیان بەسەر بەرن ، ئەم جۆرە لەژیان

بەژیانی (فراملی) دەناسرێت ، ڕووداوێك كە بۆ یەكەمین جار لەئەمریكا لەنێوان ئەمریكیەكان و حەوزی دەریایی كاریبی داوە ، ئەم بابەتە گەیشتۆتە جێگایەك كە ڕەنگە هەندێ كەسان بتوانن لە هەڵبژاردنەكانی دو وڵاتدا دەنگ بدەن یان لە دو وڵاتدا كار پیشەیان هەبێت.

ئەم پێنج ناونیشانە كە لەسەرەوە باسكران ، هەمویان پێكەوە هۆیەكن بۆ بەجیهانی بونی كۆچكردن.

**- كاریگەرییەكانی كۆچكردن لەسەر وڵاتانی وەرگری كۆچبەر :**

ڕەنگە ئاسانترین ڕەوش بۆ بیركردنەوە دەربارەی پێشهاتە ئابورییەكانی كۆچكردن لە ڕێگەی زیان و قازانجەكانی كۆچكردنەوە بێت ، كۆچبەرەكان بەزۆری لەتەمەنی كاركردندان ، بۆیە هەندێك لە داهاتەكەیان وەكو باج بەدەوڵەت دەدەن ، هەروەها پێویستیان بەوە هەیە ، كە هەندێ لە موچەكەیان بۆ خەرجی دەرمان و میوانخانەكان دیاری بكەن ، زۆرجار لەبەرئەوەی كە هەندێ پیشە لە ئەستۆ دەگرن ، كە داهاتی كەم یان دانیشتوانی ئەو جێگایە ئەنجامی نادەن ، بۆیە موچەی گشتی ئەوان لەنزمترین ئاستدایە ، لەئەنجامدا ئەم موچە كەمە لەبارە بۆ ئەو فەرمانبەرو بەكارهێنەرانەی كە دەیانەوێ پارەیەكی كەم بۆ بەرهەمە كشتوكاڵییەكان و خۆراكی ریستورانتەكان و كاڵا و خزمەتگوزاریەكانی تر بدەن.

لەلایەكی ترەوە زۆربەی منداڵانی كۆچبەرەكان پێویستیان



بەفێربونی زمانی بێگانە هەیە ، هەروەها كاتێ كە باری ئابوری سستولاواز بێت ، ئەوا كۆچبەران لە بەرانبەر بێكاریدا زیان پێگەیشتو دەبن و پێویستیان بە پشتیوانی كردن دەبێت ، هەندێ لە ئابوری ناسان دڵنیابون لەفراوانی هێزی كاری هەرزان لەكەمبونەوەی خستەڕوی تەكنەلۆژیای سودمەند بە كاریگەر دەزانن.

حیسابكردنی خراپیەكانی (تێچونەكانی) وەرگرتنی كۆچبەر ئاسانترە لە حیسابكردنی قازانجەكانی ، یەكێك لەقازانجەكانی كۆچبەران كە زۆریش بەرجەستە نییە ، پەیوەندی بەهێزی بازرگانییە ، كە لەگەڵ نیشتمانەكەیاندا دەیبەستن ، تەنها هەندێ لەوڵاتان هەوڵیانداوە و لێكۆڵینەوەیان لەسەر وەها هاوسەنگیەك كردوە ، لەراپۆرتێك بۆ دەوڵەتی ئەمریكا لەساڵی (١٩٩٧)دا قازانجێكی (خالص) كە لەلایەن كۆچبەرە هاتوەكانەوە ، ئەم وڵاتە دەبێتە خاوەنی نزیكەی ١٠ ملیار دۆلار لەساڵێكدا.

هەروەها ئەم راپۆرتە دەریخستوە ، كە كرێكارە خۆجێیەتیە نەخوێندەوارەكان یان ئەوانەی كە خوێندەواریان كەمە ، نزیكەی ٣٪ لە داهاتیان لەدەست دەدەن ، چونكە كۆچبەرە هاتوەكان لەپیشەكاندا منافەسەیان دەكەن . لەراستیدا ئەو كەسانەی كە پیشەكەیان لەدەستداوە پێشتر كۆچبەر بونە ، لێكۆڵینەوەیەكی لێكچو دەربارەی ئەو كۆچبەرانەی كە لەنێوان ساڵانی (١٩٨٨) و (١٩٩١) رۆشتونەتە ئەڵمانیا ، قازانجی (خالصی)



نزیكەی ١٤ ملیار مارك دەخەملێندرێت ، كە ئەم كۆچبەرانە هیچ جۆرە كاریگەرییەكی نێگەتیڤیان لەسەر كار و پیشەی ناوخۆیی ئەڵمانیا نەبووە. هەروەها لەنێوان ساڵانی (١٩٤٥) و (١٩٧٥) وڵاتانی زیاتر پێشكەوتو بەزیاترین رێژەی وەرگرتنی كۆچبەر ، خێراترین بەهای گەشەكردنی ئابوریان هەبووە ، لەبەر ئەوە سەر سورهێنەر نییە ، كە زۆربەی ئابوری ناسان وابزانن ، كە پێشهاتە درێژخایەنەكانی وەرگرتنی كۆچبەر بۆ ئابوری وڵات پۆزەتیڤە ، هەرچەند كۆچكردن كاریگەری لەسەر هەندێ شوێن و گروپە كۆمەڵایەتییەكان هەیە ، بەڵام وڵاتانی پێشكەوتوتر سودی لێوەردەگرن.

**- كاریگەرییەكانی كۆچكردن لەسەر وڵاتانی نێرەری كۆچبەر :**

بەڵام ئایا قازانجێ كە وڵاتانی پێشكەوتوتر بەدەستی دێنن بە زیانی وڵاتانی كەمتر پێشكەوتو تەواو دەبێت؟ ئەندێشە باوەكان لەسەر ئەو بنەمایە ، كە وڵاتانی هەژار پاش ئەوەی كە تێچونی پەروەردە و فێركردنی هێزە شارەزا و چالاكیەكانیان لە ئەستۆ گرت لەدەستیان دەدەن (خشتەی ژمارە-٢-) . ئەم شێوەیە كە بە هەڵاتنی مێشكەكان ناو دەبرێت ، بۆی هەیە نزیكەی ١/٣ ی هەمو زانایان و ئەندازیارانی فێركراو لە وڵاتانی كەمتر پێشكەوتو لەنێوان ساڵانی ١٩٦٠ تا ١٩٨٧ لەخۆ بگرێت. تەنها نیوەیەك لە خوێندكارانی دەرەوە كە لەزانكۆكانی وڵاتە یەكگرتوەكان بڕوانامە وەردەگرن ، بۆ وڵاتەكەی خۆیان دەگەڕێنەوە ، وڵاتە



یەكگرتوەكانی ئەمریكا سود لە ٧٤ ملیۆن زانا و ئەندازیاری كۆچبەر وەردەگرێت (هەرچەند كە٢/٣ ی ئەم كەسانە لە وڵاتانی پێشكەوتو ترەوە دێن). زۆرجار كۆچبەران بڕێك لەداهاتی خۆیان بۆ نیشتمانەكەیان دەنێرن ، دیدگا باوەكان باوەڕدارن ، كە ئەم بڕە نێردراوە خەرجی بەكارهێنانی زیادەڕۆیی بۆ كاڵا جوانكارییەكان و خانووە جوانەكان دەكرێت ، زۆرێك لەخێزانەكان و گوندەكان پەیوەستن بەو سەرچاوە داهاتە باوەڕ پێنەكراوانەی كە لەدەرەوە دێن ، لەبەشەكانی هەندێك لە ناوچە لادێیەكانی مەكسیك بەشێوەیەكی نزیك سەرچاوەی سەرەكی داهاتی نیوەی خێزانەكان پشت بەو پارانە دەبەستێت ، كە لەلایەن خزمەكانیانەوە لەدەرەوە دەینێرن . پارە نێردراوەكان لەنێوان خێزانەكانی ئەم ناوچەیە نایەكسانی دروستدەكەن و هێدی هێدی توانای ناوچە لادێیەكان لەپێشكەوتنی خۆیاندا لاواز دەكەن.

**قازانجی مێشكەكان :**

ئەو رایەی كە دەڵێ كۆچبەران تەنها وڵاتی خۆیان بۆ گەیشتن بەوڵاتێكی تر تەرك ناكەن ، بەڵكو خۆیان لە گیرۆدەی هەردو وڵاتدا دەبیننەوە ، كە لە"تۆڕەكانی پەیوەست بەزانست" دەبینرێت هەیە . ئەم تۆڕانە (ئەفریقای باشور پێشەنگی بووە) ئەنجومەنەكانی كرێكارانی شارەزا و پسپۆرانی دەرەوەی وڵاتن ، كە بەڵێنیان داوە ، تا یارمەتی نیشتمانەكەیان بدەن ، جودا لە

ولاتانی سەنگافورا و چین و کۆریا ژمارەیەکی کەم لە ولاتان توانیویانە تا بەرگری لەکۆچکردنی باشترین هێزەکانی کاری خۆیان بکەن ، باشترین هەلبژاردن ئەوەیە کە لەشارەزایی و پسپۆڕی و پەیوەندییەکن ، بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت سودی لێ وەربگیرێت ، هەروەها (تۆڕەکان پەیوەست بەزانست) لەگواستنەوەی تەکنەلۆژیاکان لەزەمینەی پزیشکی و زانستەکان و ئەندازیاری یارمەتیدەرن ، نمونەیەکی باش تجارەتخانە هیندییەکان لەولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە کە لەلایەن ٢٠٠ بازرگانی هیندی لە ئەمریکا دامەزراون . زیاتر لە ٢٥ هەزار دەرچوی زانکۆکان لە زەمینەی تەکنەلۆژیا پێشکەوتوەکان لە دەیەی ١٩٦٠ لەولاتی هیندەوە بۆ ولاتە یەکگرتوەکان ، شوێنێك کە ئەمڕۆکە زیاتر لە ٧٥٠ کۆمپانیایان دامەزراندوە ، کە فرۆشتنی لە ٣,٥ ملیار دۆلار زیاترە ، لێکۆلینەوەکانی زانایانی دانیشتوان و جوگرافی ناسە ئەمریکیەکان لە مەکسیك و ئەمریکای باشور ، رایەکی نوێ دەربارەی بڕی نێردراوی پێویست دروستدەکات ، هەروەها تا رادەیەك بەبۆنەی ئینتەرنێتەوە نیگەرانیەکانی هەلاتنی مێشکەکان گۆڕاوە ، هەندێ لەتجارەتخانە سەرکەوتوەکان وەك Kanwal S. Rekhi بەدابینکردنی ئاسانکاری نوێ لە کۆلێژە فەنییەکانی هیندا سەرمایە گوزارییان کردوە ، هەروەها بەبۆنەی نەسلە پسپۆڕەکانی دواتری تەکنەلۆژیای زانیاری ، سەقالی سەرمایەگوزاری بۆ بەرێخستنی پیشەی تازەن ، هیند



یەکێك لەگرنگترین ولاتانی نێرەری (نزم افراز)ە لەجیهاندا.

ئێستا بازرگانە دەولەمەندەکانی هیند سەرقالی کاریگەری خستنەسەر دەولەتی ئەمریکان تا پەیوەندی بازرگانی نێوان ئەمریکا و هیند پێشبکەوێت وە کۆچکردنی هیندیە شارەزاکان بۆ ولاتە یەکگرتوەکان بەئاسانی دەستەبەر بکات. ئەم کۆمەلە بازرگانە لەسەرمایەداران و سیاسەتمەنداران پێکهاتون ، پاش نەسلێك هەلاتنی مێشکەکان دەگۆڕێت ، کە قازانجیان بۆ دەگەڕێنێتەوە.

ئەم بابەتە نیشان دەدات کە چۆن دەتوانرێ لە ماوەی کات و بەشێوەیەکی واقیعی قازانج و عەیبەکانی کۆچکردن توێژ بکرێن ، هەروەها نیشان دەدات کە چۆن بەجیهانی بونی کۆچکردن لەگەل پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و پەیوەندیەکان و گەشتەکان ببێتە هۆی دابەشکردنی دوبارەی قازانجە ئابورییەکان ، کە لەئەنجامی کۆچکردن بەشێوەیەکی یەکسان یارمەتی سەرانسەری جیهان دەدات.



*خشتەی ژمارە (١) ژمارەی کۆچبەرانی نێودەولەتی لەولاتانی وەرگری کۆچبەر (١٩٩٠)

| ولات | ژمارە بەملیۆن کەس |
|---|---|
| ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا | ١٩,٦٠٣ |
| هیند | ٨,٦٦٠ |
| پاکستان | ٧,٢٧٢ |
| فەڕەنسا | ٧,٨٩٧ |
| ئەلمانیا | ٨,٠٣٧ |
| کەنەدا | ٤,٢٦٦ |
| سعودیە | ٤,٣٠٨ |
| ئوسترالیا | ٣,٩١٦ |
| بەریتانیا | ٣,٧١٨ |
| ئێران | ٣,٥٨٨ |
| ئەرژەنتین | ١,٦٦١ |
| ئیتالیا | ١,٥٤٩ |
| کوەیت | ١,٥٠٣ |
| ئیماراتی عەرەبی | ١,٤٧٨ |
| ئیسرائیل | ١,٤٢٧ |
| پۆلەندا | ١,٣٥٠ |
| هۆلەندا | ١,١٦٧ |
| ئەفریقای باشور | ١,١١٨ |
| ئوردن | ١,١١٢ |

وەرگیراو: نەتەوە یەکگرتوەکان.



خشتەی ژمارە (٢) بەهای بڕی نێردراو (لەلایەن کۆچبەران) بۆ هەندێ لەولاتانی کەمتر پێشکەوتو لەماوەی دەیەی ١٩٩٠:

| کۆی داهاتی نێردراو لەهەر سالێك (ملیار دۆلار) | ٪ بڕی نێردراو لەهەمو ئەو دەستکەوتەی کە لەئەنجامی بازرگانی دەرەکییە |
|---|---|
| مەکسیك ٣,٨٠ | ئالبانی ٥٧ |
| تورکیا ٣,٣ | کیپ ورد ٥١ |
| میسر ٣,٢ | السالوادور ٣٧ |
| بەرازیل ٢,٩ | میسر ٣١ |
| مەراکیش ١,٩ | ئوردن ٢٦ |
| بەنگلادش ١,٢ | بەنگلادش ٢٦ |
| یەمەن ١,١ | مەراکیش ٢٣ |
| السالوداور ١,١ | مالی ٢٣ |

*موچەی دراو بەکرێکاران و فەرمانبەران لەخۆ دەگرێ.

تێبینی: ئەم ئامارانە سالی جیاوازەکانی نێوان ١٩٩٠ تا ١٩٩٥ دەگرێتەوە.

سەرچاوە: سالنامەی ئاماری سندوقی نێو دەولەتی دراو. نەتەوە یەکگرتوەکان ١٩٩٦ .

سەرچاوە: گۆڤار اطلاعات علمی، سال هجدهم، شمارە ٤، بهمن ٨٢.

# مێژووی بیروباوەڕەکانی کورد بەر لەهاتنی ئایینی ئیسلام



بەشی یەکەم
نوسینی: کەریم ئەحمەد تایشەیی

کورد وەك هەر نەتەوەیەکی تر لە مێژوی دور و درێژی لە جیهاندا وە بە جیاوازی ئەو سەردەم و هەلومەرجە مێژوییەی کە تیایدا ژیاوە ، خاوەن چەندین بیروباوەڕ و ترادسیۆنی تایبەت بەخۆی بووە ، بەلاَم ئەوەی جێی گرنگی پێدانە ماوەی بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ناوچەکانی کوردستان تایبەتمەندێتی خۆی هەبووە و لە ماوەی پاش داهاتنی ئایینی ئیسلامیش تەواو جیاوازبووە ، گرنگترین ئەو تایبەتمەندیانەش خۆی لە پلۆرالیزمی ئایینی و کلتوری و ئایدۆلۆژی دەبینێتەوە



لەناوچەکەدا ، چونکە هەر پاش داهاتنی ئایینی ئیسلام و پەلکێشانی بۆ ناوچەکە وردە وردە جێگەی بەو ئایدیا و بیروباوەڕانەی ناوچەکە لەقکرد وە قۆناغ بە قۆناغ دەستی کرد بە پاوانکردنی زۆرێك لە بوارەکانی مەعریفی و کلتوری و رۆشنبیری و پەروەردەیی نەتەوەی کورد ، بەجۆرێك رۆشنبیری کوردی مۆرکێکی ئایینی وەرگرت (١) ، بەهەرحال ئەوەی لەم باسەماندا مەبەستە پەرستنی ئەو ئایین و باوەڕانەیە ، کە بەر لە داهاتنی ئایینی ئیسلام لە ناوچەکەدا پەیڕەوکراوە یان بونی هەبووە ، بۆیە پێمان باشە گرنگی بدەین بە کورتەیەکی ئەو ئایینانە و پەیوەندییان بەکوردەوە و ئەوەندە توخنی ناوەڕۆك و لایەنە شاراوەکانی ئەم یان ئەو ئایینە نەکەوین ، بۆ دەستپێکی بابەتەکەشمان لە خستنەڕوی رایەکی زانایانی بواری ئەنترۆپۆلۆجی (زانستی دیراسەکردنی مرۆڤ) دەست پێبکەم ، سەبارەت بە مرۆڤ هەر لەسەرەتای دروستبونیەوە هەمو تاکێك پێویستییەکانی بۆ دولایەن پۆلێنکراوە:

یەکەم/ پێویستیە ماددیەکان : واتە هەمو ئەو کەرەستانەی کە مرۆڤ رۆژانە پێویستی پێیەتی گرنگترینیان (خۆراك - ئاو - پۆشاك .....)

دووەم/ پێویستی رۆحی : بەپێی بۆچونی زانایانی بواری ئەنترۆپۆلۆجی هەمو مرۆڤێك هەر لەسەرەتای بونیەوە ئایینداریێتی (مەبەست هەر بیروباوەڕ و پەیڕەوێك) رەگ و



ریشەی لە ناخ و دڵیدا داکوتاوە ، بۆیە مرۆڤ بۆ تێرکردنی لایەنی رۆحی و ئەو بۆشایە دەرونیەی کە پێویستی بە بیروپەیڕەوێك بووە و دەبێت.

## پەرستنی دیاردە سروشتییەکان

پەرستنی تەوتەم و دیاردە سروشتییەکان لەنێو کورد و گەلانی ناوچەکەدا وەك میللەتانی تری رۆژهەلاَت بەر لەهاتنی ئایینە ئاسمانییەکان بونی هەبووە و پەرستراوە ، بێگومان ئەمەش لە واقیعی ئەو سەردەم و ئاستی بیرکردنەوە و گوزارشتی ژیاری تاکەکانیەوە هەلقولاوە (٢) ، هەر بۆیە ئاساییە پاشماوەی ئەو تەوتەم و دیاردە سروشتییانە لەسەردەمی ئێستاشماندا کەم تا زۆر بەنهێنی و لە نێو کۆمەلەی دیایکراودا پەیڕە و پایزگاری لێبکرێ ، بەلاَم ئەوەی جێگەی ئەسەفە سەرچاوەی رەسەنیان لەمەڕ دەگمەنە (٣)، بۆ ئەوەی شارەزایمان لە مەڕ میکانیزمی بەرێوەچونی ئەو پەرستانە و سروتە ئایینییەکانی هەر بیروپێڕەوێك پەیدابکەین ، پێویستە خوێندنەوەیەکمان بۆ هەر یەکێ لەو ئایینانە هەبێت ، کە سەردەمانێك لەکوردستاندا پەیڕەوکراوە و شوێنکەوتوانی هەبووە ، بۆ دەستنیشانکردنی هەندێك توخم و رەگەزەکانی بیروباوەڕی نێو کۆمەلە جیاجیاکانی نەتەوەکەمان لە ئێستادا ، پێویستە لە کەرەستە و ماتریالی ئایینی و کلتوری رۆحی ئەو میللەت و خێلە کۆنانە بپشکنین ، کە سەردەمانێك بەشدارییان لەمێژوی پێکهاتنی



میللەتی کوردا کردوە بەوێنە (گۆتی - لۆلۆیی - کاشی - مانی - میدی) (٤)، راستییەك کە جێی ئاماژەیە ئەو میللەتانەی کۆنی نیشتەجێی ناوچەکە بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاریگەری (ئایینی و کلتور و شارستانیەتی) دوزێ بون ، ئەمەش لەوە دەردەکەوێ ئەو خواوەندانەی لای سۆمەری و ئەکەدییەکان پەرستراوە ، هاوکات لەنێو ئەو میللەت و خێلانەشدا پەیڕەوی لێکراوە ، بۆنمونە گۆتیەکان لە هەزارەی سێیەمی پێش زایینی لە باشوری شارەزور و ناوچەکە دەرکەوتون ، لە تابلۆیەکیاندا کە دۆزراوەتەوە ئاماژە بە دو خواوەند دەکات ، ئەوانیش (خواوەند عەشتار - وزن)(٦) ، هەروەها (ئەربائیلۆ) خواوەندی گەورەی ئاشوریەکان لە لایەن گۆتیەکانەوە پەرستراوە ، بۆیە شاری هەولێر لەو سەردەمەدا جێگەی بەیەگەیشتنی نەژادی ئەکەدی و ئاشوری و گۆتی و خوریەکان بوبێت ، لێرەشەوە ئەو ئاوێتە کلتوری و شارستانیەتەی گەلانی دوزێ و چیانیشینەکان ئاسایی دەبێت (٨) ، ناوچەی گۆتیەگان کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد ، زۆرێك لە ناوچەی لورەکانی ئەمرۆیان پێکدەهێنا ، بۆیە دور نییە چەند هەلسوکەوتێکی رۆژانە کە ئەمرۆ لەنێو لورەکاندا بەدی دەکرێ ، بۆ گۆتیەکان بگەڕێتەوە وە پاشماوەی بیروباوەڕ و کلتوریان بێت ، هەروەکو مامۆستا عەلائەدین سوجادی بە دوری نازانێ ، کە رەچەلەکی لورەکان بچێتەوە سەر گۆتییەکان ، هەروەها خوریەکان لەناوچەکانی ئارابخا (کەرکوکی ئێستا) ژیاون ،

تەوتەمیان پەرستوە ، بۆنمونە پەرستنی باڵندە وەکو (شاشێر - شاهەڵۆ) (١٠) ، ئەوەی تێبینی دەکرێ پەرستنی تەوتەم و دیاردە سروشتییەکان باو بووە ، تاوەکو جێگەی بۆ ئاگرپەرستی کردەوە ، دواتریش زەقەبونەوەی خواوەندێك لەنێو کۆمەڵێك خواوەندا وە پاشان یەك خواوەند پەرست (مۆنۆنیسم) ، دوای ئەوەی لۆلۆیەکان و گۆتییەکان یەکیان گرت وە دەوڵەتێکی بەهێزیان بەناوی دەوڵەتی (واننا) وە پێکهێنا ، ئەم دەوڵەتە بو بە بناغەی دەوڵەتی بەهێزی (میدی) (١١) ، بیروباوەڕ و پەرستنی میدیەکانیش لەڕەوتی پێشینانیان جیاواز نەبو ، بۆیە ئەمانیش لە سەرەتادا کەوتنە پەرستنی خواوەند گەلێکی ئێرانی و هیندی لەوانە (بابە دیاوس) خواوەندی ئاسمان ، هەروەها شەرابی (هەوما) یان (سۆما) یان عیبادەت دەکرد وە بە سەریمۆنیای ئایینییەوە دەیانخواردەوە ، بەم شێوەیە وەك د. رشاد میران دەڵێ :- (زۆرداری پادشایانی ماد و کاریگەری ئایینی میسرا ڕێگەی بۆ تاك خواوەندی خۆشکرد واتە هەنگاونان بۆ قۆناغی (مۆنۆنیسم) (١٢) .

## جوەکان و پەیوەندییان بەکوردەوە

لەو کاتەوە کە جوەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد ، کە گەلی هەڵبژاردەی خودان و لە نەتەوەکانی تری جیهان پیرۆز و ڕێزدارترن لای خودا ، ئیدی بێ چەند و چۆن ئەم بیرەیان لەنێو کۆمەڵەکەیاندا چەسپاند ، لەو رۆژگارەوە پەیڕەو و



پرۆگرامەکەیان قۆرغی بەرژەوەندییەکانی خۆیان کردەوە وە بە تێکرای ئامانجەکانیان کاری پێدەکەن ، ، ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەو پەیوەندییە بەتینەیە کە لەنێو کۆمەڵەی جودا بەدی دەکرێت ، کە بەڕای شارەزایانی ئەم بوارە بۆ کۆمەڵەکەیان دەگەڕێتەوە ، ئەویش کۆمەڵەیەکی (ئایینی نەتەوەیی) یە ، ئەمەش ڕۆڵی کارای بینیوە وە دەبینێ لەسەرجەم پەیوەندییە دەرەکی و ناوخۆیەکانیاندا لەساڵی (١٨٩٥) دا وە لە کتێبی (دەوڵەتی جولەکە) ی (سیۆدۆر هرتزلدا) ئەم بیرە ڕونتردەبێتەوە (١٣) ، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە کورد و ئایینی جوەوە هەبێت ، ئەوا هەروەکو گەلانی تری ناوچەکانی میسۆپۆتامیا - ئێران - ئاسیای بچوك - لەنێو کوردیشدا شوێنکەوتوانی هەبووە یان ڕاستر وایە بڵێین جوەکان بۆ خۆیان لە ناوچەکە بونیان هەبووە وە پەیڕەوی خۆیان بۆ سروت و سەریمۆنیای ئایینەکەیان نواندوە بەبێ هیچ فشار و نامۆییەك ، هەندێك لەسەرچاوەکان باس لەوە دەکەن ، کە بونی ئەم جوانەی کوردستان بۆ دو هۆ دەگەڕێتەوە :

یەکەم/ ئەو لەشکرکێشیەی "نبوخز نصر"ی پادشای بابلی بۆ سەر هەردو مەملەکەتی جوەکان (ئیسرایل - یەهودا) لە ساڵی ٥٨٧)پ.ز دا بوو گرتنیان و کۆیلەکردنیان لە ناوچەکانی فەلەستینی و هێنانیان بۆ بابل (١٤).

دوەم/ هێرشی (تیتۆ) ی فەرماندەی ڕۆمانی لەساڵی (٧٠) ز بۆ سەر ناوچەکانی فەلەستینی و جولەکە و داگیرکردنی ناوچەکەیان



و ناچارکردنیان بۆ هەڵهاتنی بەرەو ناوچەکانی ئێران و کوردستان، پاشان یەکگرتنیان لەگەڵ جوەکانی وڵاتی ئەخمینی (١٥).

هەربۆیە یەکێك لەو سەرچاوانەی بۆ مێژوی کۆنی کورد گرنگە کتێبی پیرۆزی جوەکانە بەناوی (تەلموز) (١٦) ، کە چەند زانیارییەکی دەربارەی گۆتیەکان تێدا تۆمارکراوە ، لەوانە یارمەتیدانی گۆتیەکان بۆ رۆمانیەکان دژ بە جوەکان وە داگیرکردنی ناوچەکەیان ، بۆیە دور نییە مێژونوسە جوەکان ڕۆڵی کارایان گێڕابێ لە پەراوێزخستن و باس نەکردنی شارستانیەت و مێژوی میللەتانی وەك گۆتی و کاشی و لۆلۆ و میدی ... ، چونکە لەهەمان کاتدا باسیان لە شارستانیەتەکانی ئەخمینی - ساسانی - سکیی کردوە وە بە بەرز و بڵند ڕایان گرتوە ، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە ، کە هەڵوێستی باشیان نواندوە لەگەڵیاندا ، بۆیە بۆ مێژو سەیر نییە ، کە مێژوی کۆنی کورد و میللەتانی ناوچەکە لەلایەن جوەکان و هاوێنەی ئەوان کە خاوەن قەڵەم بون و سەردەمانێك باڵا دەستبون و کورد بە دڕندە و کێوی و جنۆکە لە قەڵەم بدرێ ، ئەمەش ڕەنگە لەوە سەرچاوەی گرتبێ ، کە داکۆکیان لەمافی خۆیان کردوە وە هەرگیز ملکەچی دەسەڵاتی بێگانە نەبون. (١٧)



## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١- بۆنمونە خوێندن لەحوجرەکان و نوسینی بەهرەمەند و زانایانی کورد بە زمانی عەرەبی ئیسلامی وە تەنانەت کاریگەری گەورەی لەڕوی هەڵوێستی سیاسی سەرکردە کلاسیکیەکان کوردی ئەو قۆناغە مێژوییە نواندوە ، خواستە نەتەوەییەکانیان لەژێر هەست و سۆزی ئایینیدا خەفەکراوە وە بووە بە قوربانی ، بەخوێندنەوەی مێژوی نەتەوەکەمان نمونە گەلێکی ئەو واقیعەمان دێتە پێش چاو.

٢- د. رشاد میران ، ڕەوشتی ئایینی و نەتەوەیی لەکوردستاندا ، چاپی دوەم ، کوردستان ، (٢٠٠٠) ، ل (١٩).

٣- د. جەمال نەبەز ، میتۆلۆژیای کورد ، ل (٤).

٤- د. رشاد میران ، سەرچاوەی پێشو ، ل (١٩).

٥- شارەزور لەو سەردەمەدا ڕوبەرێکی یەکجار فراوانی هەبووە بەوێنە (ناوچە گەلێکی رۆژهەڵاتی کوردستان واتە کوردستانی ئێران ، کەرکوك ، هەولێر) ی گرتۆتەوە.

٦- د. جەمال رشید ، تاریخ الکرد القدیم ، ل (٥٣).

٧- ئەربایلۆ (مانای چوار خواوەندەکە دەگەیەنێت وە خواوەندی گەورەی ئاشورییەکان بووە) ، مێژونوسان ناوی (ئەربیل) واتە هەولێر بۆ ئەو خواوەندە دەگێڕنەوە.

٨- د. رشاد میران ، سەرچاوەی پێشو ، ل (٢٣).

٩- عەلائەدین سەجادی ، مێژوی ئەدەبی کوردی ، بەغدا ، ١٩٥٢ ، ل ( ١٨).

١٠- د. رشاد میران ڕای (ڤلچڤسکی) مێژونوس و کوردناسی ڕوسی دەهێنێتەوە وە ڕای وایە کە ناوی هەمەوەندەکان لەم خواوەندەوە

مابێتەوە ، ل (٢٢).

١١- د. رشاد میران ، سەرچاوەی پێشو ، ل (٢٢).

١٢- د. رشاد میران ، سەرچاوەی پێشو ، ل (٢٤).

١٣- مەحەمەد عەبدولاّ کاکەسور ، کاریگەری ئاینی جولەکە لەسەر نوسینی مێژوی کورد ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ژمارە (٢٣) ، ل ( ١٨٧).

١٤- د. رشاد میران ، سەرچاوەی پێشو ، ل (٢٩).

١٥- د. رشاد میران ، سەرچاوەی پێشو ، ل (٣٠).

١٦- تەلموز یان تەوراتی سەرزارەکی : بریتییە لەو نوسراوەی کە ڕێنوینیەکانی موسای پێغەمبەری تێدا تۆمارکراوە ، کە لە کاتی بانگەشەی بۆ گەلەکەی پێی ڕاگەیاندون ، ئەم وتانەی موسای پێغەمبەر دەماودەم ماوەتەوە ، پاشان نوسراوەتەوە.

١٧- مەحەمەد عەبدولاّ کاکە سور ، سەرچاوەی پێشو، ل (١٩٤).



# تورکمانەکانی کفری کێن ؟



نوسینی : شکور حەمەی هەیەر

پێش ئەوەی بڕۆمە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە بەپێی هەندێك سەرچاوەی مێژویی کورتەیەك لەسەر شاری کفری دەخەمەبەر دیدی خوێنەران.

**جوگرافیای شاری کفری:**

بەپێی نەخشەی کوردستانی گەورە و کوردستانی باشور شاری کفری دەکەوێتە باشورەوە . لە دێر زەمانەوە جێگایەکی ستراتیژی بووە لەڕوی پێگەی بازرگانییەوە ، جێگا ستراتیژییەکەی شاری کفری سەردەمانێك خاڵی سەرەکی نێوان ئاسیا و ئەوروپا بووە لەو سەردەمانەی بازرگانی و هاتوچۆکردن لەسەر پشتی ئاژەڵ



بووە . لە ڕوی کەش و هەواشەوە جێگایەکی لەباربووە بۆ مرۆڤی سەرەتایی ، لەبەرئەوەی لە ڕوی سەرماوگەرماوە مام ناوەندییە و مرۆڤ بەئاسانی توانیویەتی تێیدا بژێ . لە ڕوی دارستانیشەوە زۆر جەنگەڵ نەبووە تا ببێتە جێگای ئاژەڵە درندەکانی . ناوچەیەکی دەشتایی و زنجیرە شاخی تێدایە ، کە لە باکور و ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە بەقاتەکانی کفری ناسراوە ، چونکە زنجیرە شاخەکانی لە شێوەی قات قاتە . ئەمەش هۆکارێکی تری سروشتییە ، کە ئاژەڵی درندەی تێدا نەبووە . هەروەها ئەشکەوتە دەستکردەکانی ناو قاتەکەی کفری گەواهی ئەوە دەدەن ، کە مرۆڤ لەدێر زەمانەوە نیشتەجێی ئەم ناوچەیە بونە . لەبەرگرنگی جێگاکەی و بونی مرۆڤ لە ناوچەکەدا ئەم شارە لە دێر زەمانەوە مەیدانی ململانێ و شەڕ و پێکدادانی دەسەڵاتەکان بووە لە سەردەمی سۆمەر و ئەکەد و ئاشور و گۆتی و ..... هتد.

**مێژوی کفری:**

بەپێی سەرچاوە مێژویەکانی شاری کفری تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ (٧٠٠٠) حەوت هەزار ساڵ پێش لەدایکبونی عیسا. لەدوای گوندی (چەرمو ، مەتارە ، حەویجە) ، کفریش جێگای هەڵدانی بە کۆمەڵ ژیانی مرۆڤ بووە.

بەپێی سەردەمەکانی و گۆڕانکاری زمان و ناوەکانی شاری کفری بە چەندین ناو ناسراوە وەکو (کیماش ، فرجینا ، کیرۆ) لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بە (صلاحیە) ناوبراوە ، جێگا



کۆنەکەی کفری بە کفری کۆن دەناسرا و زیاتر ناوەکە بە تورکی ناودەبراو پێی دەوترا (ئاسکی کفری) ، کە دەکەوێتە خۆرئاوای کفرییەوە بە دوری (٩) کیلۆمەتر کە وێستگەی شەمەندەفەر بووە تا ساڵی هەشتاکان . هەندێك بۆچون هەیە دەربارەی ناوی کفری ، کە گوایە ناوەکەی لە ڕوەکی کفرەوە هاتوە ، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم ئەم بۆچونە بە ڕاست نازانم ، چونکە ڕوەکی کفری لە هەمو چەم و ناوچەی کوردستاندا هەیە و ڕێژەی لە ناوچەی کفری زیاترە ، خۆ دەبو هەمو ناوچەکان ئەو ناویان لێبنرایە . کەچی لە دەوروبەری شاری کفریدا زۆر بەکەمی ئەم ڕوەکە بەدی دەکرێت . من دەماودەم بیستومە ، گوایە ناوی کفری لەسەردەمی بڵاوبونەوەی ئیسلامدا هاتوە ، لەبەرئەوەی لەم ناوچەیەدا شەڕێکی گەورە ڕویداوە و زیانی گیانی زۆریان لە سوپای ئیسلام داوە و بە خەڵکی ناوچەکەیان وتوە ئەمانە کوفارن . کەچی قسەی دەماودەم نابێتە سەرچاوە . بەڵام هەندێکجار دەبێ بە(نظر الاعتبار) وەربگیرێ.

بەپێی سەرچاوەیەکی مێژویی کە دکتۆر (مکرم تاڵەبانی) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (ابراهیم خان دلو ثائر من کردستان) دەڵێ ساڵی ٢١ ی کۆچی لەشکری ئیسلام شاری کفرییان خستەژێر دەسەڵاتی خۆیەوە ، پاش شەڕێکی خوێناوی کە سەرکردەی لەشکری ئیسلام (عەقەبەی کوڕی فرقەد) بووە ، ئەم بەڵگەیە دەبێتە پشتیوانی ئەوەی ناوەکەی کفری لە کوفارەوە هاتبێ ،

چونکە وشەی کفر وشەیەکی عەرەبییە و پێش هاتنی ئیسلام عەرەب لەناوچەکەدا نەبووە ، یاخود بەپێی سەردەم ناوەکە گۆڕانی بەسەردا هاتبێ و ببێتە کفری . وەکو ناوی شارەکانی تر بۆ نمونە چۆن "ئارابخا" بۆتە کەرکوك و خارشە بۆتە خورماتو..هتد.

ئەوەی مەبەستی منە لەم بابەتەدا تورکمانەکانی ئێستای شاری کفرین ، لەپێشدا ئاماژەمان بەوەدا کە گرنگی جێگای شاری کفری خاڵی هەرە گرنگی ململانێی دەسەڵاتەکانی سەردەمی کۆن بووە بە تایبەتی لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویدا . سەفەویەکان چەندین جار هێرشیان هێناوە بۆ سەر شاری کەرکوك و موسڵ ، بۆ ئەوەی ڕێگای ئەستەمبوڵ ببڕن و بە ئاسانی بتوانن عێراق بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە ، بۆیە دەوڵەتی عوسمانی گرنگی زۆری داوە بە شارەکانی وەکو (موسڵ ، هەولێر ، پردێ ، کەرکوك ، داقوق ، خورماتو ، کفری ، جەلەولا ، خانەقی ، مەندەلی). ئەم زنجیرە شارانەی کوردستانی باشور لەژێر کاریگەرییەکی زۆری عوسمانیەکاندا بونە و زمان و کەلتوری ناوچەکە گۆڕاوە بۆ کەلتوری تورکی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ناوچەکە ، کە کورد بونە ناچار بونە ملکەچی سیاسەتە ڕەگەز پەرستەکەی تورکەکان بونە ، جگە لەوەش جەختی زۆر کراوە لێیان تا خۆیان بکەن بەتورك ، بەڵام لەبەرئەوەی بە ڕەگەز تورك نەبونە بە پیاوی تورك ناسراون ،کە وشەیەکی ئینگلیزییە



واتا (تورك ، مەن) ، بەڵام بەپێی ڕۆژگار وشەکە گۆڕاوە بۆ "تورکمان".

ئەمەش بەنیسبەت ئەو تورکمانانەوە کە سونی مەزهەبن ، بەڵام ئەو تورکمانانەی کە شیعە مەزهەبن ، ئەوانە تورکی ئازەرین و پاشماوەی سەفەویەکانن و لەعێراق و کوردستان جێگیر بونە و هەستی نەتەوایەتییان کەمترە لە مەزهەبی.

ئەوەی مێژوی عوسمانییەکانی خوێندبێتەوە ، ئەو ڕاستییەی لا ڕونە ، کەعوسمانییەکان تەنها والی شارەکان و سەرکردەی سوپاکان و هەندێك پێگەی ئیداری گەورە نەبێ ، تورکی ڕەسەنی لێدادەنا و باقییەکەی لەخەڵکی ناوچەکە دادەنا و تورکی ڕەسەنی لە ئەستانە دادەنا لە ناو مەرکەزی خەلافەتدا . بۆ نمونە: لەشەڕی عێراق - ئێران دا "صدام حسین" خەڵکە نزیکەکەی خۆی لە جێگا هەستیارەکان دادەنا و خەڵکی ناوچەکانی تری دەنارده بەرەکانی شەڕەوە ، جا بەهۆی ئەو سیاسەتە ڕەگەز پەرستەی تورکەکانەوە زۆرێك لەخەڵکی ئەو شارانەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بونە تورکمان.

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە تا کۆتایی ساڵی پەنجاکان خەڵکی شار خۆی بە بەرزتر دەزانی لەخەڵکی لادێ ، خەڵکی لادێش خۆی بەبچوکتر دەزانی ، بەو هۆیەوە زۆر کورد لە لادێوە بهاتایەتە شارەوە زو دەگۆڕا و دەیویست خۆی لە لادێ نیشینەکان جیا بکاتەوە ، چونکە تا سەرەتایی ساڵی شەستەکان خەڵکی لادێ



بەکەمی کۆچیان دەکرد بۆ شارەکان.. ئەو ماڵانەش لەلادێکانەوە بهاتایەتە شارەوە ناچار دەبو کەلتوری خۆی بگۆڕێ بۆ کەلتوری خەڵکی شار ، کەلتوری ئەم شارانەش تورکی بو ، لەبەر ئەو ماوە زۆرەی حوکمی تورکەکان لەبەر خراپی و ڕەوشتی حوکمی تورکەکان خەڵکی کوردستان لە ناخەوە رقیان لە تورك بو ، ئەو خاڵەش بووە هۆکارێك کە خەڵکی لادێکان دژی خەڵکی شارەکان بون و زۆرجار شەڕ ڕویدەدا.

هەر ئەو ناکۆکییە بووە هۆی ئەوەی ئەو کوردانەی شەقی زەمانە کردبویانی بە تورکمان زیاتر ڕقیان لە کورد بێ ، ئەم کینە بەرەبییە بەردەوام بو تاکو دەوڵەتی عێراق دامەزرا و جڵەوی حوکمی عێراق درا بەدەستی عەرەبە سونە ڕەگەز پەرستەکان و توانیان ئەو هەلە بقۆزنەوە و زیاتر کورد و تورکمان بە گژی یەکتردا و سەرئەنجام ساڵی (١٩٥٩) لەسەردەستی بەعسییەکان ئەو ئاگرە بەنزینی زیاتری بەسەردا کرا و تاکو ئەمرۆش ئاسەواری هەر ماوە.

کەچی لە شاری کفریدا هەندێك بنەماڵەی بە ڕەگەز کورد خۆیان بە تورك دەزانن و لە ناخەوە ڕقیان لە کوردە و لە سەردەمی حوکمی بەعسەوە تا ئەمرۆش پێوە بەردەوامن لە دژایەتی کردنی گەلی کورد ، کەچی دەسەڵاتی کوردیش هەردەم بەچاوی یەکسانییەوە تەماشایان دەکات ، تورکمانی ڕەسەن کە تورکین لە شاری کفری ئەم بنەماڵانەن:



١- تورك ئەحمەدی سائق خۆیان بە کورد دەزانن.
٢- تورك ئەحمەدی یۆیس خۆیان بە کورد دەزانن.
٣- مەمەد پۆخچی کە مردوە و دو جاخی کوێر بو.

دواوتەم ئەوەیە بۆیان دەڵێم کە سانێك لە نەتەوەکەی خۆی هەڵگەڕێتەوە ئەبێ بەهای چیبێ لەکۆمەڵگادا ، من ناڵێم ئێوە بگەڕێنەوە سەر نەژادی خۆتان ، بەڵام ئەوەتان پێدەڵێم مرۆڤ لەکانییەك ئاوی خوارد هەوڵ بدات بەردێکی لێدەربکات نەك بەردی تێبکات . ئەو ڕۆژگارەش بەسەرچو کورد کاتێ دەهاتە شارەکانەوە وەکو کێوێ وابو ، ئەمڕۆ کورد لەجیهاندا بەچاکی و پاکی ناسراوە و کۆشکی سپی ئەمریکا پێشوازی لەسەرکردەکانی کورد دەکات و جلوبەرگی کوردی لەو ماڵە گەورەیەی جیهانەوە خۆی بە دنیا دەناسێنێ.


**سەرچاوەکان:**

**١- بیرەوەرییەکانی ژیانم/ مستەفا نەریمان.**
**٢- صفحات من تأريخ الكرد منطقة كفري/ سهيل خورشيد عزيز.**
**٣- گۆڤاری کەرکوك ، ژمارە (١٥) ، لاپەڕە (٩١).**

# عێراق ترسناکترین وولاتی دنیایە بۆ رۆژنامەنووسان

**ئا/ فاتیح سەلام**

رۆژنامەنوسان لەو گروپە هزرو بازوماندوبوانەن ، کە هەمیشە کارە بەهیلاك بردوەکانیان سەرئێشە و گێچەڵ و دڵەراوکێیان بۆ دروستدەکات ، ئەمە سەرەڕای ئەوە بەردەوامیش پرۆژەیەکن بۆ قوربانی دان لە پێناوی گەیاندنی ئەو پەیامانەی دەکەوێتە ئەستۆیان و بەدوایدا وێڵن (بەتایبەتی لەو ولاّتانەی جەنگی تێدا ڕودەدات) ، گەیاندنی وێنە و هەواڵ و ریپۆرتاژ و بابەتی رۆژنامەوانی و بەدوداچون خوێنی دەیان رۆژنامەنوس هەڵدەچۆڕێ و سەری بەرزی وشە و کامێرا سوردەکەن.

بەپێی ڕاپۆرتێکی لیژنەی پاراستنی رۆژنامەنوسان لە ساڵی ( ٢٠٠٥) دا زیاتر لە (٤٧) رۆژنامەنوس لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیاندا کوژراون ، کە لە (٧٥٪) یان بەدەستی ئەنقەست و بۆ کپکردنەوەیان تەقەیان لێکراوە کە لەو ژمارەیە (٢٢) رۆژنامەنوسیان بەر عێراق کەوتون.

(ئان کوبر)ی سەرۆکی ئەو لیژنەیە لە ئاماژەیەکدا بۆ ئەو



هەمو قوربانیانە وتی ( زۆربەی رۆژنامەنوسان ژیانی خۆیان بەخشی بە پیرۆزی پەیامەکانیان و حکومەت و ناوەندە دەستەلاّتدارەکان بزاوتێکیان نییە ، تا ئەو لێپرسینەوەیە بگرنە ئەستۆ).

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە عێراق لە پێشەوەی ولاّتانی دنیادا بووە



ئەتوار بەهجەت.. دوایین رۆژنامەنووسی تیرۆر کراو لەعێراق

لەو ئەنجام و کوشتارانە ، بە جۆرێك لەم دو ساڵەی دواییدا هەشت رۆژنامەنوس ڕفێندراون و بەهۆی تەقە و پێکادانێك ئەو ژمارەیە کوژراون.

پاش عێراق فلیپین بە پلەی دوی ئەو ولاّتانە دێت ، کە رۆژنامەنوسانی تیا بووەتە قوربانی و مەترسی و هەرەشەیان لەسەر بووە . بەلاّم ڕێکخراوی رۆژنامەنوسانی بێ سنور دەڵێت لە ساڵی (٢٠٠٥)دا و لەتەواوی ولاّتانی دنیادا (٦٣) رۆژنامەنوس



بونەتە قوربانی ، کە ئەمڕۆش لەمیانەی دە ساڵی ڕابردودا بەرزترین ئاستی قوربانی دانی رۆژنامەنوسان بووە. ئەو ڕاپۆرتەش کە ڕێکخراوی رۆژنامەنوسانی بێ سنور بلاّوی کردوەتەوە تیا هاتووە ، کە (٢٤) رۆژنامەنوس لە عێراق و تەنها لە ساڵێکدا گانیان لە دەستداوە .

بەمەش بۆ ساڵی سێیەم عێراق ترسناکترین ولاّتی دنیا بووە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن ، کە هێرشە تیرۆریستەکان و سوپای عێراق هۆکاری ئەو زیانانە بون و سێ رۆژنامەنوسیش بە گوللەی هێزە ئەمریکاییەکان پێکراون.

هەروەها ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات ، کە (٧٦) رۆژنامەنوس و یاریدەدەری ڕاگەیاندن لە سەرەتای هەڵگیرسانی جەنگەوە لە عێراقدا کوژراون ، ئەمەش زۆرترین ژمارەی قوربانیدانی رۆژنامەنوسان بووە ، کە کوژراون لە شەڕی ساڵی (١٩٧٥)دا تا ئەمڕۆ کە تێیاندا پێنج کارمەندی ئاژانسی ڕۆیتەرز بون ، کە چواریان بە گوللەی سوپای ئەمریکا و یەکێکیان بە کارەساتی ئۆتۆمبێل گیانی سپارد.

لەو کێوماڵە دور و درێژەی کە لیژنەی پاراستنی رۆژنامەنوسان کە بارەگاکەی لە نیویۆرکە ئەنجامی داوە هاتوە ، کە لە سەرانسەری دنیا لە ساڵی (٢٠٠٥)دا (٤٧) رۆژنامەنوس کوژراون کە (٢٢) یان لە عێراق بووە . بەلاّم هەندێجار گرێ و ناکۆکی لە نێوان ڕێکخراوەکانی رۆژنامەنوساندا پەیدادەبێت لەڕوی



سەرژمێری و کاری رۆژنامەگەرییەوە و ناکۆکن لەسەرئەوەی بە کێ بوترێ رۆژنامەنوس و رۆژنامەنوس کێ دەگرێتەوە .

پشت ڕاستکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی قوربانیدانی رۆژنامەنوس لەلایەن ڕێکخراوی رۆژنامەنوسانی بێ سنورەوە و هەمان شت عێراق بە پلەی یەکەم و فلیپین بە پلەی دووەمی ڕیزبەند کردوە . هەروەها ئاماژەش بەوە دەکات ، کە تەنها سوپا و چەکداران هۆکاری کوژرانی رۆژنامەنوسان نین . بەڵکو سیاسەتمەداران و بازرگانان و بازرگانی ماددەی بێهۆشکەرەکانیش ئامادەن بۆ کپکردنەوەی دەنگی حەقی و ڕاستی رۆژنامەنوسان و ئاشکرا نەبونی گەندەڵییەکانیان هەمان ڕێگە بەرانبەر رۆژنامەنوسان بگرنە بەر . لە بەشێکی تری ئەو راپۆرتەدا باس لە کوژرانی هەردو رۆژنامەنوسی لوبنانی (سەمیر قەسیر) و (جوبران تونی) و بە فەلاکەت لە مەرگ قوتاربونی کچە رۆژنامەنوس (می شدیاق) کراوە.

لە ئەفریقاو بە تایبەتیش لە کۆماری (کۆنغۆ)ی دیموکراتی و سیرالیۆن و سۆماڵ توند و تیژییەکی قورس و دژوار بەرانبەر رۆژنامەنوسان پیادەکراوە بەتایبەتیش کاتێك دەستەلاّتدارانی گامبیا تەگەرەیان خستە پێش لێکۆڵینەوە لە هۆکاری رۆژنامەنوسێك لەو ولاّتەدا . لە برگەیەکی تری ئەو ڕاپۆرتەدا باس لەوە کراوە ،کە رۆژانانە سانسۆر لە بەرانبەر کاری رۆژنامەنوساندا لەزیاد بوندایە ، کە تەنها لە ولاّتی نیپاڵ (١٠٠٦)

حاڵەتی سانسۆر تۆمارکراوە ، بەتایبەتیش کاتێك لەو وڵاتەدا حاڵەتی نائاسایی ڕاگەیەندرا و (جیانیندرا)ی شانشین دورخرایەوە و حکومەت دەسەڵاتی گرتەدەست ، لە وڵاتی چینیش خشە خشە خراوەتە سەر هەریەك لە ئێسگەکانی ڕادیۆی (B.B.C) و دەنگی هیوا و ئاسیای ئازاد ، جگە لەمانەش وڵاتی چین لە پێشەوەی وڵاتانی دنیایە ، کە ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامەنوسی تیا بەندکراوە و لە نێوان (١٥) وڵاتی دنیادا یەکەمین وڵاتە ، کە سانسۆری لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت داناوە و تونس و ئێرانیش کۆت و پەیوەندییەکی قورسیان بۆ هەمان مەبەست خستۆتەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت.

هەر لە بارەی ڕەوشی ڕۆژنامەنوسانی دنیاوە ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوریش بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ڕۆژنامەگەری ئازادەوە لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە داوە ، کە عێراق لە هەمو دنیادا کەم وێنە بووە بۆ ئازاردان و کوشتنی ڕۆژنامەنوسان ، لە ئامارەکەیدا هاتووە کە لە (٢٢ی ئازای ٢٠٠٣)وە تا کۆتایی ئەو ساڵە (٥٦) ڕۆژنامەنوس کوژراون و (٢٩)یش ڕفێندراون . لەجەزائیریش (٥٧) ڕۆژنامەنوس لە شەڕی ناوخۆدا بونەتە قوربانی لە بەشێکی تری ڕاپۆرتەکەدا هاتوە ، کە لە یەکەم ڕۆژی جەنگی عێراقەوە ڕۆژنامەنوسان بونەتە ئامانج ، کە سەرەتا وێنەگری تەلەفزیۆنی ئوستورالیا (T.V (ABC کە ناوی (پۆل موران) بو بە ئۆتۆمبیلێکی بە مین چێنراو لە ٢٢ ی ئازاری ئەو ساڵەدا شەهید



کرا و (١١) ڕۆژنامەنوس و کادیری بوارەکانی تری ڕاگەیاندن گەیشتنە هەمان کاروان.

یەکێتی ڕۆژنامەنوسانی جیهانیش بۆ هەمان مەبەست ڕاپۆرتێکی بڵاو کردۆتەوە و لە زاری بەڕێز (ئایدن وایت)ی سکرتێری گشتییەوە ناڕەزاییەکی زۆری دەربڕیوە دەربارەی کوژرانی ئەو ژمارە زۆرەی ڕۆژنامەنوسان لەساڵی (٢٠٠٥)دا ، کە لە هیچ ساڵێدا بەو جۆرە ڕۆژنامەنوسان نەبونەتە قوربانی ، کە تەنها لە ڕۆژهەڵاتی ناونیدا (٣٨) تاوان تۆمارکراوە ، کە (٣٥)یان لەعێراقدا بووە ، کە ترسناکترین وڵاتی دنیا بووە بۆ کاری مەیدانی ڕۆژنامەنوسان ، جگە لە ئاسیا و ئۆقیانوسی ئارام (فلیپین)یش هەر لەو وڵاتە ترسناکەکان بووە بۆ ڕۆژنامەنوسان و کۆلۆمبیا و هایتی و مەکسیك و بەرازیلیش (١٢) ڕۆژنامەنوسیان تیا کوژراوە.

ڕاپۆرتەکە ڕونی کردۆتەوە ، کە (٦١) کوژراو بەکارەسات گیانیان لەدەستداوە نەك تاوانی کوشتن لە ساڵی پاردا ، کە خەتەرناکترینیا کەوتنە خوارەوەی کۆپتەرێکی سەربازی ئێرانی بو ، کە لە شەشی دیسەمبەردا (٤٨) ڕۆژنامەنوس و کادیری ڕاگەیاندن تیاچون.

لە کۆتاییدا بەڕێز ئایدن دەڵێ: چیتر نابێت کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی چاو لە ئاست ئەم هەمو قوربانیانە بنوقێنێ و پێویستە لێپرسینەوە و بەدواداچونی هەبێت لەمەڕ سەلامەتی گیانی



ڕۆژنامەنوسان و داواشی لە نەتەوە یەکگرتوەکان کردوە ، کە هۆشیاری بداتە وڵاتانی دنیا لەمەڕ ئەم کێشەوکۆستە سەختە.

پێویستە بوترێ یەکێتی ڕۆژنامەنوسانی جیهانی کە بارەگاکەی لە (بروکسل)ە ، نزیکەی (٥٠٠) هەزار ڕۆژنامەنوس تیا ئەندامە کە لە (١١٠) وڵاتی دنیادا بڵاون..



# هەژاری دایکی سەرجەم کێشەکانە



نوسینی: هاشم صالح
وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە :
هێمن بابان ڕەحیم

لە زەمانی کۆنەوە فەیلەسوفەکان خەون بە بەدیهاتنی شاری چاکەکاری (المدینة الفاضلة)وە دەبینن ، بەڵام تاهەنوکە خەونەکە نەهاتۆتە دی ، ئەمە کەمترین شتێکە بوترێ ، ڕەنگە جیهانیش بەهیچ چەشنێك ئەو ستەمە زۆرەی ئەمڕۆ بەخۆوەی دەیبینێت ، پێشتر بەخۆوەی نەبینێت. ئەوەتا کەلێنی نێوان دەوڵەمەندان و هەژاران ، نێوان باکور و باشور لەنێو وڵاتێکیشدا بەجیا لەبری کەمبونەوەی زیاتر فراوانتر دەبێت ، وە دواترین ئامارەکان ئێستا ئاماژە بۆ بونی زیاتر لە یەك ملیار کەس دەکەن لەم جیهانەدا ، کە ناتوانن بگەنە ئاوی خواردنەوە ، هەروەها زیاتر لە ملیارێك کەس هەن ، کە بەڕۆژانەی کەمتر لەیەك دۆلار

دەژین ، بێگومان ملیۆنانی دیکە هەن ، کە لە کەناری هەژارییەکی ڕیسواکەر دەژین . کەواتە چی مایەوە؟ کێ بەڕاستی لەجیهانی ئەمڕۆدا دەژیێت؟ بەشێوەیەکی سەرەکی دانیشتوانی ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەدا و ئوستورالیا و ژاپۆن بەڵام هەمویان نا ، چونکە کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتوەکان ئێستا توێژێکی پەراوێزخراوی ناپەسەند بەرهەم دێنێن ، بێ بایەخ نییە وە بێ ئابروی وخۆپەرستی یان واقیعیەت گەشتۆتە ئەو ڕادەیەی ، کە هەندێ لەچاودێرانی بلێن بونی ئەم توێژە بەزۆرە ملێیە ، بەڵکو پێویستە تاوەکو زۆرینەی کۆمەڵگە بەخۆشگوزەرانیی و دڵنیایی بحەسێتەوە.

هەروەها دەوڵەمەندانی جیهانی سێهەم و دەسەڵات و ڕژێمەکانی و ئەوانەشی بەدەوریاندا دەخولێنەوە و ئەژین ، ئەمانەش توێژێکی سادەیە لە (١٠٪)ی دانیشتوان تێپەڕناکات. زۆرینەی میللەتیش هەڕەشەی هەژاری و برسێتی و نەبونی هیچ ئاسۆیەکی گۆڕان یان ڕزگاربونی لێدەکرێت ، چونکە توێژی ناوەڕاست زۆر کەمیکردۆتەوە و هیچ بوارێك نەماوە ، دەبێ لەسەرەوە یان لەخوارەوە بێت. زیرەك ئەوەیە بتوانێ کاری خۆی ڕێکبخات و ئەوانی تر ناخۆشییان لەسەرە. پاشان پێویستە ڕەچاوکردن و بایەخ بۆ توێژی ناوەڕاست بگەڕێنینەوە ، چونکە بونی ئەو لە ڕۆژئاوادا کۆمەڵگەی لەتەقینەوە پاراستوە.

ڕەنگە کەسێك بڵێت : بەڵام جیهان بەردەوام وابووە ، هەر



بەهێز بێهێزی خواردوە و یاسای جیهان و مێژو ناگۆڕدرێت ، فەیلەسوفی ئینگلیزی (هوبز) نەیوتوە " مرۆڤ گورگە بۆ مرۆڤی برای " ؟ نەیوتوە جیهان دارستانێکە لە گورگەکان و ئەگەر گورگیش نەبێت ، گورگەکان دەتخۆن؟! بەڵام وتوشیەتی لەپێناو کەمکردنەوەی هەوەسی وەحشیگەرایی کە لەناخی مرۆڤدایە ، هەروەها لەپێناو گەیشتنە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و شارستانی ، پێویستە کۆمەڵگە بەشێوەیەکی عەقڵانی ڕێکبخرێت.

خەونەکانی فەیلەسوفی نوێگەری هەر لە (هۆبز)ەوە تاوەکو (کانت و جان جاك ڕۆسۆ و هیگڵ و مارکس..)خۆی لەیەگشتن بەم کۆمەڵگە دادپەرە و مەدەنییە ئەبینێتەوە ، گومانیش نییە تاڕادەیەك خەونەکانیان هاتۆتەدی ، بەڵام تەنها سەبارەت بە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکانی ڕۆژئاوا ، ئەمەش بەدڵنیاییەوە شتێکی کەم بایەخ نییە و تەواو پێچەوانەی ئەو بۆچونە ڕەشبینەیە ، کە لە سەرەتای ئەم وتارەدا زاڵبو ، پێشکەوتن ڕاستییەکی درك پێکراوە و بەرهەمی بیرکردنەوەی زانستی و عەقڵانی فەیلەسوفەکانی ڕۆژئاوایە ، ئەمە شتێکە کەس ناتوانێ ئینکاری بکات ، بەڵام کۆمەڵگەکانی ئەوروپا و ئەمریکای باکورو ئوستورالیا و ژاپۆن ملیارێك تێپەڕناکات ، باشە چی لەو پێنج ملیارەی دی بکەین ، کە ماونەتەوە؟ هەر ئاوها بەسەریدا بڕوین؟ ئەی کوا ئەو هەوەسە مرۆییەی کە لەلای گەورە فەیلەسوفەکانی ڕۆژئاوا باڵای کرد؟ لەچوارچێوەی ئەم مانایە دەکرێت لەگەڵ



"هابرماس"دا بڵێین (نوێگەری پرۆژەیەکە تەواو نەکراوە) ، تائێستاش شەش لەسەر یەکی ڕەنگە کەمتریش بەمرۆڤایەتییەوە قەتیس بووە ، پاشان پێویستە بەردەوامی بدەینە پرۆژەی نوێگەری تاوەکو سەرجەم گەلانی سەرزەمین بگرێتەوە ، پێویستە دەوڵەتی ماف و یاسا لەهەمو دەوڵەتانی جیهاندا باڵادەست بێت ، نەك بەتەنها لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکادا.. هەر لەچوارچێوەی ئەم تێڕوانینە چەمکی (پاش نوێگەری) دادەڕۆخێت ، وادەرئەکەوێت کە تازە پێگەیشتوە ، هەڵەشەیە ، ڕوکەشە . تاقە پرۆژەش کە سەبارەت بە ڕەگەزی مرۆیی واتای هەبێت ، بریتییە لە کەمکردنەوەی توێژەکانی هەژاری و بێزارییە تا زۆرترین ڕادەی لەتوانا و پێنج ملیارەکەی دیکەی مرۆڤایەتی بخرێتە نێو بەهەشتی نوێگەرییەوە ، ئەگەر نا ئەوا دڵەڕاوکێ و شڵەژان لە هەمو ناوچەکانی جیهان بەردەوام دەبێت و جیهانی مەدەنی و شارستانیش شاد نابێت ، چونکە بێگومان پرشی بەرئەکەوێت گەورەترین بەڵگەش لەسەر ئەمە (١١)ی سێپتەمبەرە ، لەڕابردودا ئەمریکا وایدەزانی لەچەقی مەترسییەوە دورە و بە زەریا و دەریاکان پارێزراوە ، بەڵام ئەزمونی تاڵ بەم دواییە پێچەوانەی ئەمەی بۆ سەلماند ، دواتر لەبەرژەوەندی ئەودایە زیاتر بچێتە نێو کاروباری جیهانەوە ، بەڵام لە ئاراستەی ڕاست کەبەرە و چارەسەرکردنی کێشەکان لەبری ئاڵۆزکردنیان دەچێت..چونکە جیهان بۆتە دێیەکی بچوك



و بەشەکانی پێکەوە بەستراون لەسەردەمی جیهانگەرایی ، ئەوا لەبەرژەوەندی وڵاتە دەوڵەمەندەکانە ، هەژاری جیهانی سێهەم هێڵی سور نەبەزێنێ ، ئا لەوێدا تەقینەوە ڕودەدات ، وەك دەوترێت هەژاریش کافرە ، لەبەرژەوەندی ئەودایە چۆك بۆ چڵێسی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانی دانەدات ، کە ئەختەبوتەکەی بۆ زاڵبونە سەر هەمو ئابورییەکانی جیهان درێژکردۆتەوە ، بەڵام شتێك تێبینی بکرێت ، ئەوەیە ڕێژەی ئەو هاوکارییەی بۆ گەشەپێدانی جیهانی سێهەم تەرخانی کردبو ، لەم دواییانەدا لەبری ئەوەی زیادبکات ، داویەتیە کەمی و هەر لەبنچینەدا ڕێژەیەکی زۆر کەمە ، هەر شەرمە ژمارەکە ئاماژەی بۆ بکەین ! (٠٫٤)ی سامانەکەی تێپەڕ ناکات.. بۆئەوەی زیاتر ڕونبین بونی گرفتی ڕاستەقینە لە فەلسەفەی نوێگەری یان لە شارستانیەتی ڕۆژئاوادا لێرەدا دەردەکەوێت ، لێرەدا ئەتوانین بشڵێین پرۆژەی نوێگەری تەواونەبووە ، بەڵام ئەمجارە دەستەواژەکە بەواتا چەشنییەکەی دەردەبڕین نەك بەواتا چەندییەکەی ، پرۆژەی نوێگەری کە لەبنچینەدا ئامانجی ڕزگارکردنی ڕەگەزی مرۆیی بو ، لە برسێتی و کارەساتی سروشتی و حکومەتە سەرشێت و هەڕەمەکییەکان و هەروەها هەوەسە تاریکپەرست و دەمارگیرەکان. تەنها بەشێك لەئامانجەکانی بەدیهێناوە ، یەکەمجار تەنها بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوابو ، وەك ئاماژەمان پێدا ، خۆی درێژنەکردەوە تاسەرجەم گەلانی زەمین بگرێتەوە . دوهەمیش

لەلایەن توێژێکی خۆپەرستی فراوانخوازییەوە قۆرخ کرا و تا ڕادەیەکی زۆر لەسەرجەم ناوەڕۆکە مرۆیی و ڕزگاریخوازییەکانی پوچەڵکرایەوە. ئا لێرەدا بەرپرسیارێتییەکی گەورە دەکەوێتەسەر ڕۆژئاوا ، چونکە ئەو بەهێزتر ودەوڵەمەندترە و هەر ئەویشە چارەنوسی جیهانی بەدەستەوەیە ، بەڵام تاقە شتێك مایەی گەشبینی بێت ، بونی دەنگی مرۆیی و ئەخلاقییە لەخودی ڕۆژئاوادا ، پاشان من دژی ئیدانەکردنی ئایدۆلۆژی ڕۆژئاوام بەشێوەیەکی گشتی یان بەشێوەیەکی ڕەها ، لەوێ ڕەوتی دژە جیهانگەرایی سەرمایەداری کە زۆر گرنگی بەچارەنوسی گەلان و هەستە مرۆییەکان نادات ، ئەم ڕەوتانەش هەمو جارێك دژی کۆنگرەکانی جیهانگەرایی یان کۆنگرەکانی دەوڵەمەندترین وڵاتە پیشەسازییەکانی جیهان و هەندێجار قوربانیان لێدەکەوێتەوە ، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت ، کە دەنگی ویژدان لە کۆمەڵگە دەوڵەمەندەکانی ڕۆژئاوا نەمردوە. تاڕادەی لەخۆبایی بوون و ئینتەلاکردن ، هەروەها دەنگی ئاینی و علمانی هەیە ، کە بانگەشە بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ ئەم شارستانیەتە و هاوپشتی لەگەڵ ئەو ئازارە زۆرەی وڵاتانی باشور دەکات. لەکۆتاییشدا ئەو هەنگاوەی پێویستە ساڵانی داهاتو بیگرینە بەر ، بریتییە لەمەی خوارەوە : جیهان بووە بە کەشتییەکی گەورە یان هەمو پێکەوە دەخنکێن یان هەمو پێکەوە دەرئەچین.



# منداڵی بەهرەمەند

**نوسینی: د.مینا بدیع عبدالملك – زانكۆی ئەمریكی لە قاهیرە**

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئیبراهیم سدیق**

لە ساڵی(١٩٦٦) و لە ئینگلتەرادا "کۆمەڵەی نیشتمانی منالآنی بەهرەمەند" لەلایەن گەورە پیاوانی چاکەکار (نەکسەرمایەداران) و داهێنەران و زانایان و هونەرمەندان و مامۆستایان و باوکانی منالە بەهرەمەندەکانەوە دامەزرا ، ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە بریتیبو لە (ئاراستەکردنی چاودێریکردنی تایبەتە بۆ منداڵی بەهرەمەند تا بەهرەکەی لە دەست نەدات) نەوەك لە دوا ڕۆژدا ببێت بە گەورە لادەرانی یاسا (لە شێوازەکانی بەرتیل و قاچاغ و ئەنجامدانی تاوانی جۆراوجۆر) و ڕایکێشێت بۆ یاسای سەرجادە و ببێت بە هێزێکی کاولکەر بۆ هەمو کۆمەڵگە . لەو ئاماژانەی کە ئەم کۆمەڵەیە بۆ ناسینەوەی منداڵی بەهرەمەند دەستنیشانی کردوە ، تا هەر لە تەمەنی منداڵییەوە بایەخی پێبدرێت ، بریتییە لەمانەی خوارەوە:

١- ئەو منداڵەی ماوەیەکی کورت دەنوێت ، بایەخێکی بەرچاو ئەدات بە ئەوانەی لە دەوروبەرێتی ، زو پێ ئەگرێت و زوش فێری ئاخاوتن دەبێت . بەردەوام پرسیار ئەکات لە چۆنێتی



ئیشکردنی شتەکان و پرسیار لەو ئامرازە ئەکات ، کە شتەکانی پێ ئەناسرێتەوە.

٢- ئەو منداڵەی بەر لە گەیشتنە تەمەنی قوتابخانە خۆی فێردەکات.

٣- ئەو منداڵەی توانایەکی نائاسایی هەیە لە لێبوردبونەوەی هەمو شتەکانی دەوروبەری.

٤- ئەو منداڵەی وزەیەکی لە ڕادەبەدەری هەیە و ئەبێتە بارستاییەك لە بزوتن وچالاکی.



٥- ئەو منداڵەی توانای هەیە لەسەر ئارامگرتن و لێبوردەیی و تورەنەبون و ئازایە لە ئاخاوتن لەگەڵ باوك ودایکیدا لەماڵەوە و لەگەڵ هاوەڵەکانی لە قوتابخانە و لەگەڵ مامۆستاکانی لە وزەی خوێندندا.

٦- ئەو منداڵەی تەندروست تر و باڵابەرزترە لەوانەی کەمتر



لەخۆی بەهرەمەندترن ، ئەم جۆرە منداڵانە بە ئاسانی وخێرایە و گرفتی هەڵچون و گرێی دەرونیان نییە ، سەربارى ئەوەی خۆشەویستن لە نێو هاوڕێکانیاندا وخاوەن سەنگیشن.

گومانی تێدا نییە ، کە خێزان و قوتابخانە ڕۆڵێکی گرنگ لە گەشەپێدانی ئەم بەهرانەدا ئەبینن ، لێرەدا جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان منداڵانی خێزانی بەختەوەر و یەکگرتو لەگەڵ منداڵانی خێزانێکی پەرتەوازە کە ناکۆکی و ڕق تێیدا زاڵە . لە خێزانی یەکەمدا بلیمەتی منداڵ گەشە ئەکات بە هاندانی گشتی بۆ بلیمەتی پێش وەخت و ڕیزگرتنی بۆچونەکانی ئەگەر پوچیش بێت . والآکردنی دەرگای گفتوگۆ و لێکگەیشتن و پێشکەشکردنی ئاراستەیەکی تەواو و ڕاوێژی باش لەگەڵ پیا هەڵدان و ستایش هەندێجار. هەروەها "ئەلوەرد بۆیل ئۆهاند ڕورت" ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ چاودێری منداڵانی بەهرەمەند دەڵێت" بەخێوکەران یەکێکن لە ئەندامە گرنگەکانی ژیانی منداڵی بەهرەمەند ، چونکە یەکەم کەسن کە هەست بە بەهرەمەندی دەکەن و گەشەی پێدەدەن"، هەروەها بڵاوبونەوەی زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی ئەندامانی خێزان یارمەتی وروژاندنی بیروهۆشی منداڵ ئەدات .

شاعیری گەورەی ئەڵمانی"گوتە" ئەڵێت"من کاتێك کە منداڵ بوم ، دایکم بە دەنگی بەرز دەیخوێندەوە بۆم" بەم شێوەیە توانی پێش وەخت لەسەر ئەدەبی ئینگلیزی ڕابێت ، هەروەها

توانی بەرهەمەکانی"شکسبیر" و"جۆن میلتۆن"و"جین ئۆستن" بخوێنێت.

بۆماوەیی باش و تەندروست لای منداڵ کە لەخێزانە بەختەوەرەکەی کە لە باوکێکی بیرمەند(مفکر) و دایکێکی رۆشنبیر وەریدەگرێت ، ئەمانەتێکی پربایەخە لەدەستی بەخێوکەرانیدا ، ئەبێت بەسەری بکەنەوە و بەباشی چاودێری بکەن و بۆ ئەو شتانە بگەڕێن ،کە لە کەسایەتیدا چەسپاوە و پاشان بەشێوەیەك ئاراستەی بکەن ، کە سودی خەڵکی تێدابێت ، چونکە تەندروستی و باڵایی بەهرەکانیان تەندروستی و باڵایی گەلانە.

**لە نمونەی هەندێ منداڵێ بەهرەمەندە بلیمەتەکان:**

"موزارت" بلیمەتی موزیك: یەکەم کاری موزیکی کە ئەنجامیدا ، تەمەنی حەوت ساڵی تێپەڕ نەکردبو ، یەکەم ئۆپرا کە دەریهێنا ، تەمەنی چواردەساڵ بو ، چوار گۆرانی و یەکێك لە سەمفۆنیاکانی لە تەمەنی هەشت ساڵیدا بەئەنجام گەیاند.

"لۆنگفلۆ"ی شاعیری بلیمەت: لە تەمەنی هەشت مانگیەوە چێژی لە گۆرانی و مۆزیك ئەبینی ، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا سەرکەوت لە وانەکانی و ئەوانەی تەمەنیان پازدە ساڵان بو ، لە تەمەنی چواردە ساڵیدا یەکەم چامەی چاپکرا.

"جۆن ستیوارت میل"بلیمەتی ئابوری: لە تەمەنی سێ ساڵیدا زمانی یۆنانی دەخوێند ، لە تەمەنی هەشت ساڵیشدا فێری زمانی



لاتینی بو ، کاتێك تەمەنی گەیشتە دوازدە ساڵ سەبارەت بە (فەلسەفە و لۆژیك) گفتوگۆی لەگەڵ باوکیدا ئەکرد ، لە تەمەنی شازدە ساڵیدا دیرۆکی"ڕۆما"ی نوسیەوە.!!

"فۆڵتێر" نوسەری بلیمەتی فەڕەنسی: هەر لە تەمەنی منداڵییەوە شیعری نوسیوە ، لە تەمەنی سێ ساڵیدا چامەیەکی "ڕۆسۆ"ی لەبەرکردوە ، لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا شیعری تراژیدیای نوسیوە ، پاشان لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا لە کۆلێجی یاسا لە پاریس خوێندویەتی.

"جیمس وات"بلیمەتی بیرکاری: لە تەمەنی منداڵیدا زۆر کتێبی سەبارەت بە میکانیك و بیرکاری خوێندۆتەوە ، چەندین کاتژمێر دائەنیشت بۆ چاودێریکردنی ئەو قۆرییە چایەی لەسەر ئاگر ئاوی تێیدا بوە و دەکولا ، پاشان چاودێری ئەو هەڵمەی دەکرد ، کە لەقۆرییەکەوە بەرزدەبوەوە ، هێزی ئەم تێبینیکردنە پاڵی پێوە نا بۆ قۆستنەوەی هەڵم و هێزەکەی .

"ڤیکتۆر هۆگۆ" ئەدیب و بلیمەت: لە تەمەنی سیازدە ساڵیدا خەڵاتی ئەکادیمیای ئەدەبی فەڕەنسای بەدەست هێناوە ، دواتر ناوبانگی لە ڕۆمانی"بێ نەوایان"دا دەرکرد.

بۆیە پێویستە چاوکراوەبین لە ناسینەوەی بلیمەتیی لەلای منداڵ و پەیمانی چاودێریکردن و بایەخدانی پێبدەین.

**سەرچاوە: رۆژنامەی (الاهرام)ی میسری - ژمارە(٤٢٦٤٨)ی (١٢ی ئەیلولی ٢٠٠٣)**



# ئایا کاتی ئەوە هاتووە واز لەئینتەرنێت بێنین ؟

**ئەندازیار/ بێستون سەلاحەدین ئەحمەد**
Bestoon82@yahoo.com

ئینتەرنێت لە سەرەتاوە شتێ بو لەئاستێکی کەمدا بەکاردەهات ، بەکارهێنانەکەی لەئاستی چەند برادەرێك بو ، ئیتر ئایا ئەو برادەرانە چەند زانایەك بن لەسەر ئاستی حکومی یان چەند کەسانێك بن لەسەر ئاستی سەربازی ، کە هەریەکەیان ئەوی تری دەناسی . بەڵام کاتێ کە ئینتەرنێت دەرگای والاکرد بۆ هەموو کەسێك وە بو بە تۆڕێکی جیهانی ، تا وای لێهاتبو ببێتە ئامرازێکی پەیوەندی لەنێوان ئەو کەسانەی کە یەکتر دەناسن یان ناناسن وە بو بە ئامرازێك بۆ دابەشکردنی زانیاری یان بۆ کڕینی شتومەك ، لەبەر ئەوەی ئینتەرنێت هیچ خاوەنێکی نەبو وە موڵکی کەس نەبو ، بەڵکو خۆی خۆی بەڕێوە دەبرد.

لە ساڵەکانی (١٩٩٠) بەدواوە بۆ چەند ساڵێك زۆرینەی ئەو کەسانەی کە بەکاریان ئەهێنا ، هەستیان بە لێپرسینەوە دەکرد بەرامبەر بە سەرخستنی ئەم تۆڕە تازەیە .

لەڕاستیدا دیزاینی سەرەتایی ئەم تۆڕە وا دانراوە ، هەموو



کەسێك کە تازە بەکاری ئەهێنێ ، هەست بەلێپرسراوی بکات وە بە شێوەیەکی یاسایی بەکاریبهێنێ ، بەڵام ئەو کەسانەی کە بەکاریان هێنا ، هەموویان بەو ئاستە نەبون وە کەسانێك دەرکەوتن ، کە بە پێچەوانەی ئەو قسانە بون ، هەر لێرەوە کەسانێك دەرچوون ، کە ناویان نرا (هاکەرز) وە کەم کەم گوێمان لەناوی تازەبو ، وەکو (ڤایرۆس) و (سپام) و (ترۆجان)..هتد. هەروەها سایتی خراپ دەرچوو ، کە بۆ شتی نامرۆڤی بەکاردەهێنرا.

بە پێی ڕاپۆرتی واشنتۆن پۆست زانکۆی ( کارنیگی میلون) زیاتر لە (٣٧٨٠) حاڵەتی تێکچونی ئاسایی کۆمپیوتەری تۆمار کردوە ، هەروەها هەمو ئەو کۆمپیوتەرانەی کە بەم تۆڕەوە بەستراون ، ڕووبەڕووی هێرشکردنی کەسانی خراپبون ، ئەمە هەمووی لەساڵی (٢٠٠٤)دا ، لەکاتێکدا ئەم حاڵەتانە زیاتر نەبو لە (١٠٩٠) حاڵەت لە ساڵی (٢٠٠٠)دا وە (١٧١) حاڵەت لە ساڵی (١٩٩٥)دا، هەروەها ڕیکخراوی (ماستەرکارد) ئەمساڵ ڕایگەیاند ، کە پتر لە ( ٤٠) ملیون ژمارە لە کارتەکانی ترسی دزینی هەیە لەلایەن کەسانێك لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت.

زانای کۆمپیوتەر (کارل ئەرپاتش) دەڵێ "ئینتەرنێت تێی کەوتووە ، بەو شێوەی کە پەندی پێشینان دەڵێ: بەس تۆ جوان بی بۆ ئەوەی هەمو جیهان جوان بێ"... بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆدا ئەمە ڕاست نییە ، وادیارە ئەم شتە خراپەی کە (کارل) باسی

ئەكات ، هەرئەوەیە وای لێکرد ، کە بەشداری لەگەڵ کۆمپانیای (سیسکۆ) وە چەند ئەندازیارێك لە پرۆژەیەك بۆ هەوڵدان بۆ چاکسازی ئینتەرنێت بکات. (کارل) کەسێکە لە نێو چەند زانایەکی بەتوانا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت ، ئایا ئینتەرنێت هەموی یان بەشێکی پێویستی بە چاکسازییە ، هەوڵەکەی (کارل) لەسەر ئەو بنەمایەیە ، کە دەڵێت (خەڵکانی خراپ زۆرن) ، دیارە ئەو خەڵکە زۆرە لەنێوان ئەو ملیار کەسەی کە ئینتەرنێت بەکاردەهێنن لە جیهاندا. بەم پێیە ئەتوانین بڵێین گۆڕانی ئینتەرنێت بۆ باشتر شایەتی هەوڵدانە.



# بۆچی خوا تۆڵە لە لاوازەکان دەکاتەوە ؟

ن: د.کامل النجار
و: ئاری عوسمان خەیات
arikhayat@yahoo.com

ناوبەناوێك سروشت هەڵدەچێ و کارەساتی جەرگبڕ بەسەر مرۆڤایەتیدا دەدات ، کە دەبێتەهۆی کوشتنی هەزاران و کاولکردنی جێگەوبان.. ئەوانەی کە فیزیا و جیۆلۆجیایان خوێندوە ، هۆکاری ئەم دیاردە سروشتیانە دەزانن و ئەتوانن بەشێوەیەکی ورد کات و شوێنیان دیاریبکەن ، بەڵام پیاوانی ئاینیی کە لە لۆژیکی خۆیاندا پشتیان بە غەیب بەستوە ، هەروەك کتێبە ئایینییەکانیش پشتیان پێبەستوە ، ئەو دیاردانە وا شرۆڤەدەکەن ، کە گوایە ئاماژەیەکە یان ئایەتێکە لە ئایەتەکانی خوا کە لەڕێگەیەوە تورەیی و غەززەبی خۆی بەسەر بەندە عاسیبووەکانیدا دەڕێژێت.

هەر لەسەردەمی دەرکەوتنی پێغەمبەر (موسا) لەسەدەی دوەمی پێش زایینەوە واتە ساڵی (١٢٠٠پ.ز) ، تەورات دیاردەی بومەلەرزە و گڕکانەکانی لەسەر بنەمایەکی غەیبی شرۆڤەکردوە و دەڵێت ((ئەوانە نیشانە و ئاماژەی غەززەبی خوداوەندن بەسەر



بەندەکانییەوە)) ، ئەنجا مەسیحییەت هات و قەشەکانی ئەویش هەمان هێڵیان گرتەبەر و سەرجەم دیاردە سروشتییەکانیان بە هەڵچونی خوا شرۆڤەکرد ، دواتر کۆتایی هێنەری ئاینەکان دەرکەوت ، کە بە تەواوەتی پیشتی بە غەیب بەستوە ، ئەوەتا پێغەمبەر (د.خ) پەرجو(معجزە)ی سروشتی زۆر گەورەی نەبووە وەك پێغەمبەرەکانی تر ، بۆیە دەڵێ: "هەور مەلائیکەت دەیرانێت تا ئەوێندەرێ کە خوا دەیەوێ بارانی پێ ببارێنێت و زەوی سەوزبکاتەوە و پاش مردنی بیژێنێتەوە.. هەورە گرمەیش چیتر نییە ، بەدەر لەدەنگی قامچییەکەی مەلائیکەتەکان ، کە ڕاسپێردراون بە هەور و ئەگەر خوایش ڕازی بو لە میللەتێك ، ئەوا بارانیان دەبارێنێتەسەر و زەوییەکانیان سەوزدەکات ، ئەگەریش لە میللەتێك تورەبو ، ئەوا یان لە باران بێبەریان دەکات و زەوییەکانیان دەکاتە بیابان ، یان ئەوەتا بە عەردیاندا ڕۆدەبات و بە کللووە ئاگر لە ئاسمانەوە دەیان سوتێنێت..".

چیرۆکە ئایینییە هەژارەکان لە ڕوی لۆژیکەوە بە تەواوەتی پشت بە ڕوداوە مێژوییەکان دەبەستن ، کە ناتوانرێ لە ڕاستی و تەندروستییان دڵنیابین ، بۆنمونە میللەتەکەی (سەمود) کە لە ناوچەیەکی شاخاویدا ژیاون ، ئێستا بە باکوری خۆرئاوای سعودییە دەناسرێ ، وادیارە دوچاری بومەلەرزەیەکی بەهێزبونەتەوە و گوندەکەیان بەیەکجاری تەختبوە ، بەڵام لەقورئاندا چیرۆکیان واهاتوە ، کە گوایە (ساڵح)ی پێغەمبەریان



بەچکە حوشترێکی لە بەرد بۆ دەرکردون و پێی وتون ئەمە بەچکە حوشتری خوایە ، بۆیە دەبێ ڕۆژێك بەچکە حوشترەکە ئاو لە بیرەکە بخواتەوە و ڕۆژێکیش خەڵکی گوندەکە بێگومان میللەتەکەیشی ئەمەیان پێ قبوڵ نەبووە ، کە سەرانسەری ڕۆژێك بۆ بەچکە حوشترێك و تەنها ڕۆژێکیش بۆ گشت خەڵکی گوندەکە بێت..! بۆیە بەچکە حوشترەکەیان فەوتاند و دەرەنجامیش خوا ئەو بومەلەرزەیەی بۆ ناردن کە لەسەر زەوی سڕینییەوە ، قورئان دەڵێ (( (سەمود) لەپاش (عاد) هاتنە سەرزەوی ، کە خراپەکارییان لەنێواندا بلاوکردەوە ، خوایش (سیسرك) بایەکی پرۆکێنەری لە ڕۆژانێکی شومدا بۆ هانین (ریح صرصر عاتیە) و لە ناوی بردن ، ئێمەیش ئێستە دەزانین ئەو بومەلەرزەیەی کە خوا بۆ میللەتی سەمودی نارد ، هیچ نییە پتر لە بومەلەرزەیەك یان گڕکانێك ، کە لەو سەردەمەدا هێشتا کێ گڕکانەکان لەسەر زەمیندا دەتەقینەوە ، هەروا سیسرك بارانەکەیش ئەگرێ وەك گڕکانەکەی (توبا) بێت لە (سومتەرە) ، کە بەر لە (٧٠) ساڵێك لەمەوبەر هەڵیکرد و بەڵغی خۆڵێن و خاشاکی فڕیدا بە قەد (٨٠٠کم٢) وخەڵکی بە دوکەڵ و با داپۆشی و شەش ساڵیش بەردەوامی کێشا ، کە بەهۆیەوە ڕوەك و ئاژەڵ بنەبڕبون ، هەڵمێك لە خۆڵ و کبریت بەرزاییەکانی داپۆشی ، پلەی گەرما پێنج نمری دابەزی ، خەریکبو جینسی مرۆڤایەتی کۆتایی پێبێت ، هەروەك کۆتایی بە دیناسۆرەکان هات..

بۆ شرۆڤەکردنی ئەم دیاردانەیش ، بێگومان دەبێ بە ملیۆنان ساڵ بگەڕێینەوە دواوە ، ئەو کاتەی کە پارچەیەك لە خۆر جیابووە و زەوی دروستبو ، ئەو پارچەیە لە هەمان پلەی گەرمی خۆردا بو ، هێدی هێدی ڕوی دەرەوەی ساردبووە ، بە درێژایی ملیۆنان ساڵ تا ئەوەی چینی وشکی ئەرز پێکهات (Crust) ، کە ئەستورییەکەی لە نێوان (٣٥کم)ی ژێر خاکەوە تا (٦کم)ی ژێر دەریایە ، هەرچی نێوەندی زەویشە واتە سەنتەرەکەی پێکهاتوە لە ئاسن ، کە هێشتا کێ بە پلەی گەرمی زۆر بەرز دەکوڵێت و دەگاتە (٦٠٠٠) پلەی سەدی ، چینی وشکی زەویش واتە ڕوی دەرەوەی پێکهاتوە لە بەردوکانزاکان ، کە بە (توێژاڵ) ناودەبرێن ، بەهۆی گەرمی ناوەوە پەستانێکی زۆر بالا دروستدەبێت ، کە بەردوتاوێرەکانی سەر ڕوی زەوی دەجوڵێنن ، بەو هۆیەشەوە درز دروستدەبێت ، کە بە (Faults) واتە (هەڵەکان) دەناسرێت ، ئەگەر پلەی هەڵم لە ناوکی زەویدا بەرزبووە ، ئەوا بەردەکان واتە (توێژاڵەکان) دەجوڵێن ، کە بە (هەڵە Faults)کان دەناسرێن ، لە دەرئەنجامی ئەو خزانەیش بومەلەرزەیەکی وێرانکەری لێدەکەوێتەوە ، وەکو ئەوەی لێدەکەوێتەوە ، کە ژاپۆنییەکان بە (تسۆنامی) ناویدەبەن ، کە بریتییە لە بومەلەرزەیەکی ژێر دەریا ، ئەمەش لەئەنجامی شەپۆلی زۆر بەرزی ئاو کە لە کەنارەکان دەدات و خەڵکی دەخنکێنێت و ماڵان وێراندەکات..



ئەو کاتەی (تسۆنامی) دوایین لەباشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا ڕویدا ، لە مەغریب سەروتاری ڕۆژنامەی (التجدید)ی سەر بە (پارتی دادوگەشەپێدانی ئیسلامی-حزب العدالە و التنمیە الاسلامیە) ڕۆژی (٦ی یەنایری ٢٠٠٥) ، سەرنوسەرەکەی (حسن السرات) لەژێر ناونیشانی (انذار مبکر للمغرب قبل فوات الاوان ، السیاحة الجنسیة و زلزال تسونامی) ، تێدا نوسیبوی: "ئێمە وەك گەل وحکومەت داوای لەسەر ڕاوەستانێکی درێژ دەکەین ، بەرامبەر بەو ڕوداوەی کە پەیوەندی بە گەشتوگوزاری سێکسی و بزواندنی سێکسییەوە هەیە" ، هەروا وتی: "ئەم بەڵێندەرانە گەشتیوانەکان بەوە ڕادەکێشن ، کە پاپۆڕی پێشکەوتو و بینای ڕازاوە بۆیان ئامادەدەکەن ، کە ئاسانکاری بۆ کارێکی وەها دەکەن " ، پاش ئەوەی بیری خستنەوە ، کە گەشتی سێکسی چی بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا هێناوە ، نوسەر دەگەڕێتەوە سەر باسی مەغریب و دەڵێت: "مەملەکەتەکە بۆتە جێی ژمارەیەك گەشتوانی سێکسباز ، کە کردەوەی زۆرینەیان ئاشکرانەبو ، مەگەر بە ڕێکەوت نەبێ.." هەروا: "شار گەلێکی وەك مەرکێش و ئەکادێر و حۆرییە و تا ڕودانت و جدیدە) بۆتە جێی مەبەستییان و هەدیکەیش.." بەقۆشمەیشەوە باس لە سیستمی هۆشداری پێشوەختیکرد بۆ بەئاگابون لە نزیکبونەوەی بومەلەرزەی دەریایی ، بەپرسیارەوە وتی: "ئایا ئەکرێ کەسێك وادەی جەزرەبەی داهاتو بزانێ؟ هۆشداری پێشوەخت چی نییە



بەدەر لە پێبەندبون بە ڕێنماییەکانی ئایین و نزیك نەکەوتنەوە لەسنوری خوا.."، ئەنجا کۆتایی بەمە هێنا: "ئەوەی کە ڕویدا بەرپرسیارییەتی دوپاتدەکاتەوە و وەك هۆشدارییەکی مەترسیدار دادەنرێت بۆ مەغریب ، بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر دژ بەم ئافاتە کە هەڕەشەی لێدەکات و دەیخاتە بەر تورەیی خوایی و تۆڵەسەندنەوەی بە کۆمەڵ خوانەکا..".

ئاخۆ ئەوانەی کە تسۆنامی زیانی لێدان و لە ناویبردن ، کێ بون؟ زۆرینەیان لە هەژار و نەدارەکانی(سومەترە و سریلانکا و سۆماڵ) بون ، زۆرینەیان ڕاوچی ماسی و ئەو هەژارانە بون ، کە لە ژێر کەپر و لەکەناری دەریای هیندیدا دەژیان ، هەرچی دەوڵەمەندەکانیشە کە یانەی شەوانە و هۆڵی قومار و تیاترۆیان هەیە ، لە کۆشکی گەورە و بەرزاییەکاندا ؛ ئەوانە تسۆنامی زیانی پێنەگەیاندن. سەرجەمی ئەو مناڵانەی کە لە ئەندەنوسیا و سیریلانکا و هیندن ، ئەو هەژارانەن کە باوك و دایکیان لە دەستچو و ڕاوچییە هەژارەکانیش کەشتییەکانیان تێکشکا و چیتر ناتوانن ماسی ڕاوبکەن ، تا ئەوانەی لە خێزانەکانیان ماونەتەوە بەخێویان بکەن..

پێشتر مرۆڤ هێزی ئەو ماڵوێرانییەی شەپۆلەکانی دەریای زانیوە (سێ هەزار ساڵ بەر لە ئێستە) ، جیهان دوچاری سیانزە مەرگەسات و بومەلەرزەی بەهێز بۆتەوە لە ماوەی نێوان (١١٣٨ و ٢٠٠٤)دا ، کە بۆتە هۆی تیاچونی (١٦٥ملیۆن) کەس ، شەپۆلەکانی



بومەلەرزەیش دوبارە دەبێتەوە لەسەر پشتێنەی بومەلەرزەیی ، کە لە (ئوسترالیا)وە دەستپێدەکات و بە (ئەندەنوسیا ، مالیزیا ، تایلاند ، بێرما)دا تێدەپەڕێت تا دەگاتە (بەنگلادیش) ، ئەوەتا (چین) دوچاری شەش کارەساتی وێرانکەر بۆتەوە ، کە سیانیان لافاوی گەورە بون ، بەهۆی خزانی شەپۆلە ئاوییەکانی دەریاوە. کەسیش نییە بڵێت چین و بێرما و تایلاند و سومتەرە لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانن ، زۆرینەی ئەوانەی کە بەهۆی ئەم دیاردە سروشتیانەوە تیاچون ، لە هەژاران بون.

ئەگەر جیهانی ئیسلامی هەژار و دواکەوتو لەڕوی پراکتیکی و ماددیشەوە وەرگرین ، دەبینین کە مەرگەساتە سروشتییەکانی وەك بومەلەرزە و لافاو بە بەردەوامی ڕودەدەن و ساڵانە دەبنەهۆی مەرگی هەزاران کەس ، بۆنمونە تورکیا بەهێڵی (هەڵە) جیۆلۆجییەکاندا تێدەپەڕێت ، شاخەکانی ئەنادۆڵی تێدایە ، دەبینین لە (١ی مایۆی ٢٠٠٣)دا بومەلەرزەیەك ڕویدا و (١٧٧ کەس) مردن و (٥٨)یان منالبون ، کە قوتابخانەکەیان بەسەردا ڕوخا ، بومەلەرزەکە (٧١٨) خانوی وێرانکرد و (٢٥٩٣) خانوی تری درز تێخست و (١٦٦٢) سەر حەیوانیش تیاچون.. لە (٢٦ی یۆلیۆی ٢٠٠٣)دا بومەلەرزەیەکی تر لەڕۆژئاوای تورکیای ڕویدا ، کە چەند کەسێك برینداربون ، بەڵام کەس نەمرد.

ئێرانیش کە هەمان هێڵی (هەڵە) جیۆلۆجییەکانی پێدا گوزەردەکات ، دوچاری بومەلەرزە دەبێتەوە بەشێوەیەکی

سستماتیك ، ئەوەبو لە (٢٤ی یۆنیۆی ٢٠٠٣) بومەلەرزەیەك لە ڕۆژئاوای ئێران ڕویدا و یەك كەس و (٥٨) سەرحەیوان تیاچون ، هەروا لە (١٠ یۆلیۆی ٢٠٠٣) بومەلەرزەیەك لە باشووری ئێران ڕویدا ، یەك كەس مرد و (٣٥٠٠)خانوی داڕوخاند ، دواتر بومەلەرزەی (بام) ڕویدا ، كە هەزارانی كوشت و بەیەكجاری شاری (بام)ی تەختكرد.

هەرواها جەزائیر كە بەردەوام دوچاری بومەلەرزە دەبێتەوە ، چونكە ناوچەی شاخاوی زۆری لێیە ، بەنگلادی موسڵمانیش دوچاری لافاو دەبێتەوە ، كە هەزاران كەس لە نێودەبات و ئاژەڵ و كشتوكاڵ دەفەوتێنێت.

سەرەڕای هەبونی ئەم هەمو كارەساتە سروشتییانە لە وڵاتانی موسڵمانی هەژاردا ، دەبینین پیاوانی ئایینی دەڵێن ئەم كارەساتانە سزای خوایە بەسەر ئەو كەسانەیدا دەسەپێنێ ، كە خراپە و بەدكارن لە سەر زەمین..ئاخۆ ئەو خراپە و بەدكارییە چییە ، كە ئەو هەژار و نەدارانەی لە كەپردا دەژین ، تاخوا لێیان تورەبێت و سزایان بدات؟.. دەوڵەمەندەكانیش لەكەناری (مۆنتی كارلۆ) و ڕوبارەكانی سویسرا و هاوینەهەوارەكانی چیای (ئەلب)دا دەحەسێنەوە و ڕادە بوێرن ، كەچی خوا بۆ تەنیا جارێكیش ئاوڕیان لێناداتەوە..! ئێمە دەزانین كە دەڵێن خوا (یمهل ولا یهمل) بوار دەدات ، بەڵام لەبیر ناكات - بەڵام ئاخۆ بۆچ بواردانێكی وابێت كە ئارامگری (ئەیوب)یش بەرگەی ناگرێ؟!.



## نوسینێكی تری شەهید محەمەد پەژار وەك شارایەك بۆ سەر دیوانەكەی

ئەحمەد باوەڕ

كۆتاییەكانی ساڵی (٢٠٠٣) كە زۆربەی نوسین و شیعرەكانی شاعیر و ڕوناكبیری شەهید (محەمەد پەژار)م لەلایەن (دەزگای بەدرخان)ەوە بە تیراژێكی زۆر كەم بە چاپ گەیاند ، لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان بوم لەوەی كە دەستنوس و شیعر و بابەتی تری ماوە و نەكەوتونەتە چوارچێوەی ئەو كتێبەوە كە من كۆم كردۆتەوە ، هەروەاش دەرچو ، بەو ئومێدەی بتوانم لە دەرفەتێكی تر و لە چاپێكی جوانتر و دانسقە تردا هەمو ئەوانەشی كە ماون بیانخەمەسەر ، سەرجەم بەرهەمەكانی تری و بەسەریەكەوە بڵاویان بكەمەوە . ئەم نوسینەشی كە لێرەدا و لەڕێگای نۆبەرەی (گۆڤاری گیرفان)ەوە بڵاوی دەكەمەوە ، نوسینێكی شەهید پەژارە ، وەك بە نوسینەكەیدا دەردەكەوێ ، لەم ساڵانەی دوایی ژیانیدا و پێش شەهیدبونی نوسیویەتی و لە بارەی شاعیری چەوساوەكان (قانع)ەوەیە. لە كاتی ئامادەكردنیدا لە ڕوی ڕێنوس و تەنانەت لە ڕوی ناوەڕۆكیشەوە دەسكارییەكی ئەوتۆم نەكردوە ، تەنها نمونە شیعریەكانی قانع (١٨٩٨ - ١٩٦٥) نەبێ ، كە دوبارە لەگەڵ



دیوانەكەیدا بەراوردم كردون ، هەندێ هەڵەیان تێكەوتبو ڕاستم كردونەتەوە ، چونكە وەك شەهید پەژار (١٩٥٤ - ١٩٩١) خۆشی لە پەراوێزی نوسینەكەیدا نوسیویە: (بۆ نووسینی ئەم وتارەم سودم لە چەند وتارێك وەرگرتووە) وباسی دیوانەكەی (قانع)ی نەكردوە ، ئەمەی خوارەوەش دەقی بابەتەكەیە ، كە لێرەدا دوبارە وەكو خۆی بڵاوی دەكەمەوە.

### قانع.. شاعیری ئاوارە و سەربەرز

لە بیرەوەری كۆچی دوایی شاعیرێكی وەكو (قانع)دا زۆر شتمان بە بیردا دێت . لە كوێ وە دەس پێبكەین و كام لایەن شی بكەینەوە و چۆن مافی شیاوی خۆی بدەینێ؟ !

لەكاتێكدا كە شێخ عەبدولقادری كوڕی شێخ سەعیدی كوڕی شێخ محەمەدی (دۆلاش) كە یەكێك بوو لە نەوەی ساداتی (كابل)ی مەریوان و لە بنەماڵەیەكی دەسەڵاتداری مام ناوەندی بوو. تەمەنی بەساڵا چووبوو. لە دوا كاتی ژیانی دا بەدەم لێ قەوماویەوە لە دەستی دەرەبەگەكانی ناوچەی مەریوان ڕایان كرد و كەوتنە كۆچ كردن و دەربەدەری و لە دوایدا لە دێی (ڕێشێن)ی بناری شارەزوور جێگیربوون. لە ١٥ ی ئەیلەلی ١٨٩٨ دا واتە (نەوەدودوو ساڵ لەمەوبەر) خوا منداڵێكی پێ بەخشین. ئەو منداڵە تا پێی گرت و كەوتە بەردە چزكێ و شەڕە بەردەقانی (قەڵماسن) كەس بە بیری دا نەدەهات كە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو منداڵە هەژارە دەبێتە شاعیرێكی شۆڕشگێر و پەنجە بە چاوی ڕژێمی بۆگەنی



پادشایەتی و چەوسانەوە و زەبر و زەنگدا دەكات و وشەی پیرۆز و سەربەرزی خۆی دەكاتە ناربخۆك و دەیداتە دەست چینی چەوساوەكان و دژی قەڵای زوڵم و زۆر هانیان دەدا. ئەو ئاغا و دەرەبەگ و خوێنمژانەی كە لەشارەزوو و ناوچەكانی تردا بێكاریان بەهەژاران دەكرد. نەیاندەزانی كە شێخ محەمەدی



(قانیع) دەبێتە شاعیری هەژاران و هەموو جوتیارانی كوردستان شیعرە جوانەكانی لەبەر دەكەن و لەجووتكردن و دروێنە و كێشە و گێرە و شەن و كەودا دەیڵێنەوە و دەیكەن بەهۆرەی بەر

تریفەی مانگەشەوی گەرمیان و کوێستان و دەگەنە دەمی خەڵکی ئەم سەردەمە و وەکو ئەستێرەی گەلاوێژ خۆیان بە پەنجەرە و تاقی هەموو ماڵە هەژارێکدا دەکەن.

قانیع هەر لە سەرەتای لەدایك بوونیەوە تا ئەو ڕۆژەی شۆڕکرایە ناو گۆڕەوە خێرنەدیو بووە . لە چل ڕۆژیدا باوکی کۆچی دوایی کردوە و (٢) دوو ساڵیشی پڕنەکردۆتەوە دایکیشی کۆچی دوایی دەکات . لەبەر بێ کەسی و ناخۆشی ژیانی پەنای بردۆتە بەر حوجرە و دەستی کردوە بە خوێندن . بۆ ئەم مەبەستەش (ئاغا سەید حسین)ی چۆڕی یارمەتی و پشتگیری کردوە . بەڵێ (قانیع) گەورەتربوو و بەناو دێهاتەکانی مەریواندا بۆ خوێندن چەرخەیەکی کرد ئینجا ڕێگای شارانی گرتەبەر بۆ خوێندن. سەقز ، بانە ، سابلاغ ، بۆکان ، شنۆ ، کۆیە ، کەرکوك ، هەولێر ، سلێمانی ، هەڵەبجە ، پێنجوێن و بیارە و چەند شوێنێکی تر گەڕاوە. ئاشنایەتیەکی تەواوی لەگەڵ بنەماڵە دیار و ئایینی یەکانی کوردەواریدا (بەتایبەتی مەلیك مەحمود) پەیداکردبوو. بە هەر جۆرێك بوو خوێندنی حوجرەی تەواوکرد. بەڵام حەزی لە مەلایەتی نەکردووە. شایانی باسە ئەم شاعیرە پەیوەندی بە هیچ تاقم و ڕێکخراوێکەوە نەبووە و بەرهەڵستی هیچ ڕێباز و داخوازی هیچ کۆمەڵێك کە سوودی خەڵکی تیابێ نەوەستاوە. قانیعی هەژار و ئاوارە. بەڵام هەمیشە سەربەرز و نەبەز. هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان وەکو هەندێ شاعیرۆکەی بێ هەڵوێست و بەرەڵڵا. سەری بەرزی بۆ زۆرداران دانەنەواند و خەم



و شادی چەوساوەکانی کرد بە هەوێنی شیعرەکانی. ئەوەتا لە شیعری (قەلاچۆی دوژمن)دا. داوای یەکگرتن و تێکۆشانی هەموو چینەکانی کۆمەڵ دەکا و دەڵێ :

**با هەموو جوتیار و پاڵە و ڕەنجدەران**
**یەکگرن تا دەبنە هێز و پشتیوان**
**هەڵگرن یەکسەر دروشمی هاوبەشی**
**بێ جیاوازی لەسەر ڕەمز و نیشان**
**هەڵگرن پاچ و چەك و بێڵ و قەڵەم**
**هەر لە ڕۆشنبیر هەتا شوان و سەپان**
**هەڵ ئەتەکێنن ئەم نیزامە بۆگەنە**
**دابڕێژن کۆشکی یەکسانی ژیان**

شاعیری نەمر چەندەها ئیشی جۆربەجۆری کردوە. دەمێ ئاشەوان و دەمێ قۆڵچی دارستان و دەمێ مامۆستای منالان و دەمێ چاودێری کرێکاری ڕێگاوبان هەمیشەش هەر هەژار و برسی. لە ساڵی (١٩٣٩) دا کرێکاری (ئیشغاڵ) ئەبێ لەسەر ڕێگای سلێمانی و پێنجوێن. نەخۆش دەکەوێ و دەچێتەوە بۆ ماڵەوە لە دێی ی (نەوێ)ی بناری شارەزوور و بەدەم نەخۆشی یەوە وتویەتی :

**وەرن یاران لەسەیری چەرخی دەوران**
**بزانن چۆن ئەژی دەستەی فەقیران**
**خوایە من نەخۆشم ئێستە چی بکەم**
**کە بێ جێگەم لەڕووی ئەرز و لەئاسمان**



**لەکوێ دا ڕاکشێم هەتاکو ئەمرم**
**بەبێ شۆربا و بەبێ ئاو و بەبێ نان**

شاعیری کۆچ کردوو لە ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ وریای کوڕیدا لە تاران حەبس دەبێ و نەخۆش دەکەوێ و بەتەمای خۆی نابێ ، لەو بۆنەیە و لەبارەیەوە دەڵێ :

**ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە**
**ئەم کەلەپچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە**
**زۆر دەمێکە چاوەڕوانی زرزرەی زنجیر ئەکەم**
**سەیری ئەم زنجیرە کەن ! وەك زێوەری شاهانەیە**
**بووکی ئازادیم ئەوێ ، خوێنم خەنەس بۆ دەست و پێی**
**حەلقە حەلقەی پێوەنم ، بۆ پلپلە و لەرزانەیە**
**گەرچی دوژمن وائەزانێ من بەدیلی لاڵ ئەبم**
**باش بزانێ کونجی زیندانم (قوتابی خانە) یە! !**
**بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر ئەبێ**
**قوڕ بەسەر ئەو دوژمنە ، هیوای بە بەندیخانەیە !**
**(قانعم) ئەمڕۆ لە زیندانا ، بەئازادی ئەژیم**
**سەد هەزار لەحنەت لەوەی وا نۆکەری بێگانەیە**

قانیع سەربەرزانە لە ڕۆژی (٧/٥/١٩٦٥) دا دڵە گەورە پڕ عەشقەکەی لە دێی (لەنگەدێ) ی ناوچەی شلێر لە لێدوان کەوت. هەر لەوێش بەخاکیان سپارد. کێ دەڵێ : ئەو سەوزە گیا و



گوڵانەی لە ناوچەی شلێردا پێدەکەنن و منداڵانی کوردستان دەیچنن و دڵدارانی کوردستان پێشکەشی یەکتری دەکەن بۆنی شیعری (قانیع) یان لێ نایە ؟ ! هەزار و یەك سڵاو لە گیانی پاکی شاعیر و سەربەرزی بۆ ئەو شاعیرانەی وشەی پیرۆز ڕیسوا ناکەن و گۆرانی ئازادی و سەرکەوتن دەڵێن.

★ بۆ نوسینی ئەم وتارە سودم لەچەند وتارێك وەرگرتوە .

# گفتوگۆیەك لەگەڵ
# (د. عەبدوڵلا پەشێو)

ئامادەکردنی/ رەحمان عەلی رەمەزان





**پ/چۆن سەردانی شاری کەلارت کرد ؟**

و/ چەند ساڵێك لەمەوبەر بیرم لێکردەوە و هەستم کرد ، چەند شارێك هەن ، کە وەکو سەنتەر بە خەڵك دەناسرێن و سەیردەکرێن ، بەلاّم هەندێ شاری تر هەن پەراوێزخراون وە بە پەراوێزی سەیردەکرێن ، وا هەستدەکەم هونەرمەندان و شاعیرانی کورد حەقی خۆیان بەو شارانە نەداوە ، کەلاریش یەکێکە لەو شارانە ، هەروەها من قەت گەرمیانم نەدیبو ، کەلارم نەدیبو ، حەزمدەکرد بۆ جارێکیش بێ کەلار ببینم ، ئێوە ببینم ، خۆشم بە بەختەوەر دەزانم کە بینیتانم ، خۆشحال بوم بەو پێشوازییەی ئەمڕۆ بۆ من ، ڕەنگە زۆر شتی تازەی تێدا بێ ، دیارە کورد هەمو بەیەك شێوە بیردەکەنەوە یان لە یەك نزیکن لە هەر جێگەیەك بن ، کە دەچیتە شوێنێکی دوری وەك کەلار ، دەبینی هەمان خەونی شارەکانی دی هەیە ، کە بەیەك شێوە بیردەکەنەوە ، ئەمڕۆ بۆ من بەشێوەیەکی گشتی زۆر تازە بو.

**پ/جەنابتان وەکو کەسێکی نەتەوەیی ناسراون ، ئایا ڕەوتی سیاسی کورد چۆن دەبینن لە ئێستادا ؟**

و/ جارێك مەسەلەی نەتەوەیی باوەڕ ناکەم ، ئەگەر وەربگێردرێ بۆ سەر زمانی تری ئەوروپی س، ئەوا شێوەی ناشیرین وەردەگرێ ، چونکە بەناوی نەتەوەوە زۆر تاوانی گەورە ئەنجامدراوە ، بەناوی نەتەوە ئەو قەسابخانەیە ئەنجامدرا بۆ ئەوروپای موسولینی ، هەروەها بەناوی نەتەوەوە سەدام حسێن وایکرد ، هەروەها ئەتاتورك و زۆر تاوانی تر کە ئەنجامدراوە لە



ژێر ناوی نەتەوەیی. بۆیە من چەند ساڵێکە هەتا ئەو برادەرانەی کە لەگەڵم هاوبیرن پێم وتون ، تۆزێك لە بەکارهێنانی وشەی نەتەوەیی کەمبکەنەوە ، پێم وتون تا دەتوانن خۆتان لە وشەی نەتەوەیی بپارێزن ، ئەگەر بکرێ با بڵێین سەربەخۆیی خواز ، چونکە ئەگەر کورد هەڵگری بیری نەتەوەیی بێ ، هەر بۆ سەربەخۆیی بووە لە ئەوپەڕی بیرکردنەوەدا ، قەت کورد وا بیر ناکاتەوە ، کە رۆژێك میللەتەکەی سەردەست بێ و میللەتێکی تر ژێردەست بێ ، یان خاکەکەی سەردەست بێ و خاکێکی تر ژێردەست بێ ، یان زمانی کوردی سەردەست بێ و زمانێکی تر ژێردەست بێ ، حەزدەکەم خێروبێری ولاّتەکەم بۆ خەڵکی ولاّتەکەی خۆم بێ ، ولاّتەکەم ئازاد بێ ، هاولاّتییەکی کوردستان ئەم ولاّتە بە ولاّتی خۆی بزانێ و لە هەمو خێروبێرەکەی بەشداربێ ، چۆن حەزناکەم ولاّتی من بندەست بێ و ولاّتی خەڵك سەردەست بێ ، ئاواش حەز ناکەم هیچ ولاّتێکی تر بندەست بێ ، هەروەها کورد لە هیچ کەسێکی ئەم دنیایە کەمتر نازانم ، خاکی کورد لە هیچ خاکێ کەمتر دانانێم ، هەروەها زمانی کوردیش بەو مانایەی سەربەخۆیی خواز زۆرتر حەزی لێدەکەم وەك نەتەوەیی وەك وتم تەرجومەی بکەین زۆر جوان نییە .

**پ/ڕەوتی شیعر و ئەدەب چۆن هەڵدەسەنگێنیت لە کوردستاندا؟**

و/ هیوادارم زۆر شت هەیە ، من نەمبینیوە ، زۆرجار وتومە وەچەی ئێمە واتە وەچەی حەفتاکان یان کۆتای شەستەکان



نزیکەی چل ساڵی بەسەردا چووە ، یەعنی لە (٣٠-٤٠) ساڵدا دەبو ، وەچەی تازە بێ و جێ بە ئێمە تەنگ بکەن ، کۆمەڵێك ناوی تازە بێتە گۆڕێ ، ئەمە شتێکی سروشتییە ، بەلاّم بەداخەوە پێم وایە لە ژێر کارتێکردنی شیعری فارسی و عەرەبی کارێکی زۆر خراپی تێکردوین ، گەنجی کورد دەخوێنمەوە ، تێی ناگەم بەداخەوە حەزم دەکرد شیعری کوردی ئەو شیعرەی کە گەنجی کورد دەینوسێ ، گوزارشت لە تەمەنی خۆی لە گێروگرفتی لە ئاواتەکانی خۆی بکات ، ئەوە ڕاست نییە دەڵێن کە شیعر نابێ بەلای سیاسەتدا بچێ ، بەڵێ منیش ئەگەر لە نزیك بورجی ئیڤل لە پاریس بژیام ، ئەگەر منیش کوڕی نەتەوەیەکی ژێر دەستی وەك کورد نەبام ، ئەگەر میللەتی من زمانی من خاکی من ولاّتی من خێروبێری خاکی من هی خۆم بوایە ، ئەوا حەزم دەکرد ، هەمو ژیانم شیعر بۆ ئافرەت بڵێم ، حەزم دەکرد هەمو تەمەنم شیعر بۆ خۆشەویستی بڵێم . ئەمە سروشتی منە بۆ ئەوە خولڤاوم ، ئێستاش گەیشتوم بەم تەمەنە بۆ ئەوە دەڕۆم ، بەلاّم چی بکەم من کوڕی میللەتێکی ژێر دەستی هەژاری وەك ئەم میللەتە لە دنیا نییە خاوەنی ئەم خاکە پڕ بەرەکەتە بێ ، کە دەیتوانی وەك ولاّتە عەرەبیەکانی کەنداو یان فارسیەکان هیچ کەمی نەبێ ، لەوانەیە هەتا شەرم دەکەین ناوی ولاّتی خۆمان ببەین ، ئێستا خۆمان ناومان ناوە هەرێم لە پاش حوکمی زاتی و شیمال حەبیب ناومان ناوە هەرێم ، کە نابێ پێی بڵێین هەرێم یان کوردستانی عێراق ، پێمان شەرمە بڵێین کوردستان بەتەنیا

ئەبێ بڵێین کوردستانی عێراق ، ئەمە لەدنیا لە هیچ شوێنێك وانییە ئێستا ئێمە بچوکین بۆیە وا دەڵێین ئێستا سکوتلەندا خاوەنی ئۆتۆنۆمییە ، کەسێ ناڵێ سکوتلەندای بەریتانی گەورە یان کوبیکی کەنەدی یان قەفقازیای جۆرجی یان کۆماری چیچانی ڕوسیای یەکگرتو شتی وانییە ، تەنها ئێمە نەبێ ناتوانین خۆمان بە بچوك دەزانین ناتوانین بەتەنیا بڵێین کوردستان ، خۆمان بەکەم دەزانین ، نابێ زمانمان سەردەست بێ ، دەچیە شەقلاوە دەبێ هەمو شتێ بە عەرەبی لەسەری بنوسرێ ، چونکە گەشتیاری عەرەب دێن بۆ ئێرە ، ئەگەر برایەکی عەرەب بێتە کۆلێجێك لە هەولێر یان دهۆك دەبێ هەمو کۆلێجەکە بە عەرەبی بخوێنێ و قسە بکات ، برۆ یەك ملیۆن کورد بچێتە ئەسپانیا بزانە بە کوردی لەسەر هیچ وشەیەك ئەنوسن ، لە دنیادا یاسایەك هەیە ، هەر کەسێ بچێتە هەر وڵاتێك دەرس بڵێتەوە دەبێ زمانی ئەو وڵاتە بزانێ بخوێنێ یان دەرس بڵێتەوە.

**پ/لە قسەکانتدا باسی گەنجت کرد ئایا گەنجی کورد توێژێکی یاخییە؟**

و/ پێش ئەو سەفەرەم زۆر نائومێدبوم ، وامدەزانی گەنجی کورد لەبەرئەوەی ئەو کارەساتەی کە وەچەی من و پێش من بینیویەتی ، گەنجانی کورد ئەو هەمو کارەساتانەیان نەبینیوە ، وەك لە هەولێر گەڕەکێك هەیە ناویان ناوە گەڕەکی (گوێی مەدەرێ) ، بەلاّم پاش تێکەلاّوبونم لەگەڵ گەنجاندا لە هەولێر تێبگەیشتم ، کە گەنجی ئێستا گەنجی گوێ مەدەرێ نییە ، ئەم



سەفەرەم ئومێدێکی زۆر گەورەی پێبەخشیم ، هەمو کۆڕەکەم لە هەولێر لە سلێمانی سەد لە سەد گەنج بون ، یەك بەرپرسی تێدا نەبو ، ئەو گەنجەی کە بە گوێی مەدەرێ لێی تێگەیشتبوم ، ئەوەندە بە پەرۆش بون بۆ من ، کە زۆر تازە بون ، هەرچەندە ئەو شتانەی کە من دەیڵێم هەمو کەس دەیزانن ، ئەو قسانەی کە لە کەلار کردم ، تەنانەت پیرە ژنیش دەیزانن ، بەلاّم پێیان باشە ئەوەی لەلای میکرۆفۆن دەوەستێ ، دەنگی زیاتر بڕوا ، بایەخی هەر لەوەدایە نازانم من چیم وتوە ، تازە بێ ، هەمو کەسێ ئەوە دەزانێ ، کە بە یەکگرتن دەبین بە شت ، ئەگەر یەکنەگرین بەهیچ نابین ، قەرەجین یەکنەگرین دەبین بە پارێزگا ، ئەگەر یەکنەگرین ، ئەوسا بەئاسانی لەناو دەبرێین و لەلایەن داگیرکەرەوە قوت دەدرێین ، ئەو شوێنانەی کە ٤٠٪ ی کوردستانە بندەستی عەرەبەکانە و ئەوەی ترمان لەدەست دەچێت ، ئەگەر یەکگرتو نەبین ، ئەگەر یەکگرتو باین بەهێزێکی تر دەچوینە ناو دەستورەوە و دەستورمان دادەرشت ، بە هێزێکی تر دەچوینە ناو هەڵبژاردن ، خەڵك دەڵێن گەنج لە هەڵبژاردن خەم ساردە ، ئەوە ئیشارەتێکە دەبێ لێی بکۆڵرێتەوە ، بۆ گەنج خەم ساردە لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردن بۆ وڵات ، ئایا گەنج هەست دەکات ، کە دەنگەکەی گرنگی هەیە و ئەو دەنگە شتێك دەگۆڕێ ، ڕەنگە بە شتێکی بێهودە بیزانێ ، ئایا دەنگ بدا یان نەیدا ، کەسێ لە جیاتی دەنگ دەدات ، کەسێ لە جیاتی پڕی دەکاتەوە ، بەڕاستی ئەو پڕوپاگەندە زۆر نیگەرانی کردم ، زۆر توند بون ، پڕ تەوژم



بون ، بەڕاستی ترساندمی ، ئەگەر کورد دەرنەچێ ، ئەوە هەمو مافەکانمان دەڕوا ، ئەی هاوار ئەوە چ مافێکە بە دەنگ نەدان دەڕوا ، ئەوە چ فیدراڵیەکە وەرگیراوە ، گەر دەنگ نەدەین یان کەمینە بین لە پەرلەمان ئەوە دەرات ئەگەر کوبا لە کەنەدا دەنگ نەدات ، فیدرالی کوبا لەدەست دەدات یان خەڵکێکی زۆر نەچێتە پەرلەمان لەدەست بچێت ، مافێك پەیوەست بێت بەوەوە ئەمڕۆ یان سبەی ئەوا دەڕوات ، من پێم وایە بەینی سونە و شیعە شتێکی زۆر کاتییە و دەڕوا ، عەرەب زۆرینەیە ڕۆژێك لە عێراق من عێراقی نیم ، من کوردستانیم ، ئەگەر کوردستان بەشێك بێت لە عێراق ، بەشێکی فیدراڵی وەك کوبا لە کەنەدا وەك تەتەرستان لە ڕوسیا ، ئەمە پەیوەندی نییە بەوەوە کێ کەمینەیە یان زۆرینەیە ، ئێمە ئەگەر بە گوێرەی دەستور گرێبەستێك لە نێوانماندا هەبێ وەکو کورد و عەرەب وەکو کوردستان و عێراق ، ئەمە جێی مەترسی نەبووە کە مەترسی هەیە ، کەواتە ئێمە دانوستەکەمان لەسەر ئەساسی حزبی بووە لە نێوان چەند حزبێك . حزبی عێراقی لەگەڵ حکومەت ڕێککەوتون ، دەسەلاّت بەشدەکەن ، ئەم ناوچەیە بۆ تۆیە ، ئەوە بۆ ئەو ، بەلاّم ئەگەر وەك دو خاك دو نەتەوە دو کلتور دو زمان گرێبەست هەبێ لە نێوانماندا ، ئەوە کەس نەدەترسا ، خوای دەکرد کەس نەدەچو دەنگبدات ، لە کەنەدا خوای دەکرد کەس دەنگی نەدەدا ، لە بەلجیکا با کەس دەنگ نەدا ، لە سویسرا کەسێکی ئیتالی دەترسێ کانتۆنەکەی لە دەست بدات ، ئەگەر



دەنگ نەدا ئەو پڕوپاگەندەیە زۆر دەترسێنێ ، کەواتە ئەو شتەی وەرگیراوە زۆر لەرزۆکە بە چون و نەچون لەدەست دەڕوات.

**پ/ ئەم وشانە لای تۆ چی دەگەیەنێت ؟**

نازناوی پەشێو/ تەنها هەر زەلامێکی بەسەروڕیش.

ئاشتی/ پلەیەکی شارستانییە لەوانەیە ئێمە بیگەینێ.

نەتەوە/ لە چوارچێوەی نەتەوەیەکدا زمانێك کۆمەڵێك بەرژەوەندی کۆمەڵێك خەڵکێك کە جوگرافیایەك کۆیان دەکاتەوە ، هەست بە مەترسی دەکەن ، هەست بە شادی دەکەن بەیەکەوە ، بەلاّم بەرژەوەندی ئابوری زۆر گرنگە بەیەکەوە ، ئەگەر کەلار لەگەڵ زاخۆ پەیوەندی ئابوری نەبێ ، رۆژانە هاتوچۆ نابێ و تەلەفۆن نەبێ و هاتوچۆی تەیارە و سەیارە و شتی تر نەبێ ، بەلاّم بەرژەوەندی ئابوری زاخۆ لەگەڵ بازاری عەرەبی موسڵ بێ ، بەلاّم بەرژەوەندی کەلار لەگەڵ سنورەکانی ئێران بێ ، پیێم وایە کەلار و زاخۆ هەست ناکەن یەك نەتەوەن ، چونکە ئەبێ خەڵکی کەلار هەست بکات لەگەڵ خەڵکی بامەڕنی یەك چارەنوسی هەیە ، ئەمە زۆر گرنگە یەك لەو شتانەی هەستی نەتەوە بەهێز دەکات ، مەسەلەی ئابورییە بازرگانییە پەیوەندی رۆشنبیری رۆژانەیە ، هاوچارەنوسی سەربەستی لەیەك شتدا ببیننەوە ، هەموان هەست بەیەك چارەنوس بکەن .

ئەنفال/ زۆر زەحمەتە باس لە ئەنفال بکەین ، چونکە ئەگەر هەر میللەتێك چارەکە ئەنفالێکی هەبوایە ، بەس بو بۆئەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبێ .

گەرمیان/ گەرم و گوڕە وەك ئەو كۆڕەی ئەمڕۆ.

دەسەڵات/ ئەمە ڕای یەكێكە شیعر دەنوسێت ، بۆ ئێوە نییە (رقم لە دەسەڵات ئەبێتەوە قەت دۆستی دەسەڵات نیم).

دیموكراسی/ ئەمە پلەیەكی شارستانییە ، ڕەنگە پاش پەنجا ساڵی تر ، ئێمە پێی بگەین ، یەكەم هەڵبژاردن لە كوردستان بكرێ ، یەكەم پەرلەمان هەبێ ، یەكەم حكومەت دابنرێ ، كەس تا ئێستا بە ڕەسمی گوێی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەكانی ساڵی ( ١٩٩٢) نەبوە ، بەشێوەی ڕەسمی لەگەڵ حاكم و نوێنەری حزبەكان و دامودەزگا نێو دەوڵەتیەكان ئەنجامی ڕەسمیان ڕانەگەیاندوە ، كەس نازانێ چۆن كرا و ڕێككەوتن ، ئەم هەڵبژاردنانەی ئێستاش هەروایە ، هەزار و یەك حیكایەتی ئەو هەڵبژاردنانە هەیە ، هەرچەندە بە داخەوە هەڵبژاردن هەمو دیموكراسی نییە (١٪)ی دیموكراسییە ، جارێ خودی دەست بەسەرداگرتنی حزب بەسەر تەڕ و وشكی وڵاتدا ، ئەمە لەباربردنی دەوڵەتە ، ئێمە دەوڵەتمان نییە بە مانای سەدەكانی ناوەڕاست ، موئەسساتمان نییە ، واتە چەند ساڵ بەر لە ئێستا سیستەمی بانك دانراوە ؟ لە كەلار سیستەمی بانك هەیە ؟ بۆ ئەوەی تۆ بچی لە ڕێگای بانكەوە بازرگانی بكەی شتی وا هەیە ؟ تۆ دەتوانی شتێك بخەیتە پۆستەوە دو سبەی لە زاخۆ یەكێك وەری بگرێت ؟ ئەمانە بەشێكن لە دەوڵەت ، بەو مانایە تێی دەگەم من دوبارەی دەكەمەوە ، ئێمە بەمانای سەدەكانی ناوەڕاست دەوڵەتمان نییە یان موئەسسات گوێی لەوە نییە ئەم حزب بێ و ئەو حزب ، با



حزب سەرە مانگان بچێ سواڵ بكات لە بەردەم چەند دەوڵەت و چەند فلسێك وەربگرێ ، پێی بژی ، ڕۆژنامەی پێدەربكا ، بۆ خۆی نەمبینیوە حزبێ لە هەمو دنیا دەست بەسەر هەمو شتێكدا بگرێ ، تەلەفزیۆنی ئەم حزب و ئەو حزب ئەو هەمو تەلەفزیۆنە هی حزبە كۆمپانیایەك نییە.

لە كۆتاییدا زۆر سوپاستان دەكەم بۆ ئەم چاوپێكەوتنە



**نامەیەك لەمحەمەدی مەلا عەبدولكەریمی مودەرریسەوە**

**بۆ (گۆڤاری گیرفان)**

# لەپێناو گەشەكردنی (گۆڤاری گیرفان)دا



**برا و برازا ئازیز و خۆشەویستەكانم ، دەستەی بنوسانی گۆڤاری نەونەمامی گیرفان!**

هەمو كاتێكتان باش و خۆش و بەپێز و پیت بێ.

برادەرێكی ئازیز و دڵسۆزی كەلار نشینم ، ژمارەی (٠)ی گۆڤارەكەتانی بۆ هێنام . زۆری پێ شادبوم . **ئەمە یەكەمجارە گۆڤارێكی وا خنجیلانە بەیەكێ لەو سێ زمانەی ئەیانزانم كەكوردی و عەرەبی و فارسین ، بەم قەوارەیە ئەبینم**. گۆڤارێكی وا لام وایە ڕۆڵێكی باش لەبەفیڕۆنەچونی كاتی بێكاری مرۆیی كورد ، بەتایبەتی لاوانی كورددا یاری ئەكا. هەڵگرتنی گۆڤارێكی لەقەوارەی گەورە یا مامناوەندیدا كارێكی ئاسان نییە و ئەبێ مرۆڤ لەماڵیدا دانێ و هەر لە ماڵیشدا بە كاوەخۆ بیخوێنێتەوە. بۆیە گۆڤارێكی وا وردیكلانە ، كە ئەمرۆ بتوانێ لەگیرفان یا بەرباخەڵی چاكەت یا كەواوسەڵتە یا جۆغەورانكیدا دانێ و هەر كاتێ دەستی پەرژا لەسەر كورسی چایخانەیەك یا لەناو پاسی هاتوچۆ یا ئۆتۆمبێلی سەفەردا دەریبهێنێ و چەردەیەكی لێ بخوێنێتەوە ، كارێكی سودمەندە و ئەوەی بێ ئەگێڕێتەوە ، كە ئەو كاتەی لەو شوێنانەدا بەسەری ئەبا ، هەروا بەفیڕۆ لەدەستی ناچێ. ئەم ئەركەی بەگۆڤارێكی وا جێبەجێ ئەكرێ لەو جۆرە كاتانەدا ، بەكتێب و گۆڤاری قەبارە گەورە ناكرێ ، چونكە كتێب تێكرا یەكێتیی بابەتی هەیە و ئەو جۆرە كاتانەیش كورتن و ئەبێ تەنها بابەتی كورتی وەك بابەتی

گۆڤاریان تێدا بخوێنرێتەوە . گۆڤاری گەورەیش ، هەڵگرتنی لە هەمو کاتێکدا ئاسان نییە.

بۆیە دەستخۆشیتان لێ ئەکەم و پیرۆزبایی و هیوای سەرکەوتنم لە پرۆژەکەتاندا بۆ هەیە **و ئومێدم وایە دەستەڵاتە کولتورییەکانی کوردستان دریغیتان لەگەڵ نەکەن و لە بودجەی یارمەتیدانی نوسین و رۆژنامە و گۆڤار دەرکردندا بڕێکی واتان بۆ تەرخان بکەن ، کە نەهێڵێ کارەکەتان تەگەرەی بێتە رێ و راوەستێ و پەکتان بکەوێ.**

ئەگەر رێگام بدەن ، برادەرینە ، پێم خۆشە چەند پێشنیا[1] (اقتراح)ێکتان پێشکەش بکەم:

١- با ئەو وتارانەی لەم گۆڤارە خنیجلانەدا بلاویان ئەکەنەوە ، بەسەنگ و ترازوی گۆڤارەکەتان زۆر درێژ نەبن . گۆڤارەکە بۆ خۆی بچوکە و وتاری درێژیش کاتی تایبەتی خۆی هەیە بۆ خوێندنەوە.

٢- زیاتر بایەخ بە نوسینی بنوسەکانی لای خۆتان بدەن ، تا بلاوکردنەوە و بابەتی وەرگێردراو و نوسینی بنوسی بیانی و لاوەکی . من نکۆڵیم لەوە نییە ، کە گەلێکی دواکەوتوی کەم رۆشنبیری وەك گەلی کورد بەهیچ کلۆجێك بێ ئیتحیاج نابێ لە وەرگێران ، بەڵام جێگای تر بۆ بلاوکردنەوەی بابەتی وەرگێڕاو ، وەك گۆڤارە کوردییە سەرەکییەکان زۆرە ، کەواتە با ئەم گۆڤارە کوردییەی کەلار و گەرمیان تەرخان بێ ، بۆ تەراتێن و



تێداکردنی بنوسی لای خۆتان و داهێنان و ئەفراندنی لاوە تازە پێگەیشتوەکانی گوێ سیروان لەسەر نوسین و خۆ پێگەیاندن.

٣- ئەگەر بابەتێك وەرگێڕاوتان بلاوکردەوە با وەرگێڕانەکە کوردانە بێ ، واتە بەو جۆرە بێ کە کورد خۆی ئەو شتە ئەڵێ ، ئەگەر بۆ خۆی وتبوبایە . لەوەرگێڕانی زۆر کەسدا زەق شێوەی عەرەبی و فارسی بەدی ئەکرێ . وەرگێڕانی وا داهێنانی تێدا نییە ، دەمە لاسکێیە.

٤- با ئەو برایانەی بابەتی عەرەبی یا فارسی یا ئینگلیزی یا هەر زمانێ وەرئەگێڕنە سەر کوردی ، دڵنیا بن لەوە کە سەرەڕای کوردییەکەی خۆیان ، زمانە لێ وەرگێڕراوەکەیش بەباشی ئەزانن و پشت بەکۆڵکە زانینێکی ئەو زمانە نەبەستن ، نەوەك بابەتی هەڵە پێشکەشی خوێندەوارەکانیان بکەن و ئەگەر شتێکیان نەزانی با لەزانایەك بپرسن . کورد ئەڵێ: یا زانابە ، یا پەرسابە.

٥- بایەخێکی تایبەتی بەبلاوکردنەوەی چیرۆکی میللی کوردی و پەندی پێشینانی کوردی و شیعری میللی لای خۆتان بدەن . مەبەستم لەچیرۆکی میللی کوردی ئەو چیرۆکانەیە دایك و نەنکە پیرەکانمان شەوان بۆ مندالانیان ئەگێڕایەوە و بەدەم گێڕانەوەیانەوە خەویان لێ ئەخستن . هەر بەو زمانەیش بلاویان بکەنەوە ، کە ئەوان پێی ئەگێڕنەوە . بۆ ئەم مەبەستەش وا باشە ، ئەگەر بکرێ لەسەر رێکۆردەر تۆماری بکەن و پاشان وردە وردە لەڕوی ریکۆردەرەکە بینوسنەوە و ئینجا بلاوی بکەنەوە.



٦- بایەخیش بەمێژوی رابوردوی گەرمیان بدەن ، ئەوەی کە خەڵك دەماودەم ئەیگێڕنەوە.

٧- تا پێتان ئەکرێ مەهێڵن هەڵەی زمانەوانی و هەڵەی چاپ بکەوێتە ناو نوسینەکانتانەوە. راستکردنەوەی هەڵە لەدوارۆژا ئاسان نییە.

٨- لە هەمو ژمارەیەك یەك دو دانە لەهەمو کتێبخانەکانی هەموانی کوردستاندا دانێن ، بۆ ئەوەی گۆڤارەکەتان هەمیشە بەپارێزراوی بمێنێتەوە.

ئیتر دیسانەوە ئاواتی سەرکەوتنی زۆرتر و زۆرترتان بۆ ئەخوازم.

**(١) پێشنیا: اقتراح. پێشنیارو پێشنیاز هەردوکیان هەڵەی زەقن . لەهەشتاکانی سەدەی رابوردووەوە تا ئێستا ، چەند لەبارەی ئەم وشەیە و هەندێ هەڵەی ترەوەم نوسیوە.**

**دڵسۆزتان / موحەممەدی مەلا کەریم**

**بەغدا - ٦/٢/٢٠٠٦**



## پرۆسەی بەهاوسەربوون لەرێپۆرتاژێکدا

**بەپێی پرسیاری "دەتەوێ پرۆسەی بەهاوسەربوون بەخۆشەویستیبێ یاخود بەرێکەوت؟" کۆمەڵێك گەنجی کورو کچمان بەسەر کردەوە بەم شێوەیەی خوارەوە راوبۆچوونی هەریەکەیان دەخەینە روو:**

**ئامادەکردنی / سۆما جەبار**



-شەنگە خان

زەواج دروستکردنی دنیایەکی نوێیە بۆ دوکەس ، ئەگەر زەواج لەسەر بنەمای خۆشەویستی بو ، چ خۆشەویستییەك؟ ئەو خۆشەویستییەی لەژێر سەیتەرەی عەقلا بێت ، بتوانرێت بە هەمو عەقڵیەتێك سود لەو خۆشەویستییە ببینێت ، نەك تەنها کات بەفیڕۆدان و خۆشەویستییەکی نەزۆکی کوێرانە بێت ، پێم وابێ ئەم خۆشەویستییە کە بە ناو خۆشەویستییە وەك باڵدار و ماسی وایە زەواج لەگەڵ یەکدا بکەن ، ئەم دوانە بە هیچ شێوەیەك تەبعیان لەگەڵ یەکدا ناگونجێ ، ئەگەر باڵدار بێتە ئاوەوە ئەخنکێ و ئەگەر ماسیش لە ئاو بێتە دەرەوە هەر ئەخنکێ ، بۆیە زەواج کردنی دوکەس خاوەنی خۆشەویستییەکی بێ سودبن و تەبیعاتیان دورە لەیەکەوە و زو لەیەك جیائەبنەوە ، ئەگەر جیانەبنەوە لە ڕوحەوە مردون و تەنها بەڕواڵەت زەواجیان زیندوە ، دەبێت هەردو ڕەگەز وا سود لەیەك وەربگرن ، وەك ئەوە وابێت بەپێی تەمەنی ئەو خۆشەویستییە زەواجی تەجروبیان هەبووە ، ئەنجا زەواجی بەردەوام ئەو دوکەسە لە بیروبۆچون و عەقڵیەتدا تێگەیشتنێکی وایان هەبێ ، بەهیچ شێوەیەك لەحزەیەك تورەبون لە نێوانیاندا دروست نەبێت ، هەندێجار زەواجی ڕێکەوتیش سەرکەوتوە بەڵام بەدەگمەن ، بە بڕوای من زەواجی سەرکەوتو بەخۆشەویستی یە نەك بەڕێکەوت.



**شیلان - ٢١ ساڵ - زانکۆی سلێمانی - قۆناغی زانستە مرۆڤایەتییەکان**

**★ بەڕای من زەواجی بەڕێکەوت**

تاکو ئێستا من وەك ڕای تایبەتی خۆم زەواجی بەڕێکەوتم پێ باشترە ، چونکە بەبۆچونی من تاکو ئێستا زەواجی خۆشەویستی (سەدا سەد) سەرکەوتو نەبووە ، وایە زۆری لەوانەی کە پەیوەندی لەنێوانیاندا دروستبووە ، لەوانەیە زەواجی تێدا پەیدا بوبێت ، بەڵام لەکۆی گشتی ئەو زەواجانە لەوانەیە لە ( ٥٦٪) کێشەی لێك جیابونەوەی لەدواوە هاتبێ وە من زۆربەی زۆری کێشەکانی زەواجی خۆشەویستی ئەگەڕێنمەوە بۆ دڵ پیسی ، زۆرجار لەلای کچان و هەندێك کاتیش لەلای کوڕان وە بەشێوەیەك تر واتە نەمانی سقە وە هەندێك کاتیش باوەڕ نەکردن بەوەی کە زۆری خۆش دەوێ ، ئیتر ئەمە لەهەر کام ڕەگەزدا بێت ، ئەوا بەڕای من بێگومان پەیدا دەبێت وە لەوانەیە ئەو پەیوەندییەی کە لێیان زەواج پەیدا دەبێت ، ئەوا بۆ کات بەسەربردن بێت بەتایبەتی لەلای کچانی ئەم سەردەمەدا ، بۆ نمونە کە من ئێستا خوێندکاری قۆناغی دوەمی زانستە مرۆڤایەتیەکانم ، زۆرم خۆشەویستی لەنێوان هەردو ڕەگەزەکەدا بینیوە ، بەڵام بەگوێرەی ئەو خۆشەویستییە ، سەرکەوتنی وای بەدەست نەهێناوە ، بۆیە بەڕای من زیاتر پەیوەندی خۆشەویسستی و لێکجیانەبونەوە لەلای ئەوانە پەیدا دەبێ ، کە



بە ڕێگەی ڕێکەوت زەواج دەکەن. بۆیە من بە ڕای تایبەتی خۆم ڕێگەی زەواجی بەڕێکەوتم زۆر زۆر پێ باشتر دەبێ وەك لە زەواجی خۆشەویستی و وە هیوادارم کە خۆم بە ڕێگەی ڕێکەوت زەواج بکەم ، چونکە بە سەرکەوتوی دادەنێم.

**هیوا - زانکۆی سلێمانی - قۆناغی چوارەم - ٢٣ ساڵ - کۆلێژی زمان / بەشی عەرەبی**

**★زەواجی خۆشەویستی**

زەواجی بەڕێکەوت کە بەبێ هیچ بنەمایەکی ئیجابی و کاریگەری سلبی زەواجی لێ پەیدا دەبێت ، کەواتە بەو مانایە کە ئەم زەواجە ڕێگەی سەرکەوتنی زۆر کەم و دەگمەنە ، واتە ڕێگەی نادیار و هەمیشە نادیارە ، ئەمەش بەو مانایە نییە کە زەواجی خۆشەویستی هەر هەموی سەرکەوتو بێ ، بەڵکو ئەویش بەهەمان شێوە تەنگ و چەڵەمەی زۆرە ،کە زیاتر لەدوای زەواج دەردەکەوێ ، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەم زەواجە ئەگەر باش نەبێ ، ئەوا بێگومان خراپ نییە لەچاو زەواجی بەڕێکەوت وە هۆکاری سەرنەکەوتنی ڕێگەی ڕێکەوت لە زۆر لایەنەوە پەیدا دەبێ ، لەوانە نەناسینی یەکتری لەوەو پێش واتە تێنەگەیشتن لە یەکتری لە ڕوی لایەنی کۆمەڵایەتییەوە وە تەنانەت لەڕوی لایەنی سیاسیەوە هەندێکجار ناکۆکی پەیدا دەبێت بەهۆی جیاوازی ڕاکانیانەوە ، بەڵام هەرچۆنێك بێت زەواجی خۆشەویستی لەو



لایەنانەوە بەدورە ، واتە ئەو زەواجە باشترە ، چونکە هەرچۆنێك بێت تێگەیشتن هەیە لە نێوانیاندا ، بۆیە ئەتوانین بڵێین ئەو کێشانەی کە لە زەواجی خۆشەویستی ئەکەوێتەوە کەمترە لەزەواجی بەڕێکەوت ، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە بڵێین مەبەستمان لە زەواجی خۆشەویستی خۆشەویستی ڕاستەقینە و دور لە هەمو گاڵتە و بێ سەربەرییەك ، دور بێ لە یاسای کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگامان وە ئەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری تری دڵ پیسی کە لە لایەن هەریەکەوە بێت وە من بە ڕای خۆم زەواجی بەڕێکەوت کێشەی زۆرتری لێدەکەوێتەوە ، واتە جیابوەنەوە ئەمەش مانای وانییە ، کە زەواجی خۆشەویستی لێکجیابونەوەی لەدواوە نابێت بە ڕای من لە کۆتاییدا هیوادارم هەمو گەنجان بە ڕێگەی خۆشەویستی و لێکگەیشتن زەواج بەئەنجام بگەیەنن.

**کەژان -٢١ ساڵ - پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی - قۆناغی یەکەم /کارگێری ژمێریاری**

**★ زەواجی بەرێکەوت**

چونکە زەواجی خۆشەویستی زۆرجار ئەبێتە هۆی نەمانی سیقە لەلای کورەکە ، بۆ نمونە ئەگەر دوکەس بەخۆشەویستی بەیەك بگەن ، ئەوا ئەو ڕۆژانەی کە لە کاتی خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبووە ، هەموی دەبێتە گومان لەلایەن کورەکە و

هەندێکجاریش لەلایەن کچەکەوە وە هەندێکجار چونە دەرەوەی کچەکە ، کە پرس بەمێردەکەی دەکات ، ئەو کورە رۆژانی تری خۆشەویستی بیردەکەوێتەوە ، کە کچەکە لەماڵەوە چۆن چۆنی ئیزنی وەرگرتوە و هاتوە بۆ لای خۆشەویستەکەی ، لەم کاتەدا لایەنی بەرامبەر دەکەوێتە ناو گومانێکی سەرتاسەر بێ شومارەوە ، وە من ئەم قسەیەم بە بەڵگەوە بینیوە ، ئەمە نەک تەنها لە لایەن کورانەوە پەیدا دەبێت ، بەڵکو زۆربەی زۆری کات ئەم گومان لە لایەن کچانیشەوە پەیدا دەبێت ، هەروەها ئەگەر زەواج کردن لە ڕێگەی خۆشەویستی و پەیوەندییەوە بوبێت ، ئەوا ئەو ئافرەتە هەرچەندە ژیانی تاڵ و لە دەردە سەریشدا بێت ، ئەوا دەبێ لە بردنەسەری ئەو ژیانە پڕ لە ڕەزالەتە ڕازی بێت ، ئەگەر ئەنجامەکەی بە کۆتایی هاتنی ژیانیشی بێت ، هەندێجار ئەوا هەر ناچار دەبێ کە بەڕێی کات ، بەڵام ئەگەر بە ڕێگەی ڕێکەوت بێت ، ئەوا هیچ مەجبور نابێ کە هەم جۆرە کێشەیەک قبوڵ بکات ، بۆیە من زیاتر زەواجی ڕێگەی ڕێکەوت زۆر زۆر باشتردەبێ لە ڕێگەی زەواج بەخۆشەویستی ئەگەر لێگەیشتن لە سەرەتاوە نەبێت لە نێوانیاندا ، بێگومان لەکۆتاییدا هەر پەیدا دەبێت.



**ئیدریس - ١٨ ساڵ - کاسب**

**★بە خۆشەویستی**

خۆشەویستی خۆی لە خۆیدا واتا و مانایەکی گەلێک فراوانی هەیە ، من وەکو گەنجێك کە تەمەنم ١٨ ساڵە و جارێ کاتی ئەوەم زۆر بەدەستەوە ماوە بچمە نێو ژیانی بە هاوسەربونەوە ، بەڵام هیوادارم هەر کاتی بەهاوسەربون هات ، ئەو کەسەی کە بەدڵمە واتە خۆم خۆشم دەوێ ، ئەو کەسە ببێتە بەشداری ژیانم وە هیوادارم هەمو بنچینەکانی ژیان بە جوانی لەیەك بگەین ، چونکە ژیانی هاوسەری وەکو ئەو جانتایە نییە ، کە من ئەی فرۆشم ئەگەر لە دوایدا دڵی لێی هەڵکەوت بیگۆرێ ، لەبەرئەوەیە کە من ئارەزومە ئەو کچەی کە بە دڵی خۆمە ببێتە بەشداری ژیانم وە پاشان ئەگەر پێشتر پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ ئەو کچەدا هەبێ ، بێگومان ئەو لە هەمو ژیانی من یان لە بەشێکی هەر تێدەگات ، ئیتر ئەم تێگەیشتنەش لە لایەنی کۆمەڵایەتی یان ئابوری یان لایەنی تایبەتی ژیانی خۆمبێ هەرتێدەگات ، چونکە ئەو خۆشەویستییەی کە هەیە لە دڵی من وە لە دڵی ئەویشدا ، بێگومان وەکو کۆشکێکی پۆڵا وایە ، کە بەرگەی هەمو برینەکانی ژیان دەگرێ و هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم ، کە هەرەس بهێنێ وە من ئەو کەسەی کە خۆم مەبەستمە دەتوانم بەتەواوەیی لەدوی ڕەوشت و ئاکارەوە لێی بکۆڵمەوە و دڵنیابم وە ئەگەر هەر غەڵەتێکی هەبوبێ لە پێش ئەوەی من بیناسم ، بێگومان لێی



دەبورم ، چونکە ئەمەیە واقعی ژیان و هەمومان توشی ئەو هەڵانە دەبین ، بۆیە من لەدوایدا دوبارە و سێبارە دەڵێم ئەو کەسەی کە من خۆشم دەوێ ، هیوادارم لەدوایدا بەبێ کێشە ژیانمان بەڕێ بکەین.

**لانە جبار - ٢٠ ساڵ - فەرمانبەر**

**★ بە خۆشەویستی**

بەڕای من ئەڵێم خۆزگە هەمو لاوێك بە ڕێگەیەکی پاك و باشی خۆشەویستی زەواجی بکردایە ، خۆشەویستی هەر ئەو مانا تەسك و بچوکەی نییە ، کە ئێمە لێی گەیشتوین ، خۆشەویستی وشەیەکی بچوکە ، بەڵام مانایەکی ئێجگار گەورە و فراوانی هەیە ، زەواجی بەرێکەوتم پێباش نییە ، لەبەر چەند هۆیەك : نەناسینی یەکتری و نەگونجاندنی ئارەزو ئەبنە مایەی ئەوەی کە لە سەری ڕێکەوتون لە ڕێگەی بە هاوسەر بونەکەیان ، ئەمەش زۆربەی جار ڕەزامەندی هەردولایەن واتە یان کچەکە یان کورەکەی تێد انابێت ، وا باوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کە دەڵێین خۆشەویستی ئەمڕۆ بووە بە بازاری مناڵان ، بەڵام ئەم قسەیە هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نییە ، لەوانەیە ببینن کە چەند کەسانێك هەن تەمەنیان بچوکە ، بەڵام بەهۆی ئەو خۆشەویستییە مەزنەی کە هەبووە لە نێوانیاندا توانیویانە بە هاوسەربونەکەیان بگەیەنە لوتکەی سەرکەوتن ، لەوانەیە



هەندێجار دو کەس کە یەکتریان خۆش دەوێ بەیەك ناگەن ، ئەمە کێشەیەك هەبێ ، بۆنمونە هەندێجار رازی نەبونی لەلایەن یەکێك لەخێزانەکانەوە ، ئیتر ئەمە خێزانی کورەکە بێت یان خێزانی کچەکە ، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی کێشەیەك لەبەردەم پرۆسەی بە هاوسەربونی ئەو دو رەگەزە ، کە لەوانەیە بە هەندێجار کێشەی قوڵی وای لێبکەوێتەوە چارەسەری گران بێ ، بۆنمونە سەفەرکردنی لاوانی کوڕ بۆ دەرەوەی وڵات یان پەنا بردنە کاری تری توند و تیژی وەکو خۆسوتاندن لەلای کچان ، بێگومان ئەمە لەبەر ئەوە دەبێ کە بەو کەسەی خۆی مەبەستییەتی بۆی نابێ ، من هیوادارم کە لاوان لەبەردەم هەمو کێشەیەکدا بوەستن ، بۆ ئەوەی بەو کەسەی کە خۆی مەبەستییەتی.

**ڕێوار- ٢٤ ساڵ - پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی - قۆناغی یەکەم / کارگێڕی ژمێریاری**

**★بە خۆشەویستی**

چونکە هەمو ئەو بنەمایانەی کە دەبێ لە خێزاندا هەبێ ، بێگومان لە زەواجی پڕ لە سۆزو خۆشەویستیدا دەردەکەوێ ، دەتوانن خێزانێك پێکبهێنن ، کە پڕ بێ لەبەختەوەری و ئاسودەیی ، لەوانەیە هەندێکجار کێشەی بچوك و لابەلا و هەندێکجار کێشەی گەورە دروست ببێ ، بەڵام بەهۆی ئەو سۆز و

خۆشەویستییەی کە هەیە لە نێوانیاندا چەند کێشەکان بچوك و گەورە بن چارەسەریان ئاسان دەبێ ، بەلاّم لەوانەیە ئەگەر لە هەندێ جۆری بەهاوسەربونی بەرێکەوتدا دروستنەبێ ، وەکو دوری بیرو ڕاکان لەیەکتری جیاوازی بۆچونەکانیان وە لەیەکتر تێنە گەیشتنیان ، ئەمە دەبێتە هۆی دروستبونی کێشە ئەگەر کێشەکان بچوکیش بێ ، لەبەر ئەم هۆیانە لەوانەیە هەندێکجار بگاتە ڕادەی لێکجیابونەوە و چەندەها کێشەی تر ، بەلاّم خۆ ئەمەش لە هەمو زەواجێکی بەرێکەوتدا ڕونادات ، من وەکو ڕای تایبەتی خۆم بە هاوسەربونی خۆشەویستیم پێ باشترە وە هەندێکجاریش بە هاوسەربونی بەرێکەوت خراپ نییە ، لەوانەیە هەندێك لایەنی تر بێتەهۆی دروستبونی کێشە بە هەر دو جۆرەکەیەوە ، ئیتر ئەمە بەهاوسەربونی خۆشەویستی بێ یان بەرێکەوت ، وەکو هەندێکجار خراپی باری کۆمەلاّیەتی و ئابوری و هەندێکجاریش کێشەی تاك ڕەگەز ، ئیتر لەلایەن کچەکەوە بێت یان لەلایەن کورەکەوە بێت ، من هیوادرام بەهاوسەربونی خۆم پێکبهێنم ، بۆئەوەی لە کەسی بەرامبەرم کە مەبەستمە تێبگەم وە هیواداریشم ئەوانەی کە بە ڕێگەی ڕێکەوت و خۆشەویستی زەواج دەکەن ، هیچ جۆرە کێشەیەکیان لە بەردەمیاندا پەیدا نەبێت.



**باوان -٢٠ساڵ - پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی قۆناغی یەکەم / کارگێڕی ژمێریاری**

**★ بە ڕێکەوت**

من جۆری بە هاوسەربونی بەرێکەوتم زۆر زۆر پێباشە و کێشەی کەمتری لێبەدی دەکەم ، چونکە لەوانەیە ئەو کەسەی کە من لە ژیانی خۆمدا هەڵی دەبژێرم ، ئەگەر بەرێگەی خۆشەویستی بێت ، من وەکو ڕای تایبەتی خۆم شکی لێدەکەم ، چونکە لەوانەیە کچەکە ئەمڕۆ پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ مندا بەستبێ ، لەوانەیە پێش من لەگەڵ تەرەفێکی تریشدا هەمان پەیوەندی هەبوبێ ، من خۆم هیوادارم ئەو کەسەی کە لە ژیانمدا هەڵی دەبژێرم بەرێگەی ڕێکەوت بێت ، چونکە هەرچۆنێك ئەم ڕێگەیەم بەلاوە باشتردەبێ و ئەگەر لەکاتێکدا کە من ژیان لەگەڵ ئەو کەسە بەرێدەکەم ، هەرکێشەیەکی هەبێ ئەوا خۆی و کەسوکاری خۆی بەرپرسیار دەبێ نەك من ، هەروەها منیش تاڕادەیەك بەرپرسیار دەبم ، بەلاّم بەو ڕادەیە نا ، کە بەرێگەی خۆشەویستی هاوسەرێتی پێکەوەببەستم لەگەڵیدا ، چونکە لەوانەیە نازونوزی زۆرم بەسەردا بکات و منیش لەبەرئەوەی کە دەبێ ئەو وەفایەی ئەو کچەم لەبەرچاو بێ ، کە ئەو منی خۆش ویستوە ، ئەوا ناچاردەبم هەموی قبوڵ بکەم ، ئەگەر جۆرێ بە هاوسەربونەکەش بەرێگەی ڕێکەوتبێ هەر نازونوز دەکات ، بەلاّم بەو ڕادەیە نا وە من لەوانەیە ئەو کەسەی



کە بەرێکەوت دەبێتە شەریکی ژیانم ، زۆرم خۆش بوێت و ئەویش هەروا بێت ، خۆ ئەگەر ئەمە قیسمەت و نسیب کردی بە ڕێگەی خۆشەویستی کەسێك هەڵبژێرم بۆ ژیانی تایبەتی خۆم ، ئەوا دەبێ پەنابەرمە بەر هەمو جۆرێك چاکی و باشە لەگەڵیدا هەتاوەکو توشی کێشە نەبم.

**سارا - ٢٢ ساڵ - پەیمانگای تەکنیکی ژمێریاری - قۆناغی دوەم / کارگێڕی کار**

**★ جۆری بەرێکەوت**

من خۆم کە ئێستا تەمەنم ٢٢ ساڵە و بە ڕێگەی ڕێکەوت چومەتە نێو ژیانی هاوسەری ، خۆم زۆر بە بەختەوەر دەزانم لەبەردەم دەرگاکانی ژیانمدا ، چونکە من ئەو کەسەی کە بە ڕێگەی ڕێکەوت یەکترمان بینیوە و ژیانی هاوسەریمان پێکهێناوە زۆر یەکتریمان خۆشدەوێ و ڕێزی یەکتری دەگرین وە بەهیچ جۆرێ هیچ جۆرە کێشەیەك نەهاتۆتە بەردەممان وە ئەو منی ئازاد کردوە لە ژیانی تایبەتی خۆمدا ، ئەمە لەبەرئەوەیە کە زۆر زۆری باوەڕ بە من هەیە و هیچ نیازێکی خراپ لە من بەدی ناکات ، ئەوەتا هەمو ڕۆژێ خۆی ئەمهێنێ بۆ دەوام و خۆشی دەمباتەوە ، لەوانەیە من یان ئەو هەندێ هەڵەی بچوك لەیەك بەدی بکەین ، بەلاّم دەتوانین لەڕێگەی تێگەیشتن و لەیەك تر گەیشتن خۆمان کێشەکان چارەسەربکەین بەبێ ئەوەی هیچ



لایەك ئیتر لەلای من بێ یان ئەو بەو کێشەیە نەزانن ، بەمجۆرە من ژیانی ئاسایی خۆم بەرێدەکەم و باوەڕیش ناکەم هیچ جارێك کێشە بکەوێتە نێوانمانەوە ، لەبەر ئەو هەمو سۆز و باوەڕ و خۆشەویستییەی کە هەیە لە دڵی مندا وە لە هەمان کاتیشدا لە دڵی ئەویشدا بێگومان هەیە و بەدی دەکەم ، من بەهاوسەربون بەرێگەی خۆشەویستیم بەلاوە خراپ نییە وە بەخراپی نازانم ، بەلاّم ڕێگەی بەرێکەوتم پێ باشترە ، بەو هیوایوشم ئەو لاوانەی کە بە ڕێگەی ڕێکەوت و بەرێگەی خۆشەویستیش زەواج دەکەن ، هیچ کاتێ کێشە بەدی نەکەن لەژیانیاندا.

**چۆپی - کارگێڕی ئابوری زانکۆی سلێمانی - قۆناغی یەکەم**

**★ جۆری بەرێکەوت**

زەواج کارێکی چاکە ، چونکە ئەگەر زەواج نەبێت ، ئەوا کۆمەڵگە بەرەڵایی و فەسادی تێدا بلاّودەبێتەوە و پڕ دەبێت لە بەرەڵایی وەك چۆن ئاژەڵ دەژی ، مرۆڤیش وای لێدێت ، بۆیە ئایینی ئیسلام زەواجی دانا بۆ مرۆڤ ، چونکە ئایینی ئیسلام ئایینی خۆشەویستی و دادپەروەری و یەکسانی و بەزەییە ، لەبەرئەوە زەواج کارێکی چاکە لە ئایینی ئیسلامدا ، ژن دەبێت ڕێز لە پیاو بگرێت و هەروەها پیاویش دەبێت ڕێز لە ژنەکەی بگرێت ، بەلاّم ئافرەت دەبێت کارێکی وا نەکات پیاوەکەی دڵی لێ پیس بکات ، هەندێك پیاو هەیە ئەگەر ژنەکەی جوان بێت دڵی

لێ پیس دەكات ، هەندێك هەیە ئەگەر ژنەكەی جوانیش نـەبـێت دڵـی لێ پـیـس دەكـات ، كـەواتـە دەتـوانـین بـڵـێـین دڵ پـیـسـی نەخۆشییەكی دەرونییە ، كە توشی پیاو یان ژن دەبێت زۆر كەس خـۆشـەویـسـتـی دەكـات ، خـۆشـەویـسـتـی جـۆری هـەیـە وەك خۆشەویستی دایك بۆ كورەكەی یان خۆشەویستی مرۆڤ بۆ نـیـشـتـمـانـەكـەی یـان خـۆشـەویـسـتـی كـوڕ بـۆ كـچ ، ئـەم جـۆرە خـۆشـەویـسـتـیـیـەی كـوڕ بـۆ كـچ كـارێـكـی مـەحـاڵـە ، زۆر كـەس خۆشەویستی دەكات كچەكە لـەوانـەیـە بـە ڕاسـتـی بـێـت ، بـەڵام كوڕەی فێڵباز هەڵی دەخەڵەتـێـنـێـت و یـاری بـەچـارەنـوسـی كچـە دەكات ، بۆیە زەواج كردن بەسودفە بێت نەك بەخۆشەویستی.






## ڕۆشنبیری سێكس بۆ هەرزەكار

### تێڕوانینە هەڵەكانی هەرزەكار لەبارەی سێكسەوە

**وەرگێڕانی/ سامان كەریم**

**سەرچاوە :** www.fosta.net

زۆربەی بەخێوكـەران خـاوەنـی بـەرنـامـەیـەكـی ڕون نـین لـە بارەی سـێـكـسـەوە ، بـۆئـەوەی زانـیـاری پـێـویـسـت بـە هـەرەكـاران بـبـەخـشـن . هـەر بـۆیـە كـێـشـەی سـێـكـس لای هـەرزەكـاران لـەم ژینگەیەدا ، بووەتـە جـۆرێـك لـە دڵـەڕاوكـێ و شـڵـەژان ، كـەوا لـە هـەرزەكـار دەكـات بـبـێـتـە دیـلـی تـێـڕوانـیـنـە هـەڵـەكـان لـەمـەڕ پاڵپێوەنەری سێكسی و ڕوە فزیۆلۆجییـەكـانـی كـە لای هـەرزەكـار دەردەكەوێت ، چ ئەگەر پەیوەندی بە جەستەیەوە بێت ، یـاخـود لە ئاراستەی بیرو هزریدا . لە خوارەوە لە هەندێ لەو تێڕوانینانە دەدوێین ، كە مایەی شپرزەیی هەرزەكارن لە بارەی سێكسەوە:

**نهێنێتی :**

نهێنێتی یـەكـەم تـێـڕوانـیـنـەكـانـە كـە هـەرزەكـار لـە بـارەی سێكسەوە دروستی دەكـات. سـێـكـس بـۆ خـۆی لـە كـردار و وتـن و ئاماژەدانیشدا حاڵەتێكی تەواوە لە نهێنی بون و شاراوەیی ، بۆیـە



زۆرجار گەورەكان كە باسێكی پەیوەندیدار بە سێـكـسـەوە دەكـەن ، داوا لە هەرزەكارەكان دەكەن ، كە دانیشتنەكە بەجێ بهێڵن یاخود دەنـگـیـان كـپ دەكـەنـەوە و بـە زمـانـی هـێـمـا و ئـامـاژە دەدوێـن. تەنانەت هەمو ڕۆشنبیرییەكی سێكسی بریتـیـیـە لـە ئـامـاژە نـەك قسەكردن ، بێگومان ئاماژەش بنەمایەكی سەرەكی نهـێـنـێـتـیـیـە. لێرەدا مەبەستمان نییە بـڵـێـین تـێـڕوانـیـنـێـكـی هـەڵـە بـكـەیـنـە ئەلتەرناتیڤی نهێنێتی ، بەو جۆرەی كە ئاشكرایی و ئابـڕوچـونـی تیا بێت. بەڵام پێویستە لە سەرمان ئەو نهێنـی بـونـە نـەخـەیـنـە ئاستێكەوە ، كە هەرزەكار هەڵپەی زانیارییە بنچـیـنـەیـەكـانـیـشـی بكات. پێویستە شێوازێكی خۆڕسكانە بگیرێتە بـەر بـەرامـبـەر بـە سێكس كە شەرمی هەرزەكار بپارێزرێت.

**نەنگی (خەوش) :**

لە ئەندێشەی هەرزەكـاردا نـەنـگـی واتـایـەكـی چـەسـپـاوە بـە سێكسەوە. قسەكردنـی لـەگـەڵ گـەورەكـانـدا و دەربـارەی سـێـكـس قەدەغە كراوە ، نابێ بە شێوەیەكی ئاشكراش بـیـری لـێـبـكـاتـەوە ، تەنـانـەت ئـەگـەر ئـەو بـیـركـردنـەوەش لـە چـوارچـێـوەی كـۆمـەڵـە پرسیارێكی سـادەدا بـن ، كـە داوای وەڵام بـكـەن . هـەر بـەڕاسـتـی سێكس نـەنـگـیـیـە ، ئـەگـەر نـا ئـەو پـراكـتـیـزەكـردنـی لـەلایـەن گەورەكانەوە لە ژورێكی داخراو و دور لە چاوی خەڵك نـەدەبـو. . هەر ئەو تێڕوانینەش وا لە هەرزەكار دەكات ، كـە هـەڵـسـوكـەوتـی

لەگەڵ سێکسدا بەشێوەیەك بێت ، لە دیدی خۆیدا وای دابنێت ، کە لادانێکە لە یاسا کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکان یاخود حاڵەتێکە لە خراپەکاری و هەر کەسێکی پەروەردەکراو نابێ خۆی لێبدات. زۆرجار هەرزەکار ئەو بڕیارەشی بەسەر پەیوەندی خێزانداریدا دەسەپێنێت ، چونکە کەسێك پێشتر پێی نەوتووە ، کە سێکس خۆش ڕابواردنێکی سروشتییە ، کە خواوەند بۆ مرۆڤی حەڵاڵ کردوە و لە چوارچێوەی مەرج و یاسا و ڕێسادا پراکتیزە دەکرێت.

**تاوان :**

سێکس کردارێکی تاوانبارەیە.. ئەم تێڕوانینەش کاتێك لای هەرزەکار تۆختر دەبێتەوە ، کە مانای نەنگی (العیب)ی ڕەوشتی هاو واتای سێکس لە دیدیدا گەشە بکات ، ئەمە لەگەڵ حاڵەتی قێزلێبونەوەدا ، ئەم کارە بەو بۆچونەی کە لادانێکی ئابڕوبەرانەیە لە داب و نەریتەکان. ئەمەش یارمەتیدەری ئەوە دەبێت ، کە هەرزەکار گیرۆدەی گرێیەکی دەرونی بکات لە بەرامبەر ئەنجامدانی کاری سێکسیدا . لەبەر ئەوە هەرزەکار بڕوای وایە ، کە ساتێك لە ساتەکان سێکس بریتییە لە کارێك کە هەڵگری تاوانە بۆ خاوەنەکەی بۆ هەر ڕواڵەتێك لە ڕواڵەتەکانیش تێڕوانینێکی پڕ لە ڕەتکردنەوەی دەبێت.. ئەو تێڕوانینەش لە گەڵیدا بەردەوام دەبێت ، هەتا دەبێتە لەمپەرێك لە بەردەمیدا لە کاتی ئەنجامدانی کاری سێکسیدا.



**ڕاوکردن :**

یەکێك لەو تێڕوانینە هەڵانەی هەرزەکار لە بارەی سێکسەوە بریتییە لەوەی کە سێکس جیهانێکە دەبێ بە تێخزان تێیخزێن ، دەرگایەکی ڕێ پێدراوی نییە لێیەوە بچینە ژورێ ، هەلی ئەنجامدانیشی بەختێکە و بۆمان هەڵدەکەوێت.. گەیشتن بە چێژی سێکسیش وەك ئەوە وایە ، کە چۆن بتوانین ڕاوێکی گەورە بکەین . ئەم تێڕوانینانەش لە هەمو ڕواڵەتەکانی سێکسدا کۆنترۆڵی ئەندێشە و ئاوەزی هەرزەکار دەکەن ، بۆیە هەوڵی ئەوە دەدات کە هەلێك بقۆزێتەوە بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزوەکانی لەڕێگای توانج دان لە کچێك لەناو شەقامێکدا یان تەماشاکردنی دیمەنی فلیمێکی پڕ لە ماچی گەرم یاخود فلیمێکی ڕوت یان تەنانەت وەدەستکەوتنی وێنەی ڕوت و وروژێنەر.

**گوزارشتکردن لە پیاوەتی :**

دوای ماوەیەك لە ماوەکان لە ئەندێشەی هەرزەکاردا سێکس پەیوەست دەبێت بە چەمکی (پیاوەتی)یەوە ، هاوڕێ و هاوەڵی بەدکاریش تێڕوانینی وا دروست دەکەن ، کە ئەوان گەورە بون و بون بە پیاو ، چونکە توانیویانە کچێك ماچ بکەن یان لەگەڵ ئافرەتێکدا سێکسیان کردوە و دەزانن چۆن کرداری سێکسی ئەنجام دەدەن . بەو جۆرەش لەگەڵ هەرزەکارەکانی تردا بە شێوەیەکی نزمتر لە خۆیان دەدوێن ، چونکە وەك ئەوان (پیاو)



نین و سێکسیان نەکردوە ، بەم شێوەیە (پیاوەتی) لە ئەندێشەی هەرزەکاری کوڕدا بەند دەبێت بە چەمك و واتای پراکتیزەی سێکس ، هەرزەکار وا دەڕوانێت ، کە بۆ ئەوەی گەورە بێت و ببێتە (پیاو) ، خاوەنی قورسایی و ناو بێت لە ناو دانیشتنی پیاواندا ، پێویستە لەسەری سێکس بکات. بەو جۆرەش ئەو (پیاوەتی)یەی کە پەیوەستە بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و ڕاستگۆیی و خۆڕاگرتن لە بەردەم نارەحەتیەکاندا دەبێتە پلەیەکی خوارتر لە بەرامبەر ئەم تێڕوانینە هەڵە سێکسیەدا.

وەك کۆتاییش پێویستە بگوترێ کە خێزان و شەقام و ژینگەی دەوروبەر ڕۆڵی کارا دەبینن لە گەشەدان بەم تێڕوانینە هەڵە سێکسییانەدا. ژینگەی توندڕەو و زیادەڕەو لە وێناکردندا ئەم تێڕوانینانە لە ئەندێشەی نەوەکانیدا وە بەرهەم دێنێت.



# ئایا سێکس چەکێکە بەدەستی ئافرەتەوە؟

**وەرگێڕانی : هێمن**

قسە کۆنەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ، کە پەیوەندییەکان تا نەگەنە ڕادەی مومارەسەکردنی سێکسی ئافرەت زاڵترە لەو پەیوەندیانە بەتەنها مومارەسەکردنی سێکسی نێوان پیاو وئافرەت ئەم زاڵ بونە لەدەستی ئافرەتەوە ئەچێتە دەستی پیاو ، ئەم زانیارییانە بە تەواوەتی پشتڕاست نەکراونەتەوە ، بەڵام باس لەوە دەکات ، کە ئافرەت دەتوانێت ئەم ڕێگەیە بگرێتەبەر بۆ زاڵبوونەسەر هاوبەشەکەی. ئەپرسین ئایا دەکرێت وەکو ئامرازێك بۆخستنە نێوی خۆشەویستی بەرامبەرەوە بەکاربهێنرێت..؟ ڕەنگە ئەم قسەیە دور بێت یان هەر نەبێت ، ئەم چەکە ناتوانرێت وا لە پیاو بکات بکەوێتە نێو خۆشەویستییەوە ، بە وتەیەکی تر خۆشەویستی ئەگەر بەم ڕێگەیە دروستبو ، ئەوا لەسەر بنەمایەکی تەواو بونیادنانرێت و دواتر ئەوە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە نییە. پرساریش لێرەدا ئەمەیە ئایا ئافرەت بەڕاست ئەیەوێ هەر پیاوێ ڕابکێشێ تا بکەوێتە نێو خۆشەویستیەوەی.

کەوتنە نێو خۆشەویستییەوە زۆرجار باشترە لەلایەن هەردولاوە بێت ، ئەگەر پەیوەندی سێکسی نێوان هەردولا لەباربێت و بەرەزامەندی هەردوکیان بێت باشترە و نابێت سێکس بۆ بەرامبەر خستنە نێو خۆشەویستییەوە مومارەسە بکرێت ،بۆ نمونە بۆ قەرەبوکردنەوەی هەڵەکان یان بۆشاییەکان لەپەیوەندییدا یان دواکەوتنی پەیوەندی سێکسی بۆ بەکارهێنانی وەکو ئامرازێك بۆ فشار خستنەسەر هاوسەر، مامەڵە لەگەڵ سێکس بکە وەکو هەر رەگەزێکی دی لە پەیوەندیتدا لەگەڵ مێردەکەت ، ئەگەر خۆشەویستی نەبو و قەدەربو ، ئەوا بێ پەنابردنە بەر هەر رێگەیەك فشار رودەدات.

لەلایەکی دیکەوە کرداری سێکس هەمو جارێك وەکو بەشێك لەلایەنی سۆزداری لەنێوان هەردو هاوسەر رودەدات ، بۆیە ئەگەر نێوانیان بەهۆی گرفتی خێزانییەوە باش نەبو ، ئەوا ئەم گرفتانە پێویستە چارەسەر بکرێن بەر لەدەرکەوتنی هەستی بەرەو سێکس. زۆرینەی پیاوان وا سەیری سێکس دەکەن ، کە ئامرازێکە بۆ گەیاندنی هەست و نەستەکانیان بە خێزانەکانیان ، کە ناتوانن بە ئامرازی دیکە گوزارشتی لێبکەن وە پێویستە ئافرەت لەخۆی بپرسێت ، ئایا پیاو کەی بەڕاستی سێکسی ئەوێ یان ئایا تەنها وەکو رێگەیەك بەکاریدەهێنێ ، کە تێیئەگەیەنێت ئەو لێهاتو و قبولکراوە . رەنگە کرداری سێکسیش بۆ پیاو تاقە رێگەیەك بێت ، کە وای لێبکات هەست بکات باڵادەستە . هەروەها لە



جیاوازییەکاندا سێکس بۆ پیاو بە رێگەیەك بۆ خۆرزگار کردن لە هەستە نالەبارەکانی دادەنرێت ، رونیشە چەندین شت هەن ، کە کار لە گۆڕان و جیاوازی لە ئارەزوی سێکسی نێوان پیاو و ئافرەت دەکات وە پێویستە گەڕان و چارەسەر بۆ ئەم مەسەلانە هەبێت وە بۆ هەمو پرسیارێکیش وەڵامێك هەیە ، کە بتوانێت گرفتەکە رون بکاتەوە ، بەم پێیە بەرەو چارەسەریی ببات . یەکێك لە فاکتەرەکانی چارەسەری ئەم گرفتە کارکردنی خێرایە وەکو کڕینی کتێبێك دەربارەی سێکس وە رەنگە ژن بە پیاوەکەی بڵێت ، کە بایەخ بە پەیوەندییەکی سێکسی باشتر لەنێوانیاندا دەدات و کتێبەکەش هەندێ چارەسەرمان پێدەدات ، دەکرێت هەردو هاوسەرەکە ئەو بەشەی بۆی گرنگە بیخوێنێتەوە ، ئەمە زۆر لە گەڕانەوە بۆ کێشەکان و زیادکرنی باشترە. هەرکاتێکیش ژنەکە زانی کاتی گونجاو هاتوە بۆ سازدانی گفتوگۆ لەگەڵ پیاوەکەی ، ئەکرێ پرسیاری سەبارەت بەهەستی لێبکات ، کاتێ قبوڵ ناکات مومارەسەی سێکسی لەگەڵ بکات و داواشی لێبکرێت ، هەروەها دەکرێت ژنەکە بۆ پیاوەکە رونی بکاتەوە ، کە توڕەبونی بەهۆی قبوڵنەکردنی خاڵێکە ئەبێتە هۆی دورکەوتنەوەیان لەیەکتر و رەنگە کرداری بەشداریکردن هەندێ کاتی بوێ . بەڵام بەرهەمەکانی باش ئەبێت و کاتێك وتوێژ دەست پێدەکات و شڵەژانی نێوانیان کەمدەبێتەوە ، ئەکرێت هەردوکیشیان هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر لە کتێبەکانەوە بدەن یان ئینتەرنێت



یان شتی دی وە بەیارمەتی کەمی ژنەکە پیاوەکە ئەتوانێت جمگ بێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەر ، چونکە بەتەواوەتی کامەران نابێت وەك چۆن ژنەکە هەستی پێدەکات.





# سێکس و ژیانی ژن و مێردایەتی

ن / دکتۆر هشام جی الانانی

و/ لەعەرەبیەوە : راگر

مرۆڤایەتی بایەخێکی زۆر نایاب و دیاری داوەتە سێکس و وەك ئەوەی تەنها هۆیە بۆ پاراستنی بونی رەگەزی مرۆڤایەتی و بەردەوامبونی لەژیاندا وە ئەم بایەخپێدانە بەردەوامبو بۆ هەندێ هۆی دی وەك میراتی و گوێزانەوە سامانەکان ، جگە لەوەی کە خودی کرداری سێکس دەیبەخشێت ، لە پشو هەستکردن بەدڵنیایی و تەندروستی.

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە دەربارەی مێژوی سێکس لەبەردەستماندایە ، کەوا کرداری سێکس بەشێوەیەکی بەربڵاو و ئاشکراکراوە وە پاشان بەتێپەڕبونی چەند قۆناغێك کە لەپەرستگاکاندا کرداری سێکس بەشێوەیەکی پیرۆز سازدەدرا وە پاشان زاراوەی سێکس بەرەو رێکخستن رۆشت ، بۆئەوەی لەچوارچێوەی شەرعدا جێبەجێ بکرێت لەرێگای ژن و مێردایەتییەوە ، کرداری سێکس لە دەرەوەی ژن و مێردایەتی بو بەکارێکی دژ بە یاساکانی کۆمەڵگا و تاوانێکە کە یاسا دی دەوەستێت ، بەڵام ئەم رێکخستنە توندوتیژە نەیتوانی رێگای

لەشکاندنی یاسا گەلە کۆمەڵایەتییەکان بگرێت ، کەڕوی دەدا لەو کۆمەڵگایانەی کە پەیڕەوی ئەو یاسایانە دەکەن ، ئەوەش بەهۆی ئەو هۆیانە کە ناتوانین بچنە ناو وردە کارییەکانیەوە ، پاشان کاتی ئەوە هات کە ڕێ بەکرداری سێکس بدرێت لە ماڵە لەشفرۆشەکان لە هەندێ کۆمەڵگادا ، ئەمەش بو بەکردارێکی ڕێکخراو تا رادەیەك ، لەشفرۆشەکان لەژێر چاودێری پزیشکی و شیکاری تەندروستی دابون بەشێوەیەکی بەردەوام وە لەسەردەمی ئیسلامدا ڕێگا درا بەپەیوەندییە سێکسیەکان لەدەرەوەی چوارچێوەی ژن و مێردایەتی لەژێر ناوی (زواج متعە) ، خواستنی رابواردن وە پاشان هەندێ رەوتی ئیسلامی ئەم جۆرەیان قەدەغەکرد ، بەڵام هەندێکیان تا ئێستاش کاری پێدەکەن ، بەڵام پێویستە دانبنرێ بەوەدا ، کەوا سێکس بەهەمو شێوەکانییەوە لەچوارچێوەی ژن و مێردایەتی و دەرەوەیدا تەنها دو ڕێگە نەبون لەکرداری سێکس واتە (ژن و مێردایەتی و شوێنەکانی لەشفرۆشی) ، چونکە پەیوەندی سێکسی زۆر شێوەی تر هەبون ، کە بەشاراوەی ئەنجامدەدران وە کەسیش نەیتوانیوە ڕێکیان بخات و چاودێریان بکات.

چاخی نوێ هات و لەگەڵ خۆیدا سەربەستییەکی والای هێنا ، بەڵکو ڕێدانی یاسایی و بەنرخ و ڕێکخراوی سێکسی هێنا ، سەربەستییە سێکسیەکان بڵاوبونەوە بە ئەوروپا و ئەمریکای باکور و روسیا لەوێوە بۆ هەندێ وڵاتی تر وە هەندێ لەمانە



بڵاوبونەوە بۆ هەمو وڵاتەکانی جیهان ، ئەمجا لادانە سێکسیەکان دەرکەوتن وە خەڵکی زۆر دەرکەوت ، کە بەبێ ترس و شەرم بەرگریان لێدەکردن ، ئەمانەش کۆمەڵێ لایەنگر و شوێنکەوتوی و ڕێکخەر و تیۆریان لەگەڵدا دەرکەوت ، کە بایەخی جیاواز دادەنێن بۆ دامەزراوەی ژن و مێردایەتی لەنێوان هەردو رەگەزدا وە ئەم بەربڵاوی سێکسیە نرخێکی گرانی هەبو ، ئەوەش بڵاوبونەوەی نەخۆشیە سێکسییەکان وەك (ئایدز) کەمبونەوەی بەرگری لەش کە دواتر و ترسناکترینیانە ، بۆیە هۆشیاری سێکسی و تەندروستی ڕوی کرد لەگەشەکردن سەر لەنوێ بەرەو ڕێکخستن و چاودێری و ڕێزنان لە هۆیەکانی چارەسەر و خۆپاراستن لەنەخۆشیەکان پرۆسەی ژن و مێدرایەتیە ، کە بە سەرچاوەیەکی بێ ترسی پیادەکراوی کرداری سێکسی دادەنرێت ، چونکە سێکس وەکو خواردنو خوارنەوە پێویستە بۆ مانەوە و تێرکردنی غەریزەکانی ، بەڵام بەشێوەیەکی ژیانە بەرێکخستنی بەشێوەیەك کە تا بەساغیو تەندروستی بمێنێتەوە.

**سێکس چۆن بێت لەژێر سێبەری ژن و مێردایەتی لەنێوان تێری و حەز لێبون :**

زۆر گرانە کە ژیانی ژن و مێردایەتی هێمن و جێگیر هەبێت بەبێ بونی توانای سێکسی پێویست لەنێوان ژن و مێردا ، کە بێتە هۆی ژیانێکی سێکسی تێر و بەچێژ.. برسێتی سێکسی



ئامادەنەبونی یەك لەژن و مێرد بۆ داواکاری ئەویتر بەشێوەیەکی بەردەوام دەبێتەهۆی هەڵشکانەوەی باری جەسەیی ئەوی تریان و بگرە هەردوکیان ، بێگومان درێژ دەبێتە باری دەرونی و هۆشی و توانای داهێنانی هەردوکیان وە کۆبونەوەی ئەم کارتێکردنانە ژن و مێردایەتیش لەرۆژك دەکات و لەوانەیە ببێتە هۆی تێکچونی ، پێویستە لەسەر ژن و مێرد گرنگی پاڵنەرە سێکسیەکان کەمبکەنەوە و کایەی گونجاو بقۆزنەوە بۆ بڵاوکردنەوەی کەشوهەوای خۆشەویستی و پێکهاتن و تێربونی سێکسی لەلای ئەوی تر ، دۆسیەی دادگاکان پڕە لەو کێشە و گرفتانەی کە بوەتەهۆی جیابونەوەکە لەسەر بناغەی کەس توانای سێکسی و گرفتی جۆراوجۆر کە لەنوێنی ژنو پیاو دەکەویتەوە گەورە بونەتەوە ، ئەوەتا گەشتۆتە ئەم باوردۆخانە کە جیابونەوەی لێکەوتۆتەوە.

هەمو شارستانیەت و ئایین جەختیان لەسەر یاسایی پاڵنەری سێکسی و گرنگیەکانی و رۆڵیان لەسەر باری جەستەیی و دەرونی کردۆتەوە ، بەپاڵنەرێکی بەهێز و خۆش و راکێشەردادەنرێت ، کەچێژوخرۆشێکی بێ وێنە دەدات بەلاشەی ئەو کەسانەی کە تینون و بۆی کە هیچ چێژێکی وا نایگاتێ.

لەبارەی پێغەمبەر (د.خ) دەگێڕنەوە ، جارێك ئافرەتێك دێتە لای و پێی دەڵێ ئەی پێغەمبەر مێردەکەم بەرۆژ رۆژو دەگرێ و بە شەویش نوێژ دەکا ، ئەمەش رێی ئەوەی لێدەگرێ ، کە بەرۆژ



نزیکم بێتەوە و بەشەویش هەروەها. پێغەمبەریش دەنێرێتە شوێن پیاوەکەی و پێی دەڵێ (خوا مافی بەسەرتەوە هەیە و مێردەکەشت مافی بەسەرتەوە هەیە)، ئەمەش بانگهێشتی رەوانە بۆ بایەخدان بەسێکسو تێرکردنی لەلایەن ژنانەوە.

بۆئەوەی سێکس لەژێر سێبەری ژیانی ژن و مێردایەتی تێرو ویستراو بێت ، پێویستە رۆشنبیری سێکسی هەبێت لەلای ئەو دوانە ، بۆئەوەی سودمەند بن لەتێگەیشتنی سێکسی وەك پاڵنەرێکی خۆرسکی پێویست وە زانیاری تەواویان هەبێت لەو کردارانەی کە دەبنەهۆی هەڵچونی سێکسی و چۆنێتی کارپێکردنی بۆ سەرکەوتنی کرداری سێکسی وە جگە لەوە هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی بارەکانی جوتبونی جەسەدی وە بارەکانی جوتبونی جیاواز بەشێوەیەك ، کە بتوانرێ شێوازی نوێ پەیرەوبکرێ لەهۆیەکانی چێژ وەرگرتن لە سێکسدا ، بۆ ئەوەی خۆشەویست و سێکس و هەرەوەزی لە نوێنی ژنو مێرد ناونیشانێك بێت بۆ وەرگرتنی ئەو چێژە لەکردارێکی رۆتینی کە بەئەرکێکی پێویست دانراوە بۆ چێژێکی نوێ ، کە ئاسۆکانی تەواو نابن لەلایەن ژنو مێردەوە. وە زۆر گرانە بەم دەستو بردە باس لەهەمو ئەو شتانە بکەین ، بەڵام زۆر پێویستە کە هێمایەکی خێرا بۆ هەندێك لەو کردەوانە بکەین ، کە دەبنە هۆی هەڵچونی سێکسی.

رەپبونی ئامرازی پیاو لەکرداری سێکسدا رۆڵێکی سەرەکی

دەبینێ وە بەبێ رەپبون ژیانی ژن و مێرد هەمو جوانی و خۆشییەکی لەدەستدەدات ، هەروەها مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ پێداچونی بۆ ناو ئامرازی ئافرەت وە زۆر پێویستە بۆ هەڵچونی ئافرەت و گەیشتنی بەلوتکەی چێژ وەرگرتن وە گرنگترین مەرج لەمەرجەکانی رەپبون بونی کارتێکردنی سێکسی و حەزی سێکسییە ، بەڵام رەپ خۆی بۆ خۆی کردارێکی گرێیاویە ، پێویستی بە بەشداریکردنی مێشك و دەمارەکان و خوێنبەرەکان و رژێنە گونجاوەکان هەیە ، بێگومان زانینی هۆیەکانی رەپبون وە ئامێرەکانی پێکهاتەی و کرداره بێهێزەکانی و ڕوخانی دەتوانێ ببێتە هۆیەکی کارا لەکرداری سێکسدا نەك پێی هەڵبچێ چاوەڕێی ڕودانی بکات بەیەك لایەنی و بێ بایەخی.

دەتوانین باسی ئامرازی رەپبون لە پیاودا باسکردنێکی کلاسیکی بکەین ، واتا لە ئامێرێکی کارەبایی میکانیکی چی ڕودەدات ، گەر بمانەوێ لێکیان بچوێنین ، ئامرازی رەپبون لەپیاو وەك زەنگی کارەبایی وایە ، گونەکان وەکو پاتری دەبن و وزە دەبەخشن ، ئامرازەکەی و گون بە ڕژێنەکان وزەی تەواو دەبەخشێ بە لەشی پیاو وەك تەزوی کارەبا لەکاتی کرداری سێکسدا ( بەتایبەت رژێنی تستوستیرون) کە دەرژێتە ناو خوێن ، ئەویش بەناو هەمو لەشدا بڵاوی دەکاتەوە ، لەوانەش مێشك و لەوێشەوە ئاماژە بەدەست پێکردنی کرداری رەپبون دەدرێت وە نەك کارتێکەرە ئەبێ ، ئافرەتێکی جوان یان چەند خەیاڵێکی سێکسی هاندەری بێ ، جا



ئەگەر کار تێکەرەکە هەبو ، ئەوا ئەو ئاگاداری مێشك دەکات ، کە زەنگی رەپبون لێبدات ، ئەمجا ئاماژە سێکسیەکە دەگوێزرێتەوە لە مێشکەوە وە ئەو خاڵە سەرچاوەی دەمارە زاوزێیەکانە کە فەرمان دەدەن بەئەندامی زاوزێی نێرینە و لەوەو دوا پاڵ دەنێ بە کرداری رەپبونەوە تا دەگاتە رەپی تەواو.

ئەوەش لەرێگای توانای ئەو دەمارانەوە دەبێ کە ئاستی خوێن زۆر زیادکەن لە تەنە ئەشکەوتیەکانی ئەندامی نێرینە تا هەمو خوێنبەرەکان و گیرفانە خوێنەکان پردەبن لەخوێن ، بەم شێوەیە ئەو ئەندامە لەباری نەرمی و نیشتوەوە دەگۆڕێ بۆ باری راپەری و رەقی ، بۆیە هەڵچونی سێکسی گونجاو دادەنرێت بە بزیکەی گڕگرتن بۆ ڕودانی رەپبون و پاشان دەست پێکردنی کرداری سێکسی.

هەندێ مادەی کیمیایی هەیە ، کە دەبێتە هۆی هەڵچونی توێکڵی مێشك و ئاسانکردنی کرداری رەپبون بۆ نمونە لەوانە (کهول) ئەوەش بە رێژەیەکی کەم ، بەڵام زۆر خواردنەوەی کردارێکی پێچەوانەی دەبێت لەسەر توێکڵی مێشك و دەبەنگی دەکات ، ئەمجا دەبێتە رێگری لەپێش رەپبون ، بەڵام خواردمەنی تونەکانو ئاڵەت کە دەبێتە هۆی خورینی و تونانەوەی ناو دەم وەك بیبەر و پیاز و فلفلی سور.. هتد کارتێکردنی یارمەتی دەریان هەیە لەکرداری رەپبون لەرێگای گەیشتنی ریشاڵە لیکاوەکان بۆ میزڵدان و ئەندامی زاوزێ وە زیادبونی رۆشتنی



خوێنی بەناو ئەو ئەندامانە و زیادبونی توانای رەپبون وە هەندێ خواردەمەنی تر هەیە ، کە بەهێزکەری چالاکی سێکسین ، ئەوەش لەرێگای چالاککردنی یەکسەری دەمارەکانی ئەندامەکانی زاوزێ و ڕودانی هەڵچون تییاندا ، کە دەبنەهۆی ئاسان بونی رەپبون ، بۆنمونە لەوانە (کەرەوس ، هیلون ، بقدونس ، زەنجەفیل ، هەنگوین ، زەعفەران ، یوهمبین ئەفریقی ، جنسنغ چینی )وە زۆر لەوانە.

دەستلێدان و یاریکردن بەئەندامەکانی زاوزێ وە هەڵچواندنیان بەیاری پێکردنو رەپبونی پێچەوانەی ڕودەدات لەرێگای کەوانە پێچەوانەیەکان دەست پێدەکات لەکۆتایی دەمارە هەستیارەکان کە لەپێستی ئەو ئەندامەدا هەن وە تێپەر دەبێت بەو دەمارانە کە لەچەقی رەپبونی ئەندامدا لەبنەوە وە لەوێوە بەناو دەمارە دەرچوەکان بۆ ئەندامەکە خۆییە ، بە شێوەیەك کە ئاستی خوێن پێکهاتنی زیاددەکات ، ئەمجا رەپ ڕودەدات وە ئەمشێوە بەکاردەهێنرێت بۆ خێرایی رەپبون لەو کەسانەی کە ماندو بون یان بەهۆی پیربون وە سەلمێندراوە کە پڕبونی میزەڵدان پەستان دەخاتە سەر دەمارەکانی زاوزێ کە بەلایدا تێپەڕ دەبێت و دەمارەکانی میزڵدان هەڵدەچن و پاشان دەبێتە هۆی رەپبونی ئەندامی نێرینە لەخۆیەوە وە زۆرجار ئەم شێوە رەپبونە ڕودەدات لەبەرەبەیاندا کاتێ کە خەو سوك دەبێ کۆئەندامی دەمار ئامادەی هەڵچونو ئاگادربونەوە دەبێت بەهەڵچوێنەرەکان



وە ئەو ژنو مێردە بەساڵاچوانە سودمەند دەبن لەم دیاردەیە وە ئەم کایە بەکاردەهێنن ، بۆ ئەوەی شتێك لەچێژی سێکسیان دەستکەوێت کە بوەتە شتێکی دەگمەن.

لەکۆتاییدا پێویستە ئاماژە بۆ بونی هەندێ هۆی تر بکەین ، کەوا سێکس دەکات لەژێر سێبەری ژیانی ژن و مێردایەتی رابوردن بکاتە هۆیەکی پتەوکەری ستونەکانی ژن و مێردایەتی لە خۆشەویستی و رێزگرتن و تێگەیشتنی یەکتر و پێویستیەکانی وە هەروەها لەهۆیەکانی ئابوریو کۆمەڵایەتیو دەرونی و هەمویان یەکدەگرن بۆ دابینکردنی ژیانێك کە پڕ بێت لەبەرهەم و سود و پڕ لەرابواردن و خۆشی.



# لەبارەی زەواجی (عیسمە)وە

**مامۆستایەکی زانکۆ شوو بە کرێکارێکی پاک کەرەوە دەکات . ٥٠ هەزار حاڵەتی شووکردنی بەشێوازی عیسمە لە میسرو چەند حاڵەتێکیش لەسعوودیە هەیە .**

**ئەرکان محەمەد رەشید**
Arkanmr2002 @ yahoo .com
**و/ لە عەرەبییەوە ( سایتی المختار)**

ژمارەی ئەو ژنانەی کە هاوسەرگیری عادەتی دەکەن لەمیسر گەیشتووەتە نزیکەی ٥٠ هەزار حاڵەت وئەم ژمارەیەش لەلایەن ناوندی ئاماری نیشتیمانی بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەلاّیەتی ئەنجام دراوە . وەبەشی زۆری ئەم هاوسەرگیریانە بەشێوەی هاوسەرگیری نهێنیبووە . لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری ئەو رێگە پێدراوانەی کەبەم کارە هەڵ دەسن رەتیان کردەوە کە هیچ لێدوانێك لەوەبارەیەوە بدەن بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا لەناو دەفتەری ئەو رێگەپێدراوانەدا چەندین حاڵەتی دەگمەن و نامۆ دەبینرێن کە جێگەی ئاماژە بۆ کردنن . لەوانە :

مامۆستایەکی ژنی زانکۆ دوای ئەوەی پیاوەکەی لەدەست دەدات و هیچ منداڵیشی لێ نەبووە سەرەنجام شوو بەکرێکارێکی پاک کەرەوە دەکات بۆ ئەوەی منداڵی لێ ببێت . وەلەگەڵ ئەوەشدا



داوای ئەوەبوو کەدەبێ کە تەلاّق بەدەستی ئەو بێ بۆئەوەی ئازادی یخۆی هەبێت لەرووی خوێندن و مادییەوە چونکە جیاوازی زۆر هەیە لەنێوانیاندا .

وەتەماحیش وای کرد پیاوێك کە سکرتێری ئافرەتێکی بازرگان ودەوڵەمەند بوو بخوازێت کەلەگەڵ ئەوەشدا ئەو پیاوەو ژنێکی تری هەبوو بەلاّم ژنەکەی پێی خۆش بوو کەپیاوەکەی ژنێکیبازرگان ودەوڵەمەند دەخوازێت چونکەبەووتەی ئەو پێی وابوو لەرێی ئەم خانمە دەوڵەمەندەوە ژیانی ئەوان و ماڵ و منداڵیان باشتر دەبێت .

وەهەروەها زۆرن ئەو باسانەی کەدەربارەی ئەم جۆرە شووکردنانە وەئەم نمونەش دوانموونە نابێت کەژنێکیدەوڵەمەند ژیان لەئەمریکا بەسەر دەبات و سەروەت وسامانێکی باشی کۆکردووەتەوە بە ژمێریارێك بەو مەرجەی کەتەلاّق بەدەستیخۆی بێت . بۆئەوەی مێردەکەی رێگەی سەیران وسەفەری لێنەگرێت کاتێك کەئەم حەزی لێبوو . بەلاّم دوای چوار مانگ تەلاّق لەنێوانیان روویدا و لەیەکتر جیابوونەوە .

لەلایەکی ترەوە پیاوێکی دەوڵەمەند کە کچێکی هەبوو بیری کردەوە کە کچەکەی بدات بەکەسێك ژیانێکی مام ناوەندی هەبێت بەلاّم بەوە مەرجەی تەلاّق بەدەست کچەکەیبێت ئەوەبوو ترسی باوکەکە راست دەرچوو کچەکەی داوای تەلاّقی لەمێردەکەی کردوو لەیەکتر جیابوونەوە .



**چەند حاڵەتێکی نهێنی :**

-لەگەڵ ئەوەی کە ئامێرە تایبەتییەکانیتایبەت بەهاوسەرگیری کەمن بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا چەندین حاڵەتی جۆراوجۆر لەنووسینگەکانی پارێزەران ورێگەپێدراواندا ئەنجام دەدرێت . وەبەشێکی زۆری ئەم هاوسەرگیریانە بە شێوەیەکی تەواو نهێنی ئەنجام دراوون بەهۆی ئەوەی خێزانی هەردوولا نەزانن تاچەند مانگێك لەبەر ئاشکرانەبوونی کارەکانیان.

وەلەدیارترین ئەو نمونانە : ئەو هاوسەرگیرییە یە کەلەشاری ( جدە ) ی سعودیە روویداوە کە ئافرەتێکی دەوڵەمەندی خاوەن چەند کۆمپانیایەك

دوای ئەوەی پیاوەکەی دەمرێت وتەنها یەك کوڕی دەبێت و کوڕەکەی ژنیشی دەبێت وئەمیش هیچ رێگەیەکی نامێنێت تەنها ئەوە نەبێت کە شوو بەلاوێکی بێکاری تەمەن ٢٥ ساڵ دەکات کەلەرێگەی یەکێك لەهاوڕێکانییەوە بۆی رێکخرابوو بەلاّم مەرجی نێوانیان ئەوەبوو کەدەبێت تەلاّق بەدەستی ژنە دەوڵەمەندەکە بێت وئەوەبوو رێککەوتن و چوون بۆیەکێك لەوولاّتە عەرەبییەکان . بەلاّم زۆری نەخایاند لەلایەن پیاوەکەوە خیانەت لەئافرەتەکە کراوو ئەویش بەوەی کەزیاد لە ٦٠٠ هەزار ریالی وون کردوو ئەمەش بووە هۆی جیابوونەوەی هەردووکیان ، بەلاّم کێشە بە جیابوونەوە کۆتایی نەهات وتا کار گەیشتە ئەوەی لایەنەپەیوەندیدارەکان پیاوەکەیان دەستگیرکردوو دواتر سزاوو



باجیان بەسەردا سەپاند. وەلەیەکێکی تر لەو حاڵەتە نامۆیانە ئەویش هاوسەرگیری ئافرەتێکی سعوودی بوو بەناوی (سهیر . د) کەمێردی بە بە پیاوێکی غەیرە سعوودی ( وافد ) کردوو داوای ئەوەی کرد کە تەلاّق بەدەستی ئەو بێت و ئەوەبوو دوای ٨ مانگ جیابوونەوە لەنێوانیاندا روویدا .

**( عیسمە ) بەدەستی ئافرەتانی ( وافد) ەوەبوو :**

وەئەم جۆرە هاوسەرگیرییە تەنها تایبەت نەبوو بەژنانی سعوودی بەڵکوو بەشێکی ئەو ژنانەی کە وولاّتانی تری گرتەوە کە سەردانی سعوودییەیان دەکرد و لەوێ هاوسەرگیریان رێك دەخست بەو مەرجەی تەلاّق بەدەستی ئەوان بێت (بەدەست ئافرەتە -وافد- ە کە) بێت کاتێك شووبە پیاوە سعوودیە کەدەکات بەرامبەر بەوەی کە ئافرەتەکەلایەنی مادی وهونەری و خوێندنی خۆی بەدەستبێت و نەکەوێتە دەست پیاوەکە .

( ا . عمارە ) کە بەرەگەز فەلەستینییە و تەمەنی ١٨ ساڵە رازیبوو بەوەی شوو بە پیاوێکی عەرەبی تەمەن ٥٥ ساڵ بکات کەلەسعودیە دەژی. وە پیاوەکە ژن ومنداڵی هەیە. کچەکەئەو مەرجەی دانا کەتەلاّق بەدەست ئەوبێت لەگەڵ پێشەکییەکدا کەبڕەکەی ٥٠ هەزار ریاڵ بوو بۆ پارێزگاری کردن کەئەگەر هاتوو وویستی جیاببێتەوە بگەڕێتەوە بۆوولاّتەکەی .

کەچی (ئیبتیهاج مەناف)ی بەرەگەز (سوری) تەمەن ٣٠ ساڵ

ئاماژەبەوە دەکات کەئەو شووی بەپزیشکێکی میسری بۆ ماوەی ٥ ساڵ کردوو دوو منداڵی لێ بوو بەڵام بێ هیچ هۆیەك لەیەکتر جیابوونەوە . سەرەنجام ئیبتیهاج دوای جیابوونەوە شووی‌بەلاوێکی تر کرد بەو مەرجەی کەتەڵاق بەدەستی‌ئەو بێت و دواتر ئاماژەی بەوەدا کەئەو ئێستا هەست بەئارامی‌دەکات لەم هاوسەرگیرییەی ئەم دواییەدا .

**راووبۆچوونی ڕێگەپێدراووان (الماذونین)**

(فەخری عبدالستار) ڕێگە پێدراووی شەرعی لەمیسر ئاشکرای کرد کە هاوسەرگیری لەم حاڵەتە هاوسەرگیری یەکی‌ئاساییە . لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مەرجەپێویستە کەئەو ئافرەتە لەو کاتەدا ئەوە دیاری بکات کەتەڵاق دان چۆن وبەچ شێوەیەك بەدەست ئەو بێت .وە بەو پێیە ئەو ئافرەتە دەتوانێت ئەو هاوسەرگیرییە تاوەکو سێ جار دووبارە بکاتەوە بەواتای دوای ئەوەی تەڵاقی وەرگرت جارێکی تر بگەرێتەوە و هەروەها سێ جارە .

بەڵام لەجاری سییەمدا ئیتر وازهێنان نامێنێت. واتە: دوای سێ یەمجار ئیتر ئەبێت بەهەموو شتێکی پیاوەکە رازی بێت واتە ( تەڵاق بەدەستی ژنەکە نامێنێت ) ئەگەر کێشە روویدا دوای سییەم جار ئەوکاتە پیاوەکە دەتوانێت جیابێتەوە یان ئەوەتە ئافرەتەکە هەموو شتێك قبووڵ بکات و تەنها ئەوەی پێ‌ی دەکرێت بەووشەیەك وەڵامی پیاوەکەی بداتەوە بڵێت من بەهەموو شتێك رازیم .



# کاکەی فەللاح لە ماستەر نامەیەکدا

**ئامادەکردنی : مەلا تەحسین گەرمیانی**


مامۆستا فەرهاد قادر

مامۆستا فەرهاد قادر کریم جگە لەوەی کەسێکی ئەدیب و رۆشنبیری ناوچەی گەرمیان‌و گەلەکەمانە لە ٢ / ٣ / ٢٠٠٦ لە زانکۆی سلێمانی پاش تاوتوێ کردن و لە گفتوگۆیەکی چڕ و پڕدا نامەی ماستەرەکەی بەسەرکەوتوویی بەدەست هێنا . ئەوەی جێگای ئاماژەیە نامەکە لەژێر ناوی "ڕێبازی شیعریی کاکەی فەللاح " دا هاتە ئەفراندن و لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە .

بەشی یەکەم بە ناونیشانی (بوارەکانی ژیانی کاکەی فەللاح) و تیایدا تیشك خراوەتە سەر (٣) بواری ژیانی شاعیر کە ئەوانیش ژیانی خێزانی و ژیانی سیاسی و ژیانی رۆشنبیری بوون ، بەو پێیەش ئەم بوارانە کەم و زۆر پەیوەست و گریدراوی تاقیکردنەوە شیعرییەکانی (کاکەی فەللاح) ن .

هەروەها بەشی دووەمی نامەکە "ڕێبازی بیریی شیعرەکانی کاکەی فەللاح "و باسی بیری دەقە شیعرییەکانی شاعیر کراوە و تیایدا ڕێبازی سیاسی شیعرەکانی دیاری کراوە و بۆ ئەو مەبەستەش قسە لەسەر تێکڕای ئەو دەقە شیعریانە کراوە کە بە درێژایی تەمەنەکەی نووسیونی بەو پێیەش (٥) قۆناغی مێژووی جیاکراوەتەوە کە ئەمانەن (سەرەتای ١٩٥٨)، (١٩٥٨–١٩٦١ ) ، ( ١٩٦١ - ١٩٧٠) ، (١٩٧٠ -١٩٧٥) ، ( ١٩٧٥ - ١٩٩٠ ) .



لەدوا بەشیشدا "ڕێبازی هونەریی شیعرەکانی کاکەی فەللاح " باس لە (٣) لایەنی هونەری شیعرەکانی شاعیر کراوە ، کە ئەوانیش (زمانی شیعری و وێنەی شیعری و ئاوازی شیعری)ن ئەم لایەنانەش بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان یان ناراستەوخۆ بەستراون بەبیری شیعرەکانیەوە. ماوەتەوە بڵێین نامەکە بەسەرپەرشتی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر دڵشاد علی محمد) هاتۆتە بەرهەمو لە رۆژی ٢ / ٣ / ٢٠٠٦ لەلایەن ئەم بەرێزانە گفتوگۆی لەسەرکرا .

١ - پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا رەسول / سەرۆکی لیژنە
٢ - پ -ی -د .ئیحسان عبد الکریم فوئاد/ ئەندام
٣ - پ -ی -د. محمد دلێر امین محمد/ ئەندام

لەدوای سێ کاتژمێر گفتوگۆکردن نامەکە وەکو خۆی و بەبێ دەستکاری وەرگیرا.

ئێمە بەناوی ستاف و هاوکارانی گۆڤاری گیرفانەوە زۆر بەگەرمی پیرۆزبایی لە م . فەرهاد قادر کریم دەکەین بەهیوایین زیاتر خزمەت بە بوارەکانی زانست و ئەدەبی گەلەکەمان بکات .



## لە گۆڤاری گیرفانەوە

**-داوا لەو نوسەرو رۆشنبیرانە دەکەین کەبابەتمان بۆ دەنێرن هەوڵبدەن بەتایپ کراوی لەسەر فلۆپی یاخود سی دی، یان بەخەتێکی جوان لەسەر یەك دیووی لاپەڕەکە بۆمان بنێرن**

**-جگە لەپەیڤی گۆڤار، نوسەر بەرپرسیارە لەناوەڕۆکی بابەتەکەی خۆی**


حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕاگەیاندن